# زمانی پەهلەوی
# لە تەرازووی بەراوردکاریدا

نووسینی: ڕێکار ئەحمەد

سوێد ٢٠٢١



**ناوی بەرهەم: زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا**
**بابەت : لێکۆڵینەوە**
**نووسینی : ڕێکار ئەحمەد**
**نرخ : ٣٠٠٠ دینار**
**تیراژ : ٥٠٠ دانە**
**چاپخانەی : کارۆ - سلێمانی**
**ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەکانی وڵاتی سوێد**
ISBN 978-91-985436-3-6
**ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،**
**ژمارە ( ٢١١١ )ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.**

## پێشکێشە:

- بەوانەی کە پەرۆشانە بەدوای میژووی شاراوەی زمانی کوردیدا دەگەڕێن.
- بەو نووسەرانەی کە پەیڤی ڕەسەنی کوردی سەرپشک دەکەن و خۆیان لە وشەی بیانی دەپارێزن.
- بەو ڕۆژنامەوانانەی کە وشەی پاراو گۆری هەواڵی نابەجێ ناکەن.

# پێڕست

پێشەکی ........................................لاپەڕە ٧
ئاری و سامی، ئەفسانە یان ڕاستی؟ ........................ لاپەڕە ١٧
بنەچەی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ساسانی.................. لاپەڕە ٢٣
زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا................. لاپەڕە ٣٣
ئەو زمانانەی کە درێژکراوەی زمانی میدی و پەهلەوین.....لاپەڕە ٣٩
هاوئاهەنگی نێوان پەهلەوی و کوردی ........................لاپەڕە ٦١
ڕێنووسی سازگار ............................................. لاپەڕە ٧٩
ڕەسەنایەتی پیتی 'ۆ'ی کۆتایی ................................ لاپەڕە ٨١
جێناوی ئاماژە (نیشانە) ................................ لاپەڕە ٨٥
ڕۆڵی پاشگری 'ک' لە چێ کردنی وشەدا ..................... لاپەڕە ٨٩
وشەی دێرین و نەگۆڕاو .................................... لاپەڕە ٩٣
شێوازی خوێندنەوەی دەقەکان .......................... لاپەڕە ٩٦
کێشەی هوزواریش چییە؟ ................................ لاپەڕە ١٠٠
بەزۆرەکی پەهلەوی بە فارسی میانە ناودەبەن ............ لاپەڕە ١٠٧
واتای پەهلەو و زمانی پەهلەوی ........................... لاپەڕە ١١٣
ئاکام .........................................................لاپەڕە ١٢٧

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووس و زمانناسان بەو ئاکامە گەیشتوون کە نەتەوەی کورد پێوەندی ڕاستەوخۆ و دێرینەی بە ڕۆژهەڵاتی ناقینەوە هەیە و خەڵکی ڕەسەنی ئەو دەڤەرەن کە ئێستا بە کوردستان دەناسرێ، تەنانەت پێش کۆچی ئەوانەی بە ئاریایی ناسراون، کورد لە زێدی خۆیدا ژیاوە، هەروەها زمانی کوردیش لەم دەڤەرەدا لە دایک بووە و ڕسکاوە، لە هیچ شوێنێکی دیکەوە نەهاتووە. واتە نەتەوەی کورد زاگرۆسنشین و قەفقاسنشین بووە و لە ڕابردووشدا ڕۆڵی کارای لە بنیاتنانی شارستانیتی میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ناقیندا هەبووە. پیتەر لرخ دەڵێ: کورد هەمان کلدانی دێرین (هەرچەندە ئەم بۆچوونە لەلایەن هەندێکی دیکەوە ڕەت کراوەتەوە)، بەڵام بەڵگەیەکی زیندووە کە کورد لە دێرینەوە لە زێدی خۆیدا ژیاوە، هەروەها هەندێکی دیکە دەڵێن: "لێکۆڵینەوەکان خۆیایان کردووە کە دێرینترین دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، خەڵکی 'کردوک' یان کرتۆ بوون، کە بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ڕەگیان تا چیاکانی جودی و ئارارات درێژ بۆتەوە"[1]

---

[1] -هادی محمودی، هُورامی ها و ریشه های مردمانش، ١٩ بهمن ١٣٩٦ خورشیدی، http://www.pavehpress.ir

بێگومان بەهۆی تێپەڕبوونی زەمان و گۆڕینی بەردەوام، هۆز و تیرەی جۆراوجۆر بە ناوی جۆراوجۆرەوە دەستەڵاتیان پەیدا کردووە و ناویان لە مێژوودا ماوەتەوە، بەڵام ئەوانە هەر هەموویان یەک نەتەوە بوون و زمانەکەشیان زۆر لە یەکدییەوە نزیک بوون، سەرەنجام لە گۆڕانی مێژووییدا ناوی کوردیان بەسەردا براوە. مێژوو دەڵێ کە هەزاران ساڵ پێش زایین، سۆمەری و عیلامییەکان[2] لەم خاکەدا ژیاون، ئەوان خاوەن شارستانییەتێکی کەموێنە بوون، سۆمەریەکان بۆ یەکەمین جار نووسینیان داهێنا، لە ڕێی نووسینەوە، ڕووداوەکانی مێژوویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و زۆر شاکاری ویژەییان تۆمار کرد و پێشکەش بە مرۆڤایەتییان کرد. دیرۆکنووسان دەڵێن کە سۆمەریەکان لە بواری زانستی پزیشکی، کیمیاگەری، ژمێریاری و ئەستێرەناسیدا زۆر پێشکەوتوو بوون، تەنانەت لە بواری ویژەییدا داستانی ئەفسانەیی 'گێلگامێش'[3] یان ئافراندووە و تێکڕای مرۆڤایەتییان سەرسام کردووە.

---

[2] - عیلامی راستە، بەڵام مخابن هەندێک کەس لەبەر پیتی 'ع' پارێزی لێدەکەن، کەچی لە بەردنووسە دێرینەکاندا و بەپیتی مێخی بە عیلامی تۆمار کراوە.

[3] - جۆرج سمیث (George Smith)، ئاشووریناسی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٨٠، داستانی گێلگامێشی بڵاو کردەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی زۆر لە ئەفسانەی تۆفانی گەشتی پەیدابوون دەچێ، سەرنجی لێکۆڵەرانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا. ئیدی لەوکاتەوە تا ئێستا بە دەیان زمانی جۆراوجۆر، سەدان لێکۆڵینەوە لەسەر داستانی گێلگامێش کراون.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئاشووریەکاندا چەندین هەرێمی سەربەخۆی میدیەکان هەبوون، بەڵام هەرێمی بچووک بوون و لە ژێر هەڕەشەی ئاشووریەکاندا بوون. دواتر بە سەرکردایەتی **دیاکۆ** ئەو هەرێمانە ڕێکخران و دەوڵەتی میدیا پێکهات[4]. ماد یان مید نزیکەی ١٥٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە، لە ساڵی ٦٧٥پ.ز تا ٥٤٩ پ.ز. گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە.

زمانی میدیەکان تێکەڵاوەیەکی تیرەکانی زاگرۆسنشین و قەفقاسنشینەکان(باشووری قەفقاسیا) بووە، لە پاشماوەی زمانی سۆمەری، ئۆرارتۆیی،ماننایی، هیتی، هوری، لۆلۆیی و ئەوانی دیکەوە ڕسکاوە و شێوەی زمانێکی تایبەت و سەربەخۆی وەرگرتوە، بەڵام زمانزان و مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە بە هۆی هاتنی کێمیری و سکاک (سکاکەکان) و سکیتیەکان بۆ قەڵەمڕەوی میدیەکان، تەکانێکی دیکە بە زمانی میدیەکان دراوە، بە هۆی نزیکایەتی زمانی میدی لەگەڵ زمانەکانی ئەو تیرە و هۆزانەوە، ئیدی زۆر بەخێرایی تێکەڵاو و

---

[4] - زهرا آذرنیوش، دیاکو که بود؟ همه چیز درباره اولین پادشاه ماد در ایران، ١ شهریور ١٤٠٠، https://www.kojaro.com

ئاویتە بوون[5]، بەوهۆیەشەوە زمانی مید دەوڵەمەند و بەهێزتر خۆی نواند و چەسپا.

نیشتمانی میدییەکان لە باشوورەوە لە سەر لێواری کەنداوی میدی (ئێستا عەرەب بە کەنداوی عەرەبی و فارسیش بە کەنداوی فارسی ناوی دەبەن) دەستی پێدەکرد، لە ڕۆژئاواش هەموو میزۆپۆتامیای دەگرتەوە و تا ئەرمینیا درێژ دەبۆوە، لە باکووریشەوە کێوەکانی قەفقاسیای دەگرتەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە کێوەکانی پامیرەوە دەستی پێدەکرد، واتە هەموو خۆراسان و ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپین (خەزەر)یشی دەگرتەوە.

ئیگۆر میخایلۆڤیچ دیاکۆنۆڤ، مێژوونووسی ناوداری ڕووسی دەڵێ: زمانی مید لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانە کۆنەکانی دیکەی ئێریانا یان ئێرانزەمیندا بەراورد کراوە، زمانی مادی لە پێنج ڕووەوە وەک ئاڤێستایی بووە، لەگەڵ زمانی پارتی و سکیتی لە چوار ڕووەوە هاوبەشی هەبووە، لەگەڵ سوغدی و خوارەزمی لە سێ ڕووەوە، کەچی لەگەڵ زمانی پارسی کۆندا لە هەر شەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە[6]. لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە پارسی کۆن بنەچەی ئاڤێستایی نییە و بۆ ئەو لکە زمانە ناگەڕێتەوە.

5 - فازڵ ئوسولیان، ناسنامەی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، سوید ٢٠١٥، لاپەڕە ١٣

6 - دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە: کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص ٨٨ - ٨٩.

هەر سەبارەت بە نزیکایەتی زمانی میدی و سکیتی (ناوی سکیتی لە نووسراوەکانی یۆنانیدا بە شێوەی Σκύθης سکیتیث تۆمار کراوە) دیاکۆنۆف جەخت دەکاتەوە کە زمانی میدی و سکێتی ئەوەندە لە یەکدی نزیک بوون کە خەڵکی هەردوولا زۆر بە ئاسانی لە ئاخافتندا لە یەکدی تێدەگەیشتن.[7]

زمانی ئاڤێستایی، زمانی هۆزی موغان()ە، واتە هۆزەکەی زەردەشت، کە خۆیشی بیرمەند، ڕابەرێکی هۆشیار، سەرۆکی هۆز و خەباتگێڕێکی دژی سەتەمکاری بووە، پەڕتووکی ئاڤێستایی پێ نووسیوە {بە مرۆڤی باوەڕدار و ڕوحانی دینی زەردەشتی گوتراوە مۆغو - }. ئەوە ساغ بۆتەوە کە زەردەشت دژی دەستەڵاتی ئاشوور و هاوپەیمانانی واتە دژی ئۆرارتۆ و ماننا جەنگاوە، بە ناچاری پەنای بۆ ویشتاسپی پاشای میدی بردووە کە لە ناوچەی هۆیش دێش فەرمانڕەوایەتی کردووە[8]، ئەو پاشایە زەردەشتی بە فەرمانڕەوای مادراغە (مەراغەی ئێستا) دامەزراندووە، هەر بۆیە زمانی ئاڤێستایی تەنیا لە یەک ڕوودا جیاوازی لەگەڵ زمانی گشتی میدیدا هەبووە. واتە دوو زاراوەی یەک زمان بوونە.

---

[7] - هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٥٩.

[8] - فازل ئوسولیان، ناسنامەی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٥٢.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆلاند. گ. کێنت[9] سەبارەت بە زمانە دێرینیەکانی ئێرانزەمین دەڵێ: هەردوو زمانی پارسی و ئاڤێستایی دەگرێتەوە، هەروەها ژمارەیەک زاراوەی دیکە کە کەمتر ناسراون و بایەخیان پێدراوە. هەر سەبارەت بە زمانی ئاڤێستا دەڵێ: زمانی ئاڤێستایی نزیکایەتی زۆرتری لەگەڵ زمانی میدی (مادی)دا هەیە تا فارسی.

پرۆفیسۆر H. W. Bailey لە نووسینێکی خۆیدا بەناونیشانی "Caucasica 1"، لە گۆڤارێکیدا کە بەداخەوە ئەو گۆڤارە لەبەردەستدا نییە، ئاماژەی بە بابەتێکی A. Shanidze کردووە کە سەبارەت بە ئابێیەکی تازە دۆزراوەی ئەلبانی قەفقاسی بووە، ئەو ئابێ ون بووە لەلایەن I. Abuladze ئاماژەی پێکراوە. لە دەستنووسێکی ئەرمەنی کە بۆ سەدەی پازدەهەم دەگەڕێتەوە، ژمارەیەک ئابێی یۆنانی، سریانی، لاتینی، گورجی، قبتی، عەربی و ئەلبانی تۆمار کراون. لەو دەستنووسەدا نزا و پاڕانەوەیەکی ئەرمەنی بە چەندین زمان تۆمار کراوە. لە یەکەمین نیگادا کە ئاماژە بە زمانی مەدیانی کراوە، دەردەکەوێ کە مەبەست لە زمانی کوردییە و بەم شێوەیەش پەروەستە(دوعا)کە نووسراوەتەوە:

9 -ڕۆلاند. گ. کێنت، فارسی باستان، وەرگێڕانی: سەعیدی عوریان، چاپی دووەم: ١٣٩٥ هەتاوی، لاپەڕە ٥٨.

**پاکژ خودێ، پاکژ زاهم**
**پاکژ ڤێ مەرگ کۆی هات**
**ئی خاچی ئاشکار ما**
**ڕەحمەت ئێ ما**

ڕاستییەکەی ئەم چەند دێرە هەر زمانی کوردییە و کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لێبکات. کەواتە تا ئەو دواییانەش زمانی کوردی لە کن ئەرمەنەکان، هەر بە زمانی میدی ناسرا بووە و ناوی هاتووە.

دوای میدیەکان، هەخامەنشیەکان هاتن، مێژوونووسانی وەک هێرۆدۆت و ویل دۆرانت جەخت دەکەنەوە کە هەخامەنشیەکان جلوبەرگ، زمان، ئابێی نووسین، هونەری بەڕێوەبردن و شارستانی میدیەکانیان وەرگرت و درێژەیان پێدا. تەنانەت یۆنانی و یەهودی و میسریەکان زۆر جاران کورووش(کورەش)یان وەک پاشای میدی ناوبردووە، چونکە کورووش نەوەی ئاژی دەهاکی دوایین پاشای میدی بوو، دوای ئەوەی بەهاودەستی لەگەڵ هەرپاک، توانی دەستەڵاتی باپیرە میدیەکەی بڕووخێنێ و تاجی پاشایەتی لەسەر بنێ، خۆی وەک پاشای وڵات بناسێنێ و ئیمپراتۆری هەخامەنشی دابمەزرێنێ. تەنانەت لە سەردەمی کورووشدا، زۆربەی فەرمانەدە و بەرپرسەکانی وڵات، بەرپرسانی میدی بوون، لە مێژوودا تۆمار کراوە، کاتێک

کورووش شاری بابلی گرت، بەناچاری کەسێکی میدی وەک پاشای بابل دەستنیشان کردەوە.

دوای هەخامەنشییەکان، ئەشکانیەکان هاتن، ئەوانیش لە ٢٤٧ پ.ز تا ٢٢٤ زایینی واتە بۆ ماوەی ٤٧١ ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە. زمانەکەیان بە پارتی یان پەهلەوی ئەشکانی ناسێندراوە. پایتەختی ئەو دەستەڵاتەش ئێکباتان (هەمەدان) و تیسپون بووە، کە لەناو سنووری خاکی کوردستاندایە. زمانناسان جەخت دەکەنەوە کە زمانەکانی کوردی، تالشی، تاتی، بەلوچی، مازەندەرانی و گیلەکی لەگەڵ پەهلەوی ئەشکانی لە یەک خێزانن. بەهۆی ئەوەی کە ئەشکانیەکان ماوەیەکی یەکجار زۆر فەرمانڕەوایەتی ئەرمەنستانیان کردووە، ئیدی وشەگەلێکی یەکجار زۆری پەهلەوی ئەشکانی خزاوەتە نێو زمانی ئەرمەنییەوە، ئێستاش زۆرجاران باس لە وشەی هاوبەشی نێوان ئەرمەنی و کوردی دەکرێ. ژاڵە ئامۆزگار لە پەڕتووکی [ زبان پهلوی و دستور آن] جەخت دەکاتەوە کە پەهلەوی ئەشکانی (پارتی) واتای فارسی نادات و ئەو دوو زمانە لە یەکدی جیاوازن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دانپێدانانێکە و پشتڕاستی دەکاتەوە کە پەهلەوی ئەشکانی درێژکراوەی زمانی میدی بووە.

دوای ئەشکانی، ساسانی هاتن، ئەوانیش لە ٢٢٤ تا ٦٥١ فەرمانڕەوایەتییان کردووە، واتە ٤٢٧ ساڵ

فەرمانڕەوایەتییان کردووە و زمانەکەیان بە پەهلەوی ساسانی ناسراوە. بەگشتی تەمەنی زمانی پەهلەوی ٨٩٨ ساڵ زمانی فەرمانڕەوایەتی گەورەترین قەڵەمڕەو بووە. پایەختی ساسانییەکان سەرەتا ئەستەخر بووە، دوایی بۆ تیسپون گوازراوەتەوە. زمانی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) هەر هەمان زمانی میدیەکان بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان، پێشکەوتووە و وردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئێرانیناس و زمانناسان، زمانەکانی میدی، پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی بە زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران ناودێر دەکەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کوردی و زمانەکانی غەیرە فارسی دەگرێتەوە، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان فارسەکان لە باکووری ڕۆژئاوادا نەژیاون، بەڵکو لە باشووردا لە هەرێمی پارسدا ژیاون. هەرێمی پارس لە باشووری ئێرانی ئێستا تا نزیک چیاکانی بەختیاری و بەرەو لای کرمان و بیابانی کەویر و شیراز و ئەسفەهان درێژ دەبێتەوە.

هەر سەبارەت بەمیدیەکانەوە، دەبێ بگوترێ کە فارسەکان و مێژوونووسانی بیانی هەرگیز بوێری ئەوەیان نەکردووە کە بڵێن زمانی میدی لە زمانی فارسی دێرین وەرگیراوە، یاخود زمانی میدی هەر زمانی پارسی باستان بووە، چونکە مێژوو جەختی لە جیاوازی نێوان پارسی و میدی کردۆتەوە.

جەیمز دارمەستێتەر دەڵێ ڕاستییەکەی زمانی میدی یەکسانە بە زمانی ئاڤێستا، بەڵام نزیکایەتی لەگەڵ پارسیدا هەبووە.

کارناس و مێژوونووس و میدیناس، تیۆدۆر نولدکە دەڵێ: (زمانی میدی لە زمانی نەتەوەکانی ئێرانزەمین نزیکترە تا پارسی). واتە زمانی پارسی دێرین لەبەرانبەر زمانی میدیدا خۆی ڕانەگرتووە و تواوەتەوە، هەربۆیەش کورووش و داریوش و پاشاکانی دیکەی هەخامەنشی بەردنووسەکانی خۆیان بە سێ زمان نووسیوە، واتە جگە لە میدی، بە زمانی سریانی و عیلامی نووسراون.

هەواڵنامەی کتێب

## ئاری و سامی، ڕاستی یان ئەفسانە؟

زۆر جاران ناحەز و دوژمنانی کورد بەبیانۆی ئەوەی کە کورد ئاریە و لە شوێنی دیکەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش بۆ زاگرۆس و میزۆپۆتامیا هاتووە، گومان لەسەر مێژینەی خاوەنداریێتی کورد لەسەر زێد و نیشتمانی خۆیدا دروست دەکەن. لێرەدا بەخێرایی بە دوای بیردۆزی ئاری و سامیدا دەڕۆین و دەمانەوێ بانگەشەی ئەوانە هەڵسەنگێنین!

ڕاستییەکەی بۆ یەکەمین جار **ئانگتیل دوپرون** (Abraham Hyacinthe Anquetil-Duperron) کە بە زمانی فەرەنسی بە ئانکۆچیل جیپیغۆن دەخوێندرێتەوە، لە ساڵی ١٧٦٨ لە بابەتێکدا ئاریایی وەک نەتەوەیەک ناودێر کرد و پشتی بەو ناوانە بەستبوو کە لە پێرستی پەڕتووکی هیرۆدۆتدا ناوی ئاری لە ناو لیستی لەشکری خەشایارشادا (٤٨٠ پ ز) بووە و لەتەک ناوی پارس، ماد، ئاشووری، هندی و خەزەریەکاندا هاتووە. واتە هیرۆدۆت ئاریایی وەک نەتەوە ناساندووە نەک وەک ڕەگەزێکی تایبەت.

لە بەردنووسی تەختی ڕۆستەمدا، داریوش نووسیویەتی [داریوش کوڕی ویشتاسپی هەخامەنەشی، کوڕی پارسی ئاریایی، ئاریایی نەژاد]. دیرۆکناسانی وەک ڕۆلاند کێنت، ژۆزێف ویسهۆفەر، پیرری بریانت

هەموویان ئارياييان وەک بنەماڵە و خانەندان لێکداوەتەوە نەک نەژادێکی تایبەت.
ڕاستییەکەی کاتێک **کرۆکەر** لە ساڵی ١٧٧٧ وتارەکەی ئانگتیل دوپرونی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، ئیدی وشەی ئاری و ئاريايي مشتومڕی لێکەوتەوە و دەست بە ئەفسانەسازی کرا. دواتر یۆهان کریستۆف فرێدریش ڤۆن شیللەر ( Johann Christoph Friedrich von Schiller) لە ساڵی ١٨١٩ هەوڵیدا کە ڕیشەی زمانەکان لەسەر ئەو بنەمایە شرۆڤە بکات و بە لێکچوون و نزیکایەتی نێوان زمانەکانەوە، کۆشا تا ئارياييبوونی نێوان ئەڵمان و ئێران دابڕێژێ. فرێدریش نووسیبووی: [باپیرانی ئێمە تا لە ئاسیا بوون لەژێر ناوی ئاری دابوون].
لە لایەکی دیکەوە ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی، (August Ludwig von Schlözer) بە ئەڵمانی بە 'ئاوگوست شلۆتزەر' دەخوێندرێتەوە، لە ساڵی ١٧٨١ی زایینی، چەمکی سامی بۆ عیبری، عەرەب، ئارامی، حەبەشی، نەبەتی و ئەوانی دیکە بەکارهێنا کە گوایە لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە بەهۆی بێئاوایی و وشکەساڵییەوە کۆچیان کردووە. ئەمەش لە ڕوانگەی نزیکایەتی ئەو زمانانە لە یەکدییەوە ئەو ناوەی لەسەر

دانان. دواتر ( Joh. Cotte. Eichhorn)[10] پەرەی پێدا و بانگەشەکەی چڕتر کردەوە. دیارە ئەو ناولێنانەش سەرچاوەی لە ئەفسانەی تۆفانی نوح و نەوەکانی نوحەوە گرتووە، کە گوایە سام، حام و یافت بوونە. مخابن ئەو ناولێنانە بێبنەمایە پەرەی سەند و هەتا ئێستاش لەلایەن کەسانی بێئاگاوە هەر دووپات دەکرێتەوە. ئەو ناولێنانە لە لایەکی دیکەوە خۆی بە درۆ خستۆتەوە، چونکە عیلامییەکان هەرگیز سەر بەو گرووپی زمانەوە نین، بەڵکو زمانی عیلامیەکان لە درەختی کوردی و ئەوانی دیکەوە نزیک بووە نەک گرووپی عەرەبی و عیبری.

هەموو ئەو بیردۆزانەی سەبارەت بە ئاری و سامی و تورک داهێنراون، جگە لە خەیاڵی بێبنەما و ئەفسانەسازی، شتێکی دیکە نین. خۆ ئەگەر ئەو بیردۆزەش ڕاست بێ، هێشتا کورد لەنێوان ئاری و سامیدایە، چونکە قورگی کورد توانا و شیانی گۆکردنی هەموو دەنگە قورس و سووکەکانی هەیە. ڕاستییەکەی هیچ نەتەوە و گەلێک لەم جیهانەدا نییە کە لە یەک تۆرەمەی پاک و بێگەرددا مابێتەوە.

---

[10]/ السامیون-لیسوا-من-الجزیرة-العربیة - ttps://www.alittihad.ae/article/7642/2016/ السامیون-لیسوا-من-الجزیرة-العربیة

لە لایەکـــی دیـــکەوە هەر کـــێ دێ، بەبـــالآی نەتەوە و ڕەگەزێکـی دیـاریکراو هەڵـدەڵێ و بەبـالآترین نـاوی دەبـا، کەچـی لە ڕاسـتیدا مـرۆڤ بۆخـۆی بـالآترین و هۆشـیارترین بـــوونەوەرە. نازییەکـــانی ئەڵمانیـــا پێیـــانوابوو کە نەژادی نۆردیـک پـاکترین نەژادی مـرۆڤە، بەڵام بیـردۆزی Proto-Indo-Europeans بەتەواوی هەرەســـــــی هێنـــــــاوە و ناڕاسـتی خـۆی سـەڵماندووە، کەچـی تـازە لە کوردسـتان کەسـانێک دێـن و بـاس لە ئـاری و سـامی دەکەن و دەڵـێن پیتەکـانی (ح، ع، غ، ق) پەرِیـوەی نێـو زمـانی کـوردی بـوون و داسەپاون!!

لە زمـــانی سانســـکریتیدا، ئاریـــا واتـــای نەجیـــب دەدا، هەروەهـا لە زمـانی ئاڤێسـتاییدا ئایریـا  بە واتـای ئـازاد و شـکۆمەند دەکـار کـراوە، هەرچەنـدە لە هەنـــدێک نووســـراوەی دێرینـــدا ئاریـــا وەک نەتەوەی ئێرانـزەمین نـاوی هـاتووە و بە غەیـرە ئێرانـی گـوتراوە ئەناریا.

**دکتــۆر ڕەزا مــورادی غیاســابادی**، دەڵــێ: بەڵـگەی بـاوەڕپێکراوی مێژوویـــی نیـــیە کە ئەوانەی بەنـــاوی ئاریـــاییەوە بەرەو ئێرانـــــزەمین هـــــاتوون، چ فەرهەنـــــگ و دابـــــونەریتی کـــــۆمەلایەتی و ئـــــابووری و دینـــــی و زمانییـــــان هەبووە.(شـواهد موثـق و تـاریخي وجـود نـدارد کە ایـن مـردم باصـطلاح بنـام "آریـایي" کە بە نجـد ایـران آمدەانـد دارای چە فرهنگـــی، چە روابـــط و مناســـبات اجتمـــاعي و

هەواڵنامەی کتێب

اقتصادی و دین و زبانی بودەاند).بە بۆچوونی دکتۆر ڕەزا موورادی، پێناسەیەک بۆ چەمکی ئاریایی نییە. بۆ سەرراستکردنەوەی بۆچوونەکەی دەڵێ: بەهۆی ئەوەی هەندێک شارەزا ناوی زمانی ئاریایی و فەرهەنگی ئاریایی دەبەن، ئیدی دیتران بەناچاری، ئەوانە دووپات دەکەنەوە. (بدلیل اینکە دانشمندان از "زبان آریایی" و "فرهنگ آریایی" نام می برند بناچار دیگران آن را تکرار می کنند).

پرۆفیسۆر دکتۆر شاپور ڕەواسانی دەنووسێ: شیکردنەوەی پێکهاتە و مێژووی کۆمەڵ، دەبێ لەسەر بنەمای مافی ژیانی مرۆڤەکان، هاوبەشی فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی بێ، نەک لەسەر بنەمای بیردۆزی نەژادی ناڕاست.

دواتر لە ساڵی ١٧٧٧ی زاینی کاتێک بابەتەکەی ئانگتیل دو پرون وەرگێردرا، ئیدی وشەی ئاریایی خۆی خزاندە نێو مشتومڕی خەڵکناسی، زمانناسی و نەژادناسییەوە. بەتایبەتیش کاتێک یۆهان کریستۆف فریدریش ڤۆن شیللەر (Johann Christoph Friedrich von Schiller)ی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨١٩ ویستی ڕەگەزێکی ئاسیایی ئاریایی تایبەت بۆ ئەڵمانییەکان دابرێژێ، بۆ ئەمەش دەستی بە ئەفسانە هۆنینەوە کرد.

بە بڕوای ڕۆلاند.گ. کێنت، ژۆزف ویسهۆفەر، پییێر بریانت و هەندێکی دیکە لە توێژەرانی ئەورووپایی،

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانی وشەی ئاریایی کە لە بەردنووسەکانی هەخامەنشیدا بەکار هاتووە، بەواتای هۆز، بنەماڵە، خانەدان لێکدەدرێتەوە، نەک نەژادێکی تایبەت.
ئێستا کە ئەفسانەی بیردۆزی ئاری و سامی پووچ و ناکام ماوەتەوە و بانگەشەی ناحەزان ئاپاچ بۆتەوە، دەبێ ئەوە دووپات بکەینەوە: ئەو خاکەی کە ئێستا بە کوردستان ناسراوە، زێدی یەکەمین و نیشتمانی سەرەکی کورد بووە، هەر لێرەشەوە بەرەو شوێنەکانی دیکە کۆچی کردووە. ڕاستییەکەی کورد زاگرۆشنشین و قەفقاسیانشین بووە، دیتران هاتوون و زێدەکەیان لێ داگیر کردووە؛ داگیرکاریش بۆ مانەوەی خۆی و ڕەوایەتیدان بە فەرمانڕەوایەتییەکەی، ڕەشەکوژی و قڕکردن، پێرۆ دەکات؛ ستەم و زۆرداری درێژە پێدەدات، یان نکۆڵی لە هەبوونی خاوەن خاک دەکات، یان هەموو ڕاستییەکان دەشێوێنێ. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوار و بەڵگە مێژووییەکان دەدات.
ئەوەی ئاشکرایە کە داگیرکارانی کوردستان، بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، دەستیان نەپاراستووە، بێپەروا هەوڵی سڕینەوەی زمان و دیرۆکی نەتەوەی کوردیان داوە و شوێنەوارەکانیان کاول و وێران کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## بنەچەی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ساسانی

ئیمپراتۆریەتی ساسانی دوایین دەستەڵاتی خۆمانە بووە، دامەزرێنەری ئەو دەستەڵاتەش ئەردەشێری پاپکانۆ یان وەکوو فارسەکان دەڵێن ئەرتەخشیری پاپەکان بووە!! بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەی ئەردەشێر لە هەرێمی فارسدا ژیابوون، ئیدی هەندێک کەس بەبێ لێکۆڵینەوە مۆری فارسی بوون لە ناسنامە و زمانی ساسانییەکان دەدەن؛ ئێمەش بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بابەتە، پەنا بۆ گوتەی مێژوونووسانی دێرین دەبەین کە سەبارەت بە هەرێمی پارس تۆماریان کردووە و وەکوو گەواهییەکی باوەڕپێکراو ماونەتەوە.

ستراوبۆن، جوگرافیزانی ناوداری یۆنان لە بەشی سێیەمی پازدەهەمین پەڕتووکی خۆیدا سەبارەت بە کوردی پارس یان هەرێمی فارس نووسیویەتی: هۆز و تایفەی جۆراو جۆر لەم هەرێمەدا جێوارن کە بریتین لە پاتیشخوارەکان، هەخامەنشییەکان، مەجوسەکان(کە گرووپێکی زۆر توندڕۆ، ڕەگەزپەرست و کۆنەپارێزن)، کورتییەکان(کورد) و مەردەکان، هەندێکیان خەریکی کشتوکاڵن، هەندێکی دیکەیان خەریکی

تەرشداری (مەڕداری و ئاژەڵداری) و هەندێکی دیکەشیان خەریکی رێگرین[11].

گەزنەفۆن (گزینفۆن) دیرۆکنووسی ناسراوی یۆنانی لە پەرتووکەکەی خۆیدا ناوی کورتییەکان و مەردەکانی هێناوە کە لە ریزی سوپای ئەرمەنیەکاندا بوونە. ئەو مێژوونووسە، کورتییەکان و مەردەکانی وەک هۆزی چادرنشینی ئازەربایجان ناساندووە[12].

بەتلیمۆس جوگرافیناسی یۆنانی دێرین، مەرد و کورتییەکانی بەدراوسێی یەکدی ناساندووە، دواتر مێژوونووسەکان جەختیان لە هەبوونی ئەو هۆزە لە هەرێمی فارسدا کردۆتەوە[13].

ئیبن بەلخی مێژوونووس کە لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، لە فارسنامەدا نووسیویەتی کە شەپانکارە (شوانکارە) لە رەمی (لە کۆندا هەرێمەکان بۆ سەر چەند ناوچەیەک دابەشکرابوون کە پێیاندەگوترا رەم) بازنجان بوون و هەر هەمان بازرەنگی بوون کە ئەردەشیری پاپکانۆ ئەندامێکی ئەو هۆزە بوو[14]. زۆربەی مێژوونووسانی وەک مەسعودی و ئەوانی دیکەش

---

[11] - رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ص ١٦٦،انتشارات امیرکبیر، سال چاپ: 1363 خورشیدی.

[12] - هەمان سەرچاوە و دلایلی-بر-اینکه-نژاد-ساسانیان-کردنژاد http://eslahe.com/9082

[13] - هەمان سەرچاوە.

[14] - ابن بلخی، احوال شبانکاره و کرد فارس، ص ١٤٦، طبع اروپا.

جەختیان لە هەبوونی کورد لە هەرێمی پارسدا کردۆتەوە.

ئەردەشیری پاپکانۆ لە شاری ئەستەخر[15] لە دایک بووە، کە ئەوێ ڕۆژێ شارەکە لە دەستی سەرۆکی عەشیرەتی بازڕەنگی دابوو، ناوی گۆزچەهر یان گۆچەر بوو.

سەرەتا ئەردەشێر توانی میرە فارسەکان بەچۆک دابهێنێ، دواتر کە سوپاکەی زۆر بوو، لە ساڵی ٢١٢ی زایینی لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتەکەی خۆی، واتە بازڕەنگی کە گۆچەهر شای ئەستەخر بوو، بەشەڕ هات، توانی قەڵای سپی یان قەڵای نسایەک[16] بگرێ و گۆچەهر بکوژێ و خۆی لە شوێنی دابنیشێ[17]. هەروەها دارابگەرد[18] کە شوێنێکی دیکەی شەپانکارەکان بوو، پەیوەندییان بە ئەردەشێرەوە کرد و پاشایەتی ئەویان پەسند کرد. ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی محەمەدی فارسی کە جوگرافیزانێکی ناودار بووە و بە ئەستەخری ناسراوە، دەڵێ: دارابگەرد و دەوروبەرەکەی لە دەست کوردەکاندا بوون.

---

15 - ناوی شارێکی دێرینە کە لە سنووری شاری مرودەشتی ئۆستانی فارس هەڵکەوتووە، کاتی خۆی شارێکی گەورە و بەناوبانگ بووە.

16 - قەڵای سپی (قەڵای نەسا، نسایەک یان نیشایەک)، قەڵایەکی بەناوبانگ و دێرینی شاری ئەستەخر بووە. کۆشکی پاشا لەو قەڵایەدا بووە.

17 - کریستن سن، آتور امانوئل، ایران در زمان ساسانیان، ترجمە: رشید یاسمی، تهران ١٣٧١ خورشیدی، ص ١٣٤.

18 - ناوی شارێکی دێرینی هەرێمی پارس بوو، سەرەتا ساسانییەکان ئەو شارەیان کرد بە پێتەختی فەرمانڕەوایەتی خۆیان.

هەندێک لە مێژوونووسەکان دەڵێن کە باوکی ئەردەشێر لە هۆزی شەپانکارە و دایکیشی لە هۆزی بازڕەنگی بوو، هەردوو هۆزەکەش کوردی هەرێمی فارس بوون.

مێژوونووسانی وەک تەبەری و ئیبن ئەسیر دەڵێن، دوایین پاشای ئەشکانی کە ئەردەوانی چوارەم بوو، زۆر بێڕێزی بە بنەماڵەی ئەردەشێر کردووە، ئەوان دەگێڕنەوە کە ئەردەوان لە نامەکەی خۆیدا هەڕەشەی لە ئەردەشێر کردووە و نووسیوویەتی:

[تۆ لە بەرەی خۆت زیاتر پێت لێ ڕاکێشاوە و مەرگت بۆ خۆت بە دیاری هێناوە، ئەی کوردی گەورەبووی نێو چادری کوردان، کێ ڕێی بەتۆ داوە کە تاجی پاشایەتی لەسەر بنێی؟][19]«انك قد عدوت طورك و اجتلبت حتفك ایها **الكردی** المربّی فی خیام **الاكراد** من اذن لك فی التاج الذی لبسته»[20] هەروەها یاقوتی حەمەوی، جوگرافیزان و دیرۆکنووسی ناودار(١١٧٩ز لە دایک بووە و ساڵی ١٢٢٩ ز مردووە) بە گێڕانەوە لە حەمزەی ئەسفەهانی نووسیویەتی: کاتێک ئەردەشێری پاپکانۆ گەیشتە شوێنێک و بنکەی خۆی لێ دانا، بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنی یادگاری نەتەوەکەی خۆی، یەکێک لە

هەواڵنامەی کتێب

19 - رشید یاسمی: کرُدو پویستی نژادی و تاریخی، ص ١٧١.
20 - تاريخ الطبري ، ج ١ ، ص ٣٩٠ ، تاريخ ما قبل الهجرة .

شارۆچکەکانی مەدائینیان[21] ناونابوو کوردئاڤاذ. هەندێکی دیکە لە مێژوونووسان دەڵێن کە ناوی شاری موسڵیان کرد بە بۆزئەردەشیر یان نۆکورد ئەردەشیر.

ژێلبەر لازارد، زماننناس، ئیرانیناس و فەرهەنگنووسی فەرەنسی، بە پشت بەستن بە پەرتووکی ئەلفەهرەست، لە زاری 'ئیبن موقەفەع'ەوە، دەنووسێ کە لە زەمانی ساسانیدا پێنج زمان هەبوون، ئەوانیش:

1. پەهلەوی زمانی سەرزەمینی پەهلە بووە،[ زمانی میدی دێرین، زمانی چیا نشینەکان – نووسەر]، کە هەرێمەکانی ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهە نەهاوەند و ئازەربایجانی دەگرتەوە.
2. زمانی فارسی دەری، کە خەڵکی سیستان و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی ساسانی قسەیان پێدەکرد، بەڵام لەنێو شاری تیسپون و مەدائینشدا ڕەواجی هەبوو، چونکە یەکەیەکی سەربازی خەڵکی ئەو ناوچانە لەوێ لە خزمەت پاشای ساسانیدا بوون.
3. زمانی پارسی، زمانی تایبەتی هەرێمی پارس بوو، بەڵام هەندێک لە زاناکان بەو زمانە دەیاننووسی.

21 - مەدائن لە حەوت کۆمەڵگە یان حەوت شار پێکهاتبوو، لە هەردوو دیوی ڕووباری دیجلە، لە سی و پێنج کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدادی ئێستا هەڵکەوتبوو.

4. زمـــانی خـــوزی لە خوزســـتان قســـەی پێـــدەکرا، پاشماوەی عیلامیەکان بوو.
5. زمـــانی ســـریانی، زمـــانی خەڵکـــی ســـریان بـــوو. {زمـانی سـریانی، خزمێکـی نزیکـی زمـانی پەهـلەوی بـــوو، ئـــابێی تـــایبەتی خـــۆی هەبـــوو، هەردوو زمـــانەکە لە نێـــوان خۆیانـــدا ئـــاڵوگۆڕی پەیڤیـــان دەکـــرد و بێکێشـــە لە نێـــو ئیمپراتـــۆریەتی ساســـانیدا ڕەواجیان هەبوو- نووسەر}.

هەتـــا ئەم دواییـــانەش مشـــتومڕی زۆر ســـەبارەت بە زمـــانی خـــوزی هەبـــوو، ئاکـــام 'بێرتـۆلـد شـپولەر' مامۆسـتای زانکـۆ، لێکـــۆڵەر، نووســـەر، ڕۆژهەڵاتناســـی مەزنـــی ئەڵمـــانی نووســـی: زمـــانی خـــوزی تـــایبەت بە هەرێمـــی خۆزســـتان بـــووە، لە زمـــانی فارســـی دوور بـــووە، تەنـــانەت بە ئـــابێی عەرەبـــی تێـــر نەبـــووە، دەتـــوانرێ بە پاشـــماوەی عیلامـــی پێـــوانەی بکەیـــن[22]. هەروەهـــا ڤلادیمێـــر مینۆرســـکی، ڕۆژهەڵاتناســـی ڕووســـیش هەمـــان بۆچـــوونی ســـەبارەت بە خـــوزی و زمـــانی خـــوزی هەبـــووە[23]. تەنـــانەت ئەســـتەخری

---

22 - اشـپولر، برتولـد(۱۳۶۴)، تـاریخ ایـران در قـرون نخسـتین اسـلامی، جلـد اول، ص ٤٣٩- ٤٤٠، ترجمـه: جـواد فلاطـوری، شـرکت انتشـارات علمـی و فرهنگـی، تهران.

23 - The Tribes of Western Iran V. Minorsky The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland Vol. 75, No. 1/2 (1945), pp. 73-80 (article consists of 11 pages) Published by: Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland Stable URL: http://www.jstor.org/stable/2844282

مێژوونووس، لەسەدەی دەیەمی زایینیدا لە پەرتووکی (مسالک الممالک)دا، سەبارەت بە خوزی نووسیویەتی کە زمانی خەڵکی خوزستان نە فارسی و نە عیبری و نە عەرەبییە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام، زۆربەیان دەتوانن بە عەرەبی و فارسی قسە بکەن[24]. لەلایەکی دیکەشەوە، ئیبن حەوقەل، نووسەر، مێژوونووس، جوگرافیناس و بازرگانی ناودار کە ساڵی ٩٧٧ی زایینی لە نسێبین لە دایک بووە، نووسیویەتی: وێڕای ئەوەی کە زمانی عەرەبی و فارسی لە خوزستان ڕەواجیان پەیدا کردووە، بەڵام ئەوان زمانێکی تایبەتیان هەیە، نە سریانی، نە عەرەبی و نە عیبرییە.[25]

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین کە بۆ یەکەمین جار عەرەبەکان وشەی فەهلەوی یان فەهلەویاتیان بۆ ئەو زمانە بەکارهێنا کە دەقەکانی دینی زەردەشتی سەردەمی ساسانییان پێنووسرابۆوە، هەروەها زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی بووە. ڕاستییەکەی پێش ئەوکاتە دەستەواژەی زمانی پەهلەوی و زمانی پارسیک

هەولنامەی کێتر

---

[24] - Arabistan or Khuzistan" Svat Soucek و Iranian Studies Vol. 17, No. 2/3 (Spring - Summer, 1984), pp. 195-213 (article consists of 19 pages) Published by: Taylor & Francis, Ltd. on behalf of International Society for Iranian Studies Stable URL: http://www.jstor.org/stable/4310441

[25] - Potts, D. T (1999). The Archaeology of Elam: Formation and Transformation of an Ancient Iranian State. New York: Cambridge University Press.

وەک دوو زمـــانی جیـــاواز و هەر یەک لە شـــوێنی خۆیانـــدا بەکار دەهاتن.
ئاســـاری پەهـــلەوی ئەشـــکانی ئەوانەی کە دۆزراونەتەوە بریتـــی بـــوون لە: ئاســـاری نســـا لە نزیـــک عەشـــق ئابـــادی ئێســـتا، بنچـــاقی هۆرامـــان کە ســـێ ســـەنەدی فرۆشـــتنە و لەســـەر پێســـتی ئاســـک نووســـراون، ئێســـتا لە مۆزەخـــانەی بەریتانیـــا پـــارێزراون؛ دراوی پاشـــاکانی ئەشـــکانی کە هەنـــدێک جـــار بە یۆنـــانیش نووســـراون، هەروەهـــا ژمـــارەیەک دراوی مســـی پاشـــاکانی هەرێمـــی ئـــیلام واتە باشـــووری ڕۆژهەڵاتـــی خوزســـتان کە بە ئـــابێی ئەشـــکانی نووســـراون، ئەمـــانە و ژمـــارەیەک مـــۆری تـــایبەت کە بـــۆ کۆتاییەکانی دەستەڵاتی ئەشکانی دەگەڕێنەوە.
نووســـینی ئەشـــکانی لەســـەر پەیـــکەری هەرکـــۆڵ لە کرمانشـــا و پەیـــکەری برۆنـــزی پـــایکولی کە لە دەڤەری ســـلێمانی لە ساڵی ١٩٤٨ دۆزراونەتەوە.
بەردنووســـەکانی شـــووش و چەنـــدین بەردنووســـی دیـــکەی سەردەمی ساسانی کە بە ئابێی ئەشکانی نووسراون.
هەروەهـــا پاشـــماوەکانی نووســـینی پەهـــلەوی ساســـانی خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:
دەســـتنووس و پەڕتووکەکـــان، زەبـــوری پەهـــلەوی، بەرهەمەکـــانی مـــانی پێغەمـــبەر و ژمـــارەیەک ڕســـتە و وشـــەی پەڕاگەنـــدە کە لەنێـــو کتێبەکـــانی عەرەبـــی و فارســـیدا

بە نموونە هێنراونەتەوە. دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

کورتە بەردنووسی ئەردەشێری پاپکانۆ؛ بەردنووسی ئەبنون لە بەرمی دیلەک لە ڕۆژهەڵاتی شیراز؛ نووسینی شاپور لە نەخشی ڕۆستەم؛ بەردنووسی شاپوری یەکەم لە ئەستەخری دێرین؛ بەردنووسێکی دیکەی شاپوری یەکەم لە تەنگەی بوراق؛ بەردنووسی شاپوری یەکەم لەسەر دیواری کەعبەی زەردەشتیان؛ بەردنووسێکی دیکەی شاپوری یەکەم لە پیشابور (کازرۆن).

هەروەها ئەم پەڕتووکانەش کە گومان دەکرێ دوای ڕووخانی ساسانییەکان و لەسەردەمی عەباسییەکاندا جارێکی دیکە نووسرابنەوە، وەک: فەرهەنگی ئیوەم یان ئیوەم ئیوەک، فەرهەنگی پەهلەویک، شرۆڤەکانی ئاڤێستا بە پەهلەوی بەناوی زەند و پازەند کە ئێستا تەنیا زەند یەسنا و گاهان، ویسەپەرد، وەندیداد ماونەتەوە، هەروەها نۆ بەشی دینکرد، بۆندەهیشن واتە دەستپێکی ئافراندن، بژاردەکانی زادسپەرم، دادستانی دینیگ، نامەکانی منۆچەهر، گێڕانەوەکانی پەهلەوی، زەندی وەهمەن یەسن، جاماسپنامە، یادگاری جاماسپی، هاتنی شا بەهرام، ئەندەرزنامە (هەندەرچنامە)؛ کە گرنگترینیان بریتین لە کارنامەکۆی ئەردەشێری پاپکانۆ، یادگاری زەریر، درەختا سۆریک، شایست و نەشایت، گێڕانەوەی ئومێت ئەشەوهیشتان، مادەیان هەزار دادیستان،

گێڕانەوەی ئـازەر فەرەنبەغی فەرخزادان، گێڕانەوەی فەرەنبەغ سروش، پرسەکان، پەیماننامەی هاوسەری، پەڕتووکێکی وێنەداری مانی بەناوی ئەردهەنگ یان ئەرژەنگ.

هەروەکوو پێشووتر ئاماژە کراوە کە مێژوونووسان لەسەر هەبوونی پێنج زمانی 'پەهلەوی، فارسی، فارسی دەری، خوزی و سریانی' لە قەڵەمڕەوی ساسانیدا هاوڕان، هەروەها شوێن و پێگەی ئەو زمانانە ڕوون کراوەتەوە، ئیدی دەردەکەوێ کە خاوەنداریێتی زمانی پەهلەوی بۆ کورد، بەلوچ، تاتی، تالشی، مازنی و گێلەکی دەمێنێتەوە، چونکە ئەو نەتەوانە لەناو قەڵەمڕەوی ساسانیدا بوون و ڕاشکاوانە ناوی زمانەکەیان نەهاتووە، بەڵام جوگرافیای زێد و نشتمانەکەیان ڕوون کراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئاشکرایە بیانیان ئەو ناوانەیان لەسەر ئەو نەتەوانە داناوە، دواتر باسیان لێوە دەکەین.

# زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا

زمانزان و زمانناسان ئەوەیان سەرڕاست کردۆتەوە کە کاتێک کۆمەڵە مرۆڤێک لەیەکدی دادەبڕێن و سنوور لە نێوانیاندا دروست دەبێ، واتە ژینگە و بارودۆخی جیاوازیان بۆ دەڕەخسێ یان بەسەریاندا دەسەپێ، زمان و ئاخاوتنیان بەرە بەرە دەگۆڕێ، لەوانەیە ئەو گۆڕینانە هاوکات و هاوڕەنگ نەبن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بە هۆی شێوازی ڕەفتاری دەستەڵاتداران لەگەڵیاندا، ئەو گۆڕینە بە خشکەیی دەستپێدەکات.

دوای هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی کوردستان و هاوێربوونی تیرە و هۆزەکان لەیەکدی، ئیدی هێدی هێدی زاراوە و بنزاراوەی جیاواز دروست بوون، بەتایبەتیش دوای دابەشبوونی کوردستان بەسەر ئیمپراتیۆریەتی سەفەوی و عوسمانلی، دواتر دابەشبوونی کوردستان بۆ سەر پێنج دەوڵەتی جیاواز، خۆی لە خۆیدا وای کرد کە زاراوە و بنزاراوەی دیکە دروست بن و بەناچارییەوە پەنا بۆ زاراوەزانیش (Dialectology) ببرێ، کە ئەویش هەر دوو لکی جوگرافیایی و جڤاکی دەگرێتەوە.

وشەکانی زمانی پەهلەوی بەشێوەی لکانی 'کت'ەکان بەیەکەوە، سازکراون، کت بچووکترین بەشی واچە یان

وتەیە، کاتێک کۆدەبنەوە سەریەک و بەیەکەوە دەلکێن، پەیڤێکی واتادار دروست دەکەن. ڕاستییەکەی کتەکانی زمانی پەهلەوی هەر چۆن کۆبوونەتەوە، لە توانایاندا هەبووە کە پەیڤی نوێ بئافرێنن، بەوهۆیەشەوە زۆر بەئاسانی لەیەکدی هاوێر دەکرێن. وەک:

**ئەسەر**= بێکۆتایی. ئەگەر ئەم وشەیە هەڵوەشێنینەوە، دەبێ بە: ئە=بێ، واتای تایبەت دەدا، هەروەها سەر=کۆتایی، دیسانەوە واتا دەدەن.

**ئەکار**= بێکار. ئەگەر هەڵوەشێتەوە، دەبێ بە: ئە= بێ، کە واتای هەیە. کار دیسانەوە واتای تایبەتی هەیە.

**بوندار**=بنەدار. ئەگەر هەڵبووەشێتەوە دەبێ بە: بون + دار کە هەریەکەیان بە تەنیا واتای تایبەت دەدەن. واتە لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی وشەکاندا، ئیدی واتا بۆ کتەکان دەگەڕێتەوە.

بەگشتی، لەیەکچوونی وشە و زمان، ڕەنگ و ئادگار لە نێو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەڵام ئەو لەیەکچوونە ڕێژەییە، هەیە ڕادەکەی زۆرە، هەیشە کەمە، هەیانە زۆر دەگمەنە و لە سنوورێکی بەرتەسکدان، یان بە هیچ شێوەیەک لەیەکدی ناچن، چونکە دیاردەی لەیەکچوون، بە پێی هەبوون و نەبوونی هاوڕیشەیی دەردەکەوێ. هەندێک جار وشەی هاوبەش لە نێوان دوو زمانی دوو

خێزانی جیاوازیش بەرچاو دەکەون. هاوڕیشەیی مرۆڤ و زمانەکان لە سەرەتاوە لە ناو کۆمەڵە مرۆڤێکدا پەیدا دەبن و بە دیار دەکەون کە دایکزای شوێنێک بن. واتە لە شوێنێکدا پێکەوە سەریان هەڵدابێ و ژیابن، ئەو شوێنە بۆیان بۆتە دایەنگە، شوێنی گەشە و پەرەسەندن، دواتر فراوان و گشتگیر دەبن، ئیدی دەبێ بە ماڵ و زێد و ژینگەی یەکەمیان. زانایانی زماننناس، زمانی مرۆڤەکانیان بۆ چەند خێزانێک بەشکردووە کە هەر خێزانەی بەیەکگەیشتنەوە و پەیوەندی نزیکایەتی زمانی کۆیان دەکاتەوە، بە هاوڕیشەیی و بنچینەی وشەکان، ڕێزمانی پێکهاتن و لێکدانی ڕستەکان. ئیدی بەم شێوەیە نزیکایەتی لە نێوان ژمارەیەک نەتەوە، لە زمان و ئاخاوتنیاندا بە دیار دەکەوێ، یان ژمارەیەک کۆمەڵ و نەتەوەی جیاوازی مرۆڤایەتی کە هاوڕیشەیی و هاوبنچەییان هەیە و بۆ یەک میللەت دەگەڕێنەوە یان تێکەڵاوی و پێوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، یاخود چەند وابەستەیی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیان لەنێوانــدا هەیە و بە ڕایەڵەی خزمایەتییەوە دەبەسترێنەوە.

زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو، بەتێپەڕبوونی کات و تێکەڵاویکردن لەگەڵ دیتراندا(کۆمەڵە و نەتەوەی دیکەدا) گەشەدەکات و دەگۆڕێ. لە ڕابردوودا دوو هۆکار کاریگەری ڕاستەوخۆ کاریان لەسەر زمان و چەسپاندنی

زماندا هەبووە؛ یەکەمیان دین و پەرتووکی دینی، دووەمیان دەستەڵات و فەرمانڕەوایەتی هاوبەش، بەڵام گۆڕینی زمان لە هۆکاری تێکەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەندووە. بۆ دەرخستنی لایەنی لەیەکچوونی زمانەکان و ناساندنیان، ئەم پێوەرانە خۆیان ڕەپێش دەخەن:

١- زێد و نیشتمان. (زمانی پەهلەوی و زمانی کوردی یەک زێد و نیشتمانی هاوبەشیان هەیە، هەردوو زمانەکە لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕەواجیان هەبووە و چەسپاون).

٢ – پەیڤی هاوبەش. (لە ڕووی وشەی هاوبەشەوە، وشەگەلێکی هاوبەش لە نێو زمانی پەهلەوی و کوردیدا هەن (پێشتر لە پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا – ئەمانەم ڕوون کردۆتەوە). وێڕای ئەمانەشەوە چەندین هەزار وشەی زمانی پەهلەوی بە گۆڕانی بچووک 'بە قرتاندنی پیت یان زیادکردنی پیت'، ئێستا لەنێو زمانی کوردیدا ئەرکدارن و بەکار دەهێنرێن، بێجگە لە هەژمار و شێوازی ژماردن و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی دیکەی زمانەوانی.

٣- دەنگ و گۆکردن. (لە ڕووی دەنگ و گۆکردنەوە، هەردوو زمان تەواو هاوبەشن و هیچ جیاوازییان لە

نێوانـــدا نیـــیە. پیتەکـــانی 'ئـــ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، هـــــــــ، و، ۆ، وو، ی، ێ) هاوبەشـــــن، بەڵام پیتـــی 'ذ' لە پەهـــلەوی هەبـــووە، ئێســـتا بەتەنیـــا لەنێـــو هۆرامیـــدا مـــاوەتەوە، هەروەهـــا پیتـــی 'ڵ' کە ئێســـتا لە ســـۆرانی و هـــۆرامی و هەنـــدێک زاراوەی دیـــکەدا هەیە، لەنێـــو دەقەکـــانی پەهلەویـــدا دەگمەن بووە).

٤- ڕێزمـــان و ڕســـتە ســـازی. (لە ڕووی ڕێزمـــان و ڕستەســـازییەوە لێکچـــوون و هاوبەشـــی ئێکجـــار زۆر هەیە، پێشـــتر لە 'پەهـــلەوی لەنێـــوان کـــوردی و فارســـیدا' بە درێژی باسیان لێوە کراوە)[26].

[26] - ڕێکار ئەحمەد، پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا، چاپخانەی کارۆ ٢٠٢١.

# ئەو زمانانەی کە درێژکراوەی زمانی میدی و پەهلەوین

زمانزان و دیرۆکناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری میدیا و لە هەنگاوی دووەمیشدا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری ساسانی، ئیدی ئەو زمانە بەرەو هاویری و پارچەبوون و فرە زاراوەیی ڕۆیشت؛ دواتر بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی هاوێربوون و دابڕانەوە، ژمارەیەک زمانی هاونەژادی وەک: کوردی، بەلوچی، تاتی، تالشی، گێلەکی، مازنی، فارسی دەری، ئاسی و پشتۆیی پەیدابوون و خۆیان نواند. لێرەدا لە ڕێی ناساندنی ئەو زمانانەوە، هەنگاوێک لە پرۆسەی بەراوردکاری لەگەڵ زمانی پەهلەوی، نزیکتر دەبینەوە.

**1 - زمانی کوردی**

ئەم زمانە ڕیزبەندی سی و یەکەمی لە نێو هەشتا زمانی زیندووی جیهاندا هەیە، ئێستا زیاتر لە شەست ملیۆن مرۆڤ قسەی پێدەکەن و بەسەر وڵاتەکانی ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا، ئەرمەنستان و ئازەربایجان (ئەو وڵاتانە دوای یەکەمین شەڕی جیهانەوە دروست کراون) دابەشکراون. هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەک

ئۆزبەکستان، لوبنان، تورکمەنستان و گورجستانیشدا کورد دەژین، زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان پێوانە دەکرێ، چونکە هەم پێشینەی مێژوویی هەیە و هەمیش ژمارەیەک زاراوە و بنزاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرسکی(Vladimir Minorskij)، ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلامناسی ڕووسی زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: بێگومان زمانی کوردی بنەچەی زمانی مادی (میدی) هەیە[27]. هەروەها پرۆفیسۆر گێرنۆت لودوینگ ویندفور (Gernot Ludwig Windfuhr)ی ئەڵمانی ئێرانیناس و مامۆستای پێشووی زانکۆی مشیگان، لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ بە زاراوەکانی زمانی کوردی قسە دەکەن، نەوەی ئەوانەن کە پێشتر بە زاراوەکانی زمانی میدی قسەیان کردووە. هەر سەبارەت بە پێشینەی میدی بوونی کوردان، جان لیمبێرت (John Limbert)، ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی لەو باوەڕەدایە کە مادەکان باپیرەی کوردەکانن. دیسانەوە سەبارەت بە زمانی میدی، دیاکۆنۆف دەڵێ: "زمانی ئاڤێستایی لە میدیای دێریندا گرنگترین زمان بووە، نزیکایەتی لەگەڵ زمانەکانی هیند و ئۆروپایی هەیە، ناتوانرێ ئەم زمانە بە پارسی ناو بنرێت کە زمانی فەرمی ئێرانە".

---

27 - ولادیمیرفئودوروویچ مینورسکی، کردها نوادگان مادها، مترجم: جلال جلالی‌زاده، ناشر: ژیار، سال چاپ: 1382 خورشیدی.

لە پێنج سەت ساڵی رابردوودا، بەهۆی داگیرکاری و دابەشبوونی کوردستان لە نێوان سەفەوی و عوسمانلیدا، چەندین هۆز و تیرەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆیان، پشتیان لە زمانی کوردی کردووە و زمانی سەردەستانیان پەسند کردووە و ناسنامەی خۆیان گۆڕیوە.

## 2 - زمانی بەلوچی

نەتەوەی بەلوچ بەسەر سێ دەوڵەتی پاکستان، ئێران و ئەفغانستاندا بەشکراوە، زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس قسە بە زمانی بەلوچی دەکەن و موسڵمانی سوننەن. هەزار ساڵ لەمەوبەر مێژوونووسانی وەک ئیبن حەوقەل و ئیبن ئەسیر جەختیان لە یەکبوونی کورد و بەلوچ کردۆتەوە. ئێستاش زمانناس و دیرۆکناسان جەخت لە نزیکایەتی زمانی بەلوچی و کوردی دەکەنەوە، تەنانەت هەندێک لە تۆژەران راشکاوانە نووسیویانە کە زمانی کوردی و بەلوچی بە بەراورد بە زمانەکانی دیکە، نزیکایەتی زیاتریان لەگەڵ زمانی پەهلەویدا هەیە.
زمانی بەلوچی لە نێو بنەماڵەی زمانەکانی باکووری رۆژئاوای ئێراندا جێی گرتووە، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زمانەکانی تاتی، کوردی، گیلەکی و تالشیدا هەیە. دیرۆکنووسان پێیانوایە کە زێدی سەرەکی ئەم زمانە دەوروبەری دەریای خەزەر بووە، لە قۆناغەکانی دواتردا

بەرەو شوێنی ئێستایان کۆچیان کردووە. ئەوەی ئاشکرا بووە کە بەلوچی لە هەورامی و زازاکی نزیکترە، کە ئەوانیش وەک دوو زاراوەی کوردی خەملێندراون و نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ پەهلەوی ئەشکانیدا هەیە[28]. بۆ زیاتر شارەزابوون، بەهۆی چەند وشەیەکەوە، بەراوردکاری دەخەینە بەرچاوان.

| پەهلەوی | کوردی | بەلوچی | فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| سوچن | سوژن | سوچن | سوزەن |
| هەژدە | هەژدە | هەژدە | هیجدە |
| درووو، درۆگ | درۆ | درۆگ | دروغ |
| سپید | سپی | ئەسپیت | سفید |
| وانگ | بانگ | بانگ | ئەزان |
| هامین، هامێن | هاوین | هامین | تابستان |
| سۆر،سوخر | سوور،سۆر | سوهر | سورخ |
| ئەسپ | ئەسپ،هەسپ | ئەسپ | ئەسب |
| موشک | مشک | مشک | موش |
| بورز، بولەند | بەرز، بڵند | بەرز | بلند |
| شۆی | شوو | شوو | شوهەر |
| جامەک | جلک، جل | جل | لباس |
| ڕۆچ | ڕۆژ، ڕۆچ | ڕوەچ | ڕوز |
| پار | پار | پاری | پارسال |

[28] - دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، رضایی باغ بیدی، بلوچی، ص 520

بە بڕوای زۆربەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر زمانی ئاڤێستایی کردووە، بەو ئاکامە گەیشتوون کە زاراوەکانی هەورامی، کردکی (زازاکی) لەگەڵ زمانی بەلوچی، زۆر لە ئاڤێستاوە نزیکن و زۆر بە کەمی گۆڕاون. واتە دەکرێ بگوترێ کە پەهلەوی ئەشکانی زۆر لە ئاڤێستا نزیکترە تا پەهلەوی ساسانی، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، چونکە ئاڤێستا بەو زاراوەیە نووسراوە کە زەردەشت و هۆزەکەی قسەیان پێکردووە، بەڵام ساسانی کە ئەویش هەر درێژەپێدەری مادییە، بە هۆی ئەوەی کە گشتگیرتر و بەرفراوانتر بووە، هەروەها بەهۆی تێپەڕبوونی زەمانەوە وردە وردە لە ئاڤێستایی دوور کەوتۆتەوە.

### 3 - زمانی تاتی

هەرچەندە سەرژمێری گشتی ئاخێوەرانی ئەم زمانە دیار نییە، بەڵام خۆی لە نیو ملیۆن مرۆڤ دەدا. لە سەرژمێری رووسی ساڵی ١٩٠١دا، ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی قاجاریدا بە تاتی قسەیان کردووە بە ١٣٥٠٠٠ هەزار خەملێندراوە. هەروەها دیرۆکناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمانی تاتی زمانی خەڵکی قەزوین، تاکستان و سەرتاپای ئازەربایجانی ئێستا بووە. سەبارەت بە وشەی تات، شەمسەدین سامی، لە ستوونی دووەمی لاپەڕەی ٣٧٠ی

قاموسـی تورکیـدا نووسـیویەتی: تورکەکـانی جـاران، ئەو ئێرانـی و کـوردانەی کە لە ژێـر فەرمـانڕەوایەتی خۆیانـدا بـوون بە تـات نـاودەبرد. هەمـوو ڕۆژهەڵاتنـاس و دیرۆکناسـان جەخـت لە یەکرِیشـەیی میـدی، کـوردی و تـاتی دەکەنەوە. هەنـدێک زۆر ڕاشـکاوانە گوتویـانە کە زمـانی تـاتی و کـوردی پێوەنـدی نزیکیـان هەیە، چـونکە هەردووکیـان درێژەپێـدەری زمـانی میـدی و پەهلەویـن. هەروەهـا جەخـت لە میـدی بـوونی تاتەکـان دەکەنەوە و دەڵـێن: تاتەکـان ئەو میـدانەن (مـادانەن) کە لە قەفقاس و دەوروبەری دەریـای خەزەردا دەژیـان و تـا هـاتنی ئیسـلامیش پێوەنـدییان لەگەڵ میـدیاییەکانی دیـکە نەپچڕابوو.

لێـرەدا چەنـد وشـەیەک بە نمـوونە وەردەگـرین و لەگەڵ زمـانی پەهـلەوی، کـوردی و فارسـیدا بەراوردیـان دەکەیـن، لەو ڕێـیەوە نزیکـایەتی لەگەڵ ئەو زمانـانەدا خـۆی دەنـوێنێ و خۆی پیشان دەدا.

| پەهلەوی | کوردی | تاتی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ئاییێنەک | ئاوێنە | ئاڤێنە | ئایینە (آیینە) |
| ئیمرۆچ | ئیمڕۆ، ئەمڕۆ | ئەمڕۆ | ئێمروز |
| سەرت | سارد، سار | سارت | سەرد |
| نەخچیر | نێچیر | نەچیر | شکار |
| مێرەک | مێرد | مەرت،مەرد | شوهەر |
| گۆڕ | گۆڕ | گۆڕ | گور |
| کارت | کێرد، کێرک | کوردا | کارد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەماهـ | ئێمە، ئەم | ئاما | ما |
| مەزەک | مەزە، تام | تام | مەزێ (مزە) |
| مێدان | مەیدان | مەیدون | مەیدان (میدان) |
| نەماچ، نمێچ | نوێژ | نەموژ | نەماز |
| پەنچ، پێنج | پێنج | پینج | پەنج |
| دێوانەک | دێوانە،شێت | شیت | دیڤانێ (دیوانە) |
| ڕاس، ڕاهـ | ڕێ | ڕۆ | راه |
| دێهیک | دێ، گوند | دی | دهکدە |
| دوور | دوور | دوور | دور |
| دوشمێن | دوژمن | دەشمەن | دوشمەن |
| گوناک | گوناح، گونەهـ | گەنو | گوناهـ(گناه) |
| ئاپ | ئاو، ئاڤ | ئۆڤ، ئاو | ئاب |
| ئەسپ | ئەسپ، هەسپ | ئۆسپ | ئەسب (اسب) |
| زنگ، پاغ | لنگ، پێ | لنگ | پا |
| چینار | چنار،چینار (کر) | چینار | چنار |
| چیهر، ڕۆغ | ڕوو، دیم | دیم | چهرە، روی |
| ڕۆچ | ڕۆژ، ڕۆچ | ڕووژ | روز |
| سەخڤەن | قسە | قسا | سوخەن (سخن) |
| سال، سارغ | سال، ساڵ، سار | سور | سال |

### 4 - زمانی تالشی

وەکوو ئەندامێکی بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێران پێوانە کراوە؛ بە گوێرەی سەرچاوەکان بۆ دوو دەستە

بەشـــکراوە، دەســـتەی بـــاکوور کە تالشـــەکانی کۆمـــاری ئازەربایجـان و شـارەکانی نەمـین و ئاسـتارا[29] دەگـرێتەوە، هەروەهـا دەسـتەی باشـووریش شـارەکانی ماسـال، فـومەن و شـێفت (سـێ شـاری ئوسـتانی گەیـلان) دەگـرێتەوە. بە تێکڕایــی نــزیکەی دوو ملیــۆن مــرۆڤ بەو زمــانە قســە دەکەن[30]. زمـــانی تالشـــی نزیکـــایەتی زۆری لەگەڵ کــوردی، تــاتی، تــاجیکی، فارســی دەری و ئاسـیدا هەیە، بەتـایبەتیش لێکچـوونی لەگەڵ زمـانی میـدی و ئاڤێسـتاییدا هەیە. لەم بـارەیەوە 'و.ب. میللێـر' نیشـانی داوە کە زمـانی تالشـی تـایبەتی دەنگەکـانی زمـانی مـادی پاراسـتووە.[31] بەگـوێرەی سـەرچاوە مێژووییەکـان، ئـاخێوەرانی زمـانی تالشـی لە هەرێمـی تـالش و لە نزیـک ڕووبـاری ئـاراس و دەریـــای خەزەردا ژیـــاون. مێژوونووســـان پێیـــانوایە کە تالشـــەکان هەمـــان تیـــرەی کادۆســـی میـــدەکانن، بەڵام لە ســـەردەمی هەخامەنشیەکانیشـــدا ســـەربەخۆیی خۆیـــان پاراســتووە. لە ســەرەتای ئیســلامدا زێــدی تالشــەکان بە زێـدی دەیلەمیەکـان ناسـێندراوە. نشـینگەی تالشـەکان هاوســنووری تاتەکــان بــووە، لە باشــووری قەفقاســیا تــا ئەرمینیـا درێـژ بـۆتەوە. دواى هێـرش و پەلامـاری مەغـۆل

---

[29] - نەمین ناوی شارێکێ ئوستانی ئەردەبیل و ئەستاراش ناوی شارێکی ئوستانی گەیلانە، کە لە باکووری ئێران هەڵکەوتوون.

[30] - علی عبدلی، تالشان کیستند؟، چاپ اول ١٣٩١ خورشیدی، ناشر، نشر جامعەنگر.

[31] - دیاکنوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران ١٣٧٠خ، ص٥٩٧.

و سەلجوقییەکان، ئیدی هێدی هێدی زمانی تورکی شوێنی تالشی گرتۆتەوە، نازاندرێ بەزۆرەکی بووە یان ئارەزوومەندانە خەڵکەکە زمانی خۆی گۆڕیوە و زمانی تورکیان هەڵبژاردووە. زمانی تالشی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ زمانەکانی باکووری ئێراندا هەیە .

ڕاستییەکەی بەهۆی پەیمانی تورکمەنچای ساڵی ١٨٢٨ی زایینی، بەشی قەفقاسیا دابڕێندرا، بەوهۆیەوە تالش و تات و کوردەکان لەیەکدی هاوێر کران و دوور کەوتنەوە. واتە هەندێک لە نێو سنووری قاجاریدا مانەوە، ئەوانەی دیکەش وەژێر فەرمانڕەوایەتی ڕووسەکان کەوتن.

ئەگەر لە ڕێی چەند وشەیەکەوە، زمانی تالشی لەگەڵ زمانی پەهلەوی، کوردی و فارسیدا بەراورد بکەین، بێگومان ئاکامێکی باشترمان چنگ دەکەوێ.

| پەهلەوی | کوردی | تالشی | فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| ماونگە،مانگە | مانگ | مانگ،مونگ | ماهـ (ماه) |
| شەپ | شەو، شەڤ | شەو، شەڤ | شەب(شب) |
| گۆپتن | گۆتن، وتن | واتەن،واتێ | گوفتەن(گفتن) |
| ژەن، زەن | ژن | ژەن، ژێن | زەن (زن) |
| گوربەک | پشیلە، پشیک | پیشیک | گوربە، پشی |
| سەپز | سەوز، کەسک | سەوز | سەبز |

| ئەز، من | ئەز، من | ئەز، من | مەن (من) |
| --- | --- | --- | --- |
| کوو | کویٚ، کوو، کوا | کوورا | کوجا (کجا) |
| کەفتەن | کەوتن | | ئوفتادەن (افتادن) |
| گەردەن | گەردەن، مل | میل | گەردەن (گردن) |
| شەپان | شوان، شڤان | شیپان | چوپان |
| شەپچارەک | شەوچەرە | شۆچەرە | شەبچەریٚ (شب چره) |
| تاپەک | تاوە | تاوە، تاڤە | تابیٚ (تابە) |
| ژوزەک | ژوژی، ژیژی | ژەژۆ،ژەژیٚ | جوجەتیغی |
| پوهل،پوهر | پرد، پر | پەر | پول (پل) |
| هوشک | هیشک، | هیشک، هیشکۆ | خوشک (خشک) |

**5 -زمانی مازنی**

ئەم زمانە بە 'تەبەری'ش دەناسریٚ، لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئیٚران و دەستەی زمانەکانی کاسپین (خەزەر) پیٚوانە کراوە، ئەم زمانە نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ هۆرامی و زازاکی و زمانەکانی تاتی و تالشی و گیٚلەکیدا هەیە؛ لە دیٚریندا هەر زاراوەیەکی پەهلەوی ئەشکانی بووە، زیاتر لە شەش ملیۆن کەس بەم زمانە قسە دەکەن.

ئیٚستا بەهۆی چەند وشەیەکەوە بەراورد لەنیٚون زمانەکانی پەهلەوی، کوردی، مازنی و فارسیدا دەکەین،

بەوهـــــــۆیەوە ئەنـــــدازەی نزیکـــــایەتی لەگەڵ هەریەک لەو زمانانەدا ئاشکرا دەبێ.

| پەهلەوی | کوردی | مازنی | فارسی |
|---|---|---|---|
| تەحل | تەحل، تاڵ | تەهل | تەلخ |
| هەمبار | عەمبار | عەمبار | ئەنبار |
| ئەسپ | ئەسپ، هەسپ | عەسپ | ئەسب |
| ئافتاپ | ئافتاو، هەتاو | عافتۆو | ئافتاب |
| شەپ | شەو، شەڤ | شۆو | شەب |
| گۆشت | گۆشت | گوشت | گوشت |
| خواپ | خەو، خەڤ | خۆو | خواب(خاب) |
| مەژگ | مەژی، مێشک | مەژ | مەغز |
| باریک، نیزار | باریک،لاواز | باریک | لاغر |
| کیلیل | کلیل | کەلیل | کلید |
| سۆختەن | سۆتن،سووتان | سۆختەن | سوختەن |
| کەتام، کەتار | کامە، کێهان | کەمو | کودام(کدام) |
| لەپ، لەف | لیڤ، لێو | لۆڤ | لەب (لب) |
| ئیمرۆچ | ئیمرۆ، ئەمرۆ | ئۆمرۆ | ئێمڕوز |
| خۆن،خوون | خین، خوێن | خین | خون |
| هەفتدەهـ | حەڤدە، هیڤدە | هیڤدە | هەڤدە |
| زووان، | زوان، زمان | زۆون | زەبان(زبان) |

**6 - زمانی گێلەکی**

ئەم زمانەش لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێران و لە دەستەی زمانەکانی دەریای خەزەردا پێوانە کراوە، بەوهۆیەوە نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ زمانەکانی کوردی، تاتی، تالشی و مازندەرانیدا هەیە کە ڕەگ و ڕیشەیان بۆ زمانی پەهلەوی ئەشکانی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە کە هیچ ئامار و سەرژمێری فەرمی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە گوێری هەندێ سەرچاوە، وا خەملێندراوە کە نزیکەی سێ ملیۆن و نیو مرۆڤ بەو زمانە قسە دەکەن.

لێرەدا بەهۆی چەند وشەیەکەوە بەراوردکاری لە نێوان زمانەکانی پەهلەوی، گێلەکی، کوردی و فارسیدا دەکەین، لەوانەیە بەو هۆیەوە ڕێژەی نزیکایەتی زمانی گێلەکی لەگەڵ ئەو زمانانەدا خۆیا ببێ.

| پەهلەوی | کوردی | گێلەکی | فارسی |
|---|---|---|---|
| پوهل،پوهر | پرد، پر(ب) | پور | پول (پل) |
| ئورموت | هەرمێ | هەربێ | گولابی |
| کەنیچەک، دوختەر | کەنیژەک، کیژ، کچ | کیجا | دوختەر(دختر) |
| دار، درەخت | دار،درەخت | دار | درەخت(درخت) |
| زامات، دامات | زاوا، زاماد | زۆمێ | داماد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شامەک، سریشک | چۆڕ، دڵۆپە | چۆڕی | قەترێ(قطره) |
| ڕەز | ڕەز | ڕەز | باغێ ئەنگور، تاکستان |
| دالمان | داڵ، هەڵۆ | دال | عوقاب(عقاب) |
| برات | برا | برار | بەرادەر(برادر) |
| رۆچ | ڕۆژ، ڕۆچ | روج، روژ، رۆچ | روز |

دکتۆر حەمید تاهیری سەبارەت بەو زمانانە، ئاماژە بە نووسینێکی دیاکۆنۆف دەکات کە پێشتر لە پەڕتووکی مادەکاندا نووسیبووی: (هەتا ئێستاش تاتییەکان، تالشییەکان، گێلەکیان و مازەندەرییەکان بە زاراوەکانیان قسە دەکەن کە پاشماوەی زمانی هیندی و ئورووپاییە، لە زۆر بواردا جیاوازییان لەگەڵ فارسیدا هەیە، بەڵام لێکچوونیان لەگەڵ زمانی پارتی (پەهلەوی ئەشکانی) و ئاڤێستاییدا زۆرە، بەوهۆیەوە ئەگەر تاتی و تالش و ئەلبانیەکان بە مادی (میدی)، دابنێین و پێمانوابێ کە بەزۆرەکی فارسێندراون، بەتەواوی هەڵەمان کردووە، چونکە تاتی و تالشی بەتەواوی بنەمای زمانی مادییان پاراستووە)[32]. هەروەها سەبارەت بە پەهلەوی

---

32 - دکتر حمید طاهری، پژوهشی در پیوند تاتی و کردی، https://elmnet.ir

نووسـیویەتی کە زاراوەکـانی بـاکووری ئێـران شـێوەیەکی پێشـکەوتووی زمـانی مـادین و لە زمـانی کـوردییەوە نـزیکن کە ناسنامەکەی هەر ناسنامەی زمانی مادی (میدی)یە.
لە ڕێـی ئەو بەراوردکاریـانەوە نزیکـایەتی زمـانی کـوردی لەگەڵ زمانەکـانی بـاکووری ئێـران زۆر بە ئاشـکرا دەردەکەوێ، بەتـایبەتیش لە پاراسـتنی وشـەی دێـرین و ڕەسەنی میدی و پەهلەویدا.

7 - **زمانی پەشتۆ** (پەشتۆن)
ئەم زمـانە لە بنەمـاڵەی زمانەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـدا پێـوانە کـراوە، واتە زمـانێکی نێـو بنەمـاڵەی هینـد و ئەوروپییـیە، یەکێـک لە دوو زمـانە فەرمیـیەکەی وڵاتـی ئەفغانسـتانە، نـزیکەی چـل مليـۆن مـرۆڤ بەو زمـانە قسـە دەکەن، وەک دەگـوترێ زیـاتر لە ٢٣ مليـۆن پەشـتو لە پاکسـتان و ئەوانـی دیـکەش لە نێـو سـنووری وڵاتەکـانی ئەفغانستان و ئێران و هیندستاندا دەژین.
زۆرێـک لە زمانناسـانی ئوروپـایی لەو بـاوەڕەدان کە زمـانی پەشـتۆ پێشـینەی ئاوێسـتایی هەیە و نزیکـایەتی زۆری لەگەڵ ئەو زمانـانەدا هەیە کە دێژکـراوەی زمـانی ئاڤێسـتایین، بەتـایبەتیش نزیکـایەتی لەگەڵ زمانەکـانی خـوارزمی و سـوغدی دێرینـدا هەبـووە، بەڵام لە ڕوانـگەی ڕێزمـان و دەسـتووریدا جیـاوازی لەگەڵ زمانەکـانی دیـکەی بنەمـاڵەی بـاکوور و ڕۆژئـاوایی ئێرانـدا هەیە. بەهـۆی

ئەوەی کە بە درێژایی هەزار و چوار سەت ساڵی ڕابردوو، هەمیشە لەژێر کاریگەری زمانەکانی فارسی، عەرەبی، هیندی و ئینگلیزیدا بووە، ئیدی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و وشەگەلێکی زۆری لە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی وەرگرتووە.

جێی خۆیەتی کە لە ڕێی هەندێ وشەوە بەراوردکاری لەنێوان زمانەکانی کوردی، فارسی و پەشتۆییدا بکەین.

| پەشتۆ | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| بچ کول | بچکۆڵ | کودەک(کودک) |
| پغێ(پغه) | پێ | پا |
| پلار | باوک، باب، باڤ | پدەر(پدر) |
| ته، تا | ته(ب)، تۆ | تو |
| چرگه | چرگ، مریشک | مورغ(مرغ) |
| خوارەخ | خۆراک | غەزا(غذا) |
| ژەر، ژێرە | زەر(ب)، زەرد | زەرد (زرد) |
| سپی | سەگ، سە | سەگ(سگ) |
| سپین، سپینە | سپی | سفید |
| سوور، سرە | سوور، سۆر | سورخ (سرخ) |
| سەرچینە | سەرچاوە | مەنبەع(منبع) |
| شین، شنە | شین | ئابی (آبی) |
| کاکا | مام، کاکۆ | عەمۆ (عمو) |
| مورد | دایک | مادەر(مادر) |

| | | |
|---|---|---|
| مۆژک | مشک | موش |
| ورور | برا | بەرادەر(برادر) |
| ئاسمان | ئاسمان، ئەزمەن | ئاسمان(آسمان) |
| ئورِی | هاوین، هورِرِە | تابستان |
| ئوسپنە | ئاسن | ئاهن(آهن) |
| ئەپل | سێو، سێڤ | سیب |
| ئاور، ئۆر | ئاگر، ئاور | ئاتەش (آتش) |
| نوی | نو، نوێ، نی | نو (نەو) |

زمانی پشتۆن بەهۆی ڕەوشی کۆمەڵی جڤاکی و ژێردەستییەوە، هەر بە سێوی و هەژاری ماوەتەوە و بایەخی پێنەدراوە، بەلاّم ئێستا دوای هاتنەسەرکاری تالبان، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە باشی ئاورِی لێ بدرێتەوە و زۆر خزمەت بکرێ، تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەر و سیاسییەکان پێیانوایە کە پشتۆکان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان و زیندوو کردنەوەی زمانەکەیان، بانگەشەی دینیان دەستپێکردووە، چونکە پێیانوایە لەو ڕێیەوە دەتوانن نەتەوەکەی خۆیان پێشبخەن و بە دنیای بناسێنن. هەڵبەت زیندووکردنەوە و پێشخستنی زمانیش مەرجێکی بەهێزی خۆجیاکردنەوە لە نەتەوەکانی دیکەیە.

**8 - زمانی فارسی دەری**

جاران، ئەم زمانە وەک بەشێک لە زمانی فارسی پێوانە دەکرا و بە ئەفغانی دەناسرا، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ خۆ جیاکردنەوە لە ئێران، بە فەرمی ناوی 'دەری' لەسەر داندرا. هەرچەندە هەتا ئێستاش بە شێک لە زمانزانان بە پارسی ڕۆژئاوا ناوی دەبەن. زیاتر لە ٢٠ ملیۆن مرۆڤ بەو زمانە قسە دەکەن. زیاتر لە ٧٧٪ دانیشتوانی ئەفغانستان پێکدەهێنن، زاراوەکانی کابولی (کابلی)، مەزاری، هەراتی، بەدەخشی، پەنجەشیری، لەغمانی، سیستانی، ئیماقی، تاجیکی و هەزارەگی دەگرێتەوە.

لە دێریندا فارسی دەری وەکوو زمانێکی نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانی ناوی هاتووە. هەرچەندە زۆرینەی نووسەرانی ئەفغانی هەوڵدەدەن کە نووسینەکانیان لە زمانی فارسی (ئێران) نزیک بکەنەوە، بەڵام هۆز و تیرەکانی ئەفغانستان بە شێوەی دەری قسە دەکەن کە هەندێک جیاوازی لەگەڵ فارسی فەرمیدا هەیە، ئەوان پێداگری لەسەر زمانی خۆیان دەکەن و پێیانوایە کە زمانی فارسی (ئێران) هەڕەشە و مەترسی لەسەر دەری دروست دەکات. هەروەها ژمارەیەک نووسەر و ڕۆشنبیری دیکەش لەو باوەڕەدان کە ناوی زمانی دەری ڕاستترە، بۆ ئەمەش پشت بە نووسینی هونەرە ناودارەکانی خۆیان دەبەستن، لەو نێوەندەدا چەندین

نموونە دەهێنینەوە، لێرەدا ڕامانی دوو هۆزانڤانی ناسراوی دەری بە نموونە دەهێنینەوە.

ئیقبالی لاهوری وەک بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی پاکستان ناسراو بووە و نزیکەی ۱٥۰ساڵ پێش ئێستا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە و ساڵی ۱۹۳۸ کۆچی دوایی کردووە، دەری وەکوو زمان وێنا کردووە و گوتویەتی:

این همه خوابست یا افسونگری

برلب مریخیان حرف **دری**

هەروەها ئوستاد خەلیلی، هۆزانڤانی ناوداری ئەفغانستان کە لە نێوان ساڵی (۱۹۰۷ – ۱۹۸۷) ژیاوە، دەری وەک زمانێکی سەربەخۆ ناساندووە و گوتویەتی:

من **دری** گویم **دری** آن منست

این زبان ارث نیاکان منست

ڕاستییەکەی زمانی دەری بەردەوام لەژێر کاریگەری زمانی فارسی ئێران، ئینگلیزی، ڕووسیدا بووە، هەروەها بەهۆی نزیکایەتی لەگەڵ پەشتۆکان، وشەگەلێکی زۆری پەشتۆنی خۆیان لە نێو ئەم زمانەدا خزاندووە، هەروەها دەیان وشەی تورکیش لەنێویدا جێیان گرتووە.

لەلایەکی دیکەوە، کریستێنسەر، ڕۆژهەڵاتناسی دانمارکی و دینیگ، ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی لەو باوەڕە دان کە وشەی دەری لە بنچینەدا دەهاری بووە کە ناوی

سەرزەمینی تەخار بووە[33]. دیارە دواتر عەرەبەکان بۆ دەری گۆڕیویانە.
لێرەدا هەندێک وشەی فارسی دەری، لەگەڵ زمانی کوردی و فارسی بەراورد دەکەین، لەوانەیە بەو هۆیەوە بتوانین جیاوازییەکانی نێوان فارسی و فارسی دەری باشتر بە دیار بکەون.

| فارسی دەری | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| شو (شەو) | شەو، شەڤ | شەب (شەب) |
| آو (ئاو) | ئاو، ئاڤ | ئاب (ئاب) |
| خو (خەو) | خەو | خواب (خاب) |
| مکتب (مەکتەب) | خوێندنگە، مەکتەب | مدرسە (مەدرەسە) |
| کچالو (کەچەلو) | پەتاتە، کارتۆپل | سیب زمینی |
| چرخ بال (چەرخ بال) | باڵەفڕ، هەلیکۆپتەر | هلیکوپتر، بال گرد |
| مەیدان هوایی | فڕگە، فڕۆکەخانە | فرودگاه |
| بیرق ، جَهَندە | ئاڵا، بەیداغ | پرچم (پەرچەم) |
| پشک | پشیلە، پشیک | گربە (گوربێ) |
| پوقانە | پفدانک، میزڵدان | بادکنک |
| تربوز | شووتی، زەبەش | هندوانە |

33 - وحید پیمان، فارسی و دری؛ دو زبان یا دو گویش متفاوت؟، https://8am.af، ١١ قوس ١٣٩٨.

| | | |
|---|---|---|
| جواری | گەنمەشامی | ذرت |
| زردک | گێزەر | هویج |
| تەرازو | تەرازوو | میزان |
| ژالە | تەزرە | تگرگ |
| یوغ | نیر | یوغ |
| غچی | پەڕەسێلکە | پرستو |
| فابریکە | کارگە، کارخانە | کارگاه، کارخانە |
| قیماق | قەیماغ،سەرتوێژ | سرشیر، خامە |
| لبلبو | چەوەندەر | چغندر |
| ناک | هەرمێ | گلابی |
| وطن | وڵات، نیشتمان | میهن |
| واسکت | قەمسەڵە | کاپشن |
| چوکی | کورسی | صندلی، کرسی |
| شادی | مەیمون | میمون |
| زینە | پلیکان، پێلک | نردبان، پلکان |
| قصە (گپ زدن) | قسەکردن | حرف زدن |
| صحتمند | تەندروست، ساغ | سالم، تندرست |
| مقبول | پەسند | پەسند |
| آب روان | ڕووبار، ڕۆبار | رودخانە |
| گندنە | کەوەر | ترە(تەرێ) |
| شفقت | بەزەیی | ترحم، دلجویی |
| کلان | گەورە | بزرگ |
| تصادم | تامپۆن | تصادف |

| | | |
|---|---|---|
| بیکران | بێکۆتایی | بی پایان |
| فیلمرغ | قەل، عەلەشیش | بوقلمون |

**9 - زمانی ئاسی (ئیرۆنی)**

ئەم زمانەش لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێران و لەنێو خێزانی گەورەی هیند و ئورووپاییدا جێی گرتووە، لە نیشتمانێکی لەتکراوی نێوان ڕووسیا و گورجستاندا قسەی پێدەکرێ، ئەو نیشتمانەش بە ئۆسیتا ناسراوە. ئۆسیتای باکوور (ئالانیا) لەنێو سنووری ڕووسیادایە، هەروەها ئۆسیتای باشووریش لەنێو سنووری گورجستاندایە، هەردوو هەرێمەکەش خۆبەڕێوەبەرن. ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەس قسەی پێدەکەن، بەڵام بەهۆی فەرمانڕەوایەتی دیترانەوە، وشە گەلی ڕووسی و گورجی بۆ نێو زمانی ئاسی شۆڕ بوونەتەوە و جێوارن. زمانی ئاسی دوو زاراوەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش ئیرۆنی لە ڕۆژهەڵات و دیگۆر لە ڕۆژئاوای ئۆسیتا.

هەندێک لە دیرۆکناسان ئۆسیتیەکان بە نەوەی سکاکان دەناسێنن و هەندێکی دیکەش پێیانوایە کە نەوەی ماساگێتیەکانن کە توانیان کورووشی هەخامەنشی بکوژن و پارێزگاری لە نیشتمانی خۆیان بکەن، ئەگەر چی پێشتر ئەوان لەنێو ئیمپراتۆریەتی میدیدا بوون. سەبارەت بە ئازایەتی ماساگێتیەکان، هیرۆدۆت نووسیویەتی: (ماساگێتیەکان خەڵکێکی گەلێک بوێرو

ئـــازابوون، ئەوان لە ناوچەکـــانی رۆژهەڵاتـــی دوور لە چـــۆمی ئـــاراس دەژیـــان. شـــارەزایان دەڵـــێن کە ماساگێتیەکان لە ڕاستیدا لە ڕەگەزی سکیتین)[34].
لێـرەدا بە چەنـد وشـەیەک بەراوردکـاری لە نێـوان زمـانی ئاسی، پەهلەوی و کوردیدا دەکەین.

| پەهلەوی | ئاسی | کوردی |
|---|---|---|
| سەر | سەر | سەر |
| ئەنگوست | ئەنگوز | ئەنگوست |
| پیل | پیل | فیل |
| خۆ | خۆرش | خۆش، باش، چاک |
| خواردن | خەرون، خەران | خواردن، واردن |
| ئاتر | ئارت | ئاگر، ئاور |
| ڤێنیک | فێنز | دفـن، لـووت، کەپـوو، پۆز |
| سۆر، سوخر | شێرخ | سۆر، سوور |
| زەرت، زەرد | بور | زەر، زەرد |

[34] - هێرۆدۆت، مێژووی شەڕی پارسەکان، وەرگێڕانی: عەلی فەتحی، چاپەمەنی مانگ، بەهاری ٢٠١٩، لاپەڕە ١٠٨.

## هاوئاهەنگی نێوان پەهلەوی و کوردی

هەرچەندە کە زمانی فارسی پێشینەی هاوبەشی لەگەڵ زمانی ئاڤێستاییدا نییە، بەڵام زۆرێک لە زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسان، بەهۆی تێکەڵاوکردنی پارس و پەهلەوی و هاونیشتمانبوونی ئەو دوو نەتەوەیە، ئیدی پێیانوابووە کە زمانی فارسیش هەر پاشماوەی زمانی پەهلەوییە، بەڵام کاتێک زمانی پەهلەوی لەگەڵ زمانی کوردی و فارسی بەراورد دەکەین، وەک خۆری ئاسمان دەردەکەوێ کە ئەوانە سەرچیغ ڕۆیشتوون و کەج نیشانەیان گرتووە، چونکە پەهلەوی و کوردی پتر سازگارن و لە یەکدییەوە نزیکترن. زۆر پێویستە کە ئەمانە لەبەرچاو بگرین:

١- دوو پیتی بێدەنگ لەدەستپێکی وشە لە زمانی پەهلەویدا هەن، وەک برات؛ لە کوردی بووە بە برا و لە فارسی بە برادر دەنووسرێ بە 'بەرادەر' گۆ دەکرێ و دەخوێنرێتەوە؛ بروک، بروی، لە کوردی بووە بە برۆ، لەفارسیدا بووە بە ئەبرو؛ فریات، لە کوردی بووە بە فریاد، لە فارسی بە فریاد دەنووسرێ و بە فەریاد گۆ دەکرێ؛ ستار، لە کوردی بووە بە 'ستێر' و 'ئەستێرە'، لە فارسی بووە بە سەتارە؛ دریچ، لە کوردی بووە بە درێژ و لە فارسی بووە بە دەراز؛ سپوک لە کوردی بووە بە سووک، لە فارسی بووە بە سەبوک (سبوک)؛ فرێو، لە کوردی بووە بە فریو، لە فارسی بە فریب

دەنووسرێ بە فەریب دەخوێنرێتەوە. لەهەندێک وشەی دیکەدا ئەگەر دوو پیتی دەنگدار لە دەستپێکدا هەبن، ئیدی 'کەسرە' مامەندی عەرەبی یان 'ێ' یان 'ۆ'ی سووک بە دوای پیتی یەکەمدا زیاد دەکرێ، وەک سپید، لە کوردی بووە بە سپی لە فارسی بە سفید دەنووسرێ و بە (سێفید) دەخوێنرێتەوە؛ ستایشن، لە کوردی بووە بە ستایش، لە فارسی بە ستایش دەنووسرێ بە سێتایش دەخوێنرێتەوە؛ دروشت، لە کوردی بووە بە درشت، لە فارسی درشت دەنووسرێ بە دۆروشت دەخوێنرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، پەهلەوی و کوردی سازگار و وەک یەکن، هاتنی دوو پیتی بێدەنگ لە دەستپێکی وشەدا ئاسایی و سروشتییە، کەچی دوو پیتی بێدەنگ لە دەستپێکی وشەی زمانی فارسیدا بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێ، تەنیا لە هەندێک وشەدا ئەگەر هەردوو پیتی 'ف' و 'ر' هەبن، بێ دەستکاری دەخوێنرێنەوە، وەک فروغ، فروهەر، فروزان، فرو.

٢- پیتی 'س'ی زۆر وشەی پەهلەوی لە زمانی فارسیدا بۆ 'هـ' دەگۆڕدرێن، بەڵام لە کوردیدا گۆڕانییان بەسەردا نایێ و مینای خۆیان دەمێننەوە. وەک: ئاسک، لە کوردی ئاسک ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە ئاهو؛ ئاسن، لە کوردیدا بە ئاسن و هەسن ماوەتەوە، بەڵام لە فارسیدا بووە بە ئاهن. مەسیەی ئاڤێستایی و ماسی پەهلەوی لە

کـــوردی بە ماسی مـــاوەتەوە و لە فارســـی بـــۆ مـــاهی گۆڕاوە.

٣- لە زۆربەی ئەو وشـــانەی پەهـــلەوی کە کۆتاییـــان بە پیتـــی 'ذ' هـــاتووە، لە کـــوردی بـــۆ 'ز' گـــۆڕاوە، بەڵام لە فارسـی بـووە بە 'د'. نمـوونە: گـومبەذ، لە کـوردی بـووە بە گـــومبەز و گـــومبەت، کەچـــی لە فارســـیدا بـــووە بە گونبەد(گنبد)؛ پاذ، لە فارسی بووە بە پاد.

٤- زۆربەی پیتـــی 'ێ'ی وشـــەکانی پەهـــلەوی لە کوردیـــدا وەکـوو خۆیـان مـاونەتەوە، بەڵام لە زمـانی فارسـیدا بـۆ 'ی' گـــۆڕدراون، وەک: شـــێر، لە فارســـی بـــووە بە شـــیر، لە کوردیـدا هەر بە شـێر مـاوەتەوە؛ سـێر، لە فارسـی بـووە بە سـیر، کەچـی لە کوردیـدا بـوو بە تێـر (بـۆ جیـاوازی کـردن و هـاوێر کردنـی لە گیـای خـۆراکی سـیر)؛ سـێپ، لە فارسـی بـووە بەسـیب، کەچـی لە کوردیـدا بـووە بە سـێڤ و سـێو؛ دلێـر، لە فارســی بــووە بە دەلیــر، لەکــوردی هەر بە دلێـر مـــاوەتەوە؛ شـــێپاک لە فارســـی بـــووە بە شیوا(شـــیڤا)، لە کـوردی بـووە بە شـێوا. ئـامێز، لە فارسـی بـووە بە ئـامیز و لە کوردیـــدا هەر بە ئـــامێز مـــاوەتەوە؛ پێشـــۆپای، لە فارســـی بـــووە بە پیشـــوا و رهبر(پیشـــەوا و ڕەهـــبەر) لە کـــوردی بـووە بە پێشـــەوا و ڕێـبەر. واتە ئەو وشـــە پەهلەویـانەی کە پیتـــی 'ێ'یـــان تێـدایە لە کوردیـــدا وەک خۆیـــان مـــاونەتەوە، بەڵام لە فارســـیدا بـــۆ 'ی' گـــۆڕدراون، بەو هۆیەشـــەوە زمانی کوردی نزیکتر و ڕاستتر خۆی دەنوێنێ.

٥- ئەو وشـــانەی کە پیتـــی یەکەمیـــان 'س'ە، لە زمـــانی پەهـــلەوی هەر بە 'س' گـــۆکراون، هەروەهـــا لە زمـــانی کوردیشـــدا هەر بە 'س' گـۆ دەکـرێن، کەچـی زۆرینەیـان لە زمـانی فارسـیدا بـۆ 'ئـیس' دەگـۆڕێن. بـۆ نمـوونە: وشـەی سـپاهان بـووە بە ئیسـفاهان و دواتـر بـووە بە ئیسـفەهان (اصـفهان). بـۆ نمـوونە: سـتۆکهۆلم پێتەختـی وڵاتـی سـویدە و کـورد هەر بە سـتۆکهۆلم گـۆی دەکـا، کەچـی فارسـەکان بە ئیستۆکهۆلم دەریدەبڕن.

٦- پیتـی 'ژ'ی زۆربەی وشـە پەهلەویەکـان لە فارسـیدا بـۆ 'ز' یـان 'ج' گـــۆڕدراون، بەڵام لە کوردیـــدا وەک خۆیـــان مـــاونەتەوە، وەکـــوو: ئامۆژگـــار، لە فارســـی بـــووە بە ئاموزگـــار؛ هەژدە، بـــووە بە هجـــدە؛ ئەرژ بـــووە بە ئەرج (ارج).

٧- پیتـــی 'ۆ'ی زۆربەی وشـــە پەهلەویەکـــان، لە زمـــانی کوردیـدا وەک خۆیـان مـاونەتەوە، بەڵام لە زمـانی فارسـی بـۆ 'و' گـۆڕدراون یـان وشـەکە بـۆ خـۆی گـۆڕانی بەسـەردا هـــاتووە، وەک: درۆ، درۆغ، لە کـــوردی بە درۆ مـــاوەتەوە، لە فارسـی بـووە بە دروغ؛ دۆسـت لە کـوردی بە دۆسـت مـاوەتەوە و لە فارسـی بـووە بە دوسـت؛ بـۆر، لە کـوردی بە بـۆر مـاوەتەوە و لە فارسـی بـووە بە بور (رنـگ بـور)؛ رۆچ، لە کـــوردی بە رۆژ و رۆچ مـــاوەتەوە، کەچـــی لە فارسـیدا بـووە بە روز؛ سـۆزاک، لە کـوردی بە سـۆزان مـــاوەتەوە و لە فارســـی بـــووە بە ســـوزان؛ گۆنـــاک،

لەکوردی بە گۆنا ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە سیما؛ شکۆفەک، لە کوردی بووە بە شکۆفە و لە فارسی بووە بە شکوفە؛ هۆشیار، لە کوردی بە هۆشیار ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە باهوش، یان هوشیار؛ کەپۆتەر، لەکوردی بووە بە کۆتر و فارسی بووە بە کبوتر (کەبوتەر)؛ کۆی لە فارسی بووە بە کوی و کوچە، لە کوردی بووە بە کۆڵان؛ کۆر، لە فارسی بووە کور، لە کوردی بە کۆر و کوێر ماوەتەوە؛ کۆشیتار، لە فارسی بووە بە کوشا، لە کوردیدا پیتەکان پاش و پێشیان پێکراوە و بووە بە تێکۆشا، واتە پیتی 'ۆ' هەر ماوەتەوە؛ ڕۆچن، لە کوردی بووە بە ڕۆچنە، لە فارسی بووە بە دەریچە(دریچە)؛ ڤێنۆک، لە فارسی بووە بە نخود، بەڵام لە کوردی بە نۆک ماوەتەوە؛ تەکۆک، لە فارسی بووە لیوان و زەرفێ ئاب خوری (ظرف آب خوری)، بەڵام من لەبیرمە جاران بەو جامەی کە لە دار دروست دەکراو ئاوی پێدەخورایەوە، دەگوترا کۆتک، واتە پاش و پێش بە وشەکان کراوە؛ سۆتەک، لە فارسی بووە فرسودە(فەرسودێ) و لە کوردی بە سۆتەک ماوەتەوە.

٨- پیتی 'غ' لە زمانی ئاڤێستاییدا هەبووە، بەتایبەتی وشەی بەغە(خودا) بۆ زمانی پەهلەویش ماوەتەوە، هەردوو وشەی 'بەغ و مەغ'ی پەهلەوی، ئێستاش لەنێو زمانی کوردیدا وەکوو خۆیان ماونەتەوە. بۆ نموونە: بەغداد (ناوی شار)، مەغدید( ناو بۆ پیاو)، بەغدان و

بەغدیَ( ناو بۆ ژن)؛ کەواتە ئەو وشانەی پەهلەوی کە پیتی 'غ'یان تێدا هەبووە، لە کوردی ماونەتەوەو گۆ دەکرێن، بەڵام لە نێو زمانی فارسیدا دەنگی ئەو پیتە بە زۆری بەرەو پیتی 'ق' غلۆر بۆتەوە. لەوانەیە لە هەندێک وشەدا بە 'غ' گۆ بکریَ، بەڵام لە نووسیندا لە زۆربەی وشەکاندا پیتی 'ق' لە جێی دادەنێن. بۆ نموونە وشەی ئاغا بە ئاقا (آقا) و وشەی نەغدە بە نەقەدە(نقده) دەنووسن.

**٩-** ئاوێتەبوونی هەر سیَ پیتی ' ئانگ/ آنگ/ انگ ' لە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەویدا هەبووە، لە وشەکانی |**ئانگوئین، ئانگوپا، ئانگوتان، ئانگون، ئاتوڤانگەر، ئیرانگ، ئاستیانگ، ئیرمانگ، ئیکانگ، بازابانگ، بورزڤانگ، پەتیرانگەر، پیانگ، تانگوریا، توڤانگەر، چیلانگەر، زانگرۆتا، ڤانگ، مانگە** | و... هتد خۆیان پێشان داوە، ئێستاش لە زمانی کوردیدا ئاوێتەی هەر سیَ پیتی (انگ) لە وشەکانی |مانگ، بانگ، جانگ، دانگە، قانگ، پیلانگێر| خۆیان دەنوێنن، بەڵام لە نێو زمانی فارسیدا ئەو سیَ پیتە بە دەگمەن ئاوێتە دەبن، [جاران تەنیا لە وشەی 'بانگ'دا کارا بوو، بەڵام ئێستا وشەکانی (صدا، ندا، صوت، آوار، صیحە، غریو، غلغلە، غوغا، فریاد، نعرە) جێیان گرتۆتەوە و خەریکە ئەو وشەیەش فەرامۆش دەکریَ]، دەنا پیتێکی دیکە خۆی دەخزێنێتە نێوانیانەوە، وەک ئاهەنگ( آهنگ)، ئاوەنگ (آونگ)..

لەلایەکی دیکەوە ئاوێتەی | ئەنگ یان هەنگ| لە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەویدا کارابوون، ئێستا لە وشەکانی فارسی 'ئەنگور، ئەنگوشت، ئەنگەبین، ئەنگیزە، ئەنگل، هەنگامە، فەرهەنگ 'دا ماوەتەوە، بەڵام لە نێو زمانی کوردیدا لە نێو وشەکانی ' بنهەنگڵ، هەنگ، هەنگاو، هەنگبڕ، هەنگدان، هەنگڤار، هەنگڤین، هەنگڵ، هەنگوچک (ئەنگوچک)، هەنگوست (ئەنگوست)، هەنگوور، هەنگوین، هەنگۆ (ئەنگۆ)، هەنگی، هەنگەژاڵ، هەنگەلان، هەنگەوان، هەنگەوێ، ئەنگاوتن، ئەنگاوتە، ئەنگوان، ئەنگوتک، ئەنگوستیلە، ئەنگۆرە، ئەنگیزە و.....) ماوەتەوە.

لە دووەمین برگەدا کۆمێک وشە لە نێوان پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی)، کوردی و فارسیدا بەراورد دەکەین، لەوانەیە ئاکامێکی باشتر بە دەست بێ:

| ئەشکانی | ساسانی | کوردی | فارسی |
|---|---|---|---|
| وخاردن | خواردن | خواردن، خارن، واردن (هۆ،ز) | خوردەن |
| وخاستن | خواستن | خواست، خاستن | خواستەن |
| ئەز | ئەز، من | ئەز، من | مەن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕاشت | ڕاست | ڕاست، ڕاشت (ز) | ڕاست، موستەقیم |
| سارغ | سال | ساڵ،سار (هـ) | سال |
| واد، ڤاد | وات، بات، واد | با، ڤا (ز) | باد |
| خوفت | خوەفت | خەوت،خەفت | خابید (خوابید) |
| زەرا | زریێهـ، دەریا | دەریا، زەریا | دەریا |
| ئاسۆن | ئاسن | ئاسن، هێسن | ئاهەن (آهن) |
| شاتیفت | شاتی | شادی | شادی |
| خوەش | خوەش | خوەش (ب)، خۆش، وەش (ز) | خوشمەزێ (خوشمزە) |
| هری | سێ | سێ،هری (ز) | سێهـ (سە) |
| ڤاران | ڤاران، واران | باران، واران (هۆ) ڤارون (ز) | باران |
| وزورگ | ڤوزورگ، مەزن | ڤوزرگ (ز)، مەزن،گەورە | بوزرگ (بزرگ) |
| ئانید | ئانیت | ئانی (ب)، هێنای | ئاورد (آورد) |
| واخت | گۆپت | وات (هۆ)، وتی، گۆت | گوفت (گفت) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| رۆژ | رۆچ | رۆژ، رۆچ | روز |

ڕاستییەکەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد بوو، کاتێک کە پارسەکان لەژێر دەستەڵاتی میدەکاندا بوون، ئارەزوومەندانە زمانی خۆیان وندا کرد، مێشک و زمانی خۆیان لە پەیڤی میدی داگرت،؛ هەروەها کاتێک هەخامەنشیەکان دەستەڵاتیان لە دەستی میدەکان دەرهێنا، زمانی پارسییان زیندوو نەکردەوە، بەڵکو هەر زمانی میدیان سەردەست کرد؛ دواتریش لەسەردەمی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانیدا، دیسانەوە هەر لەژێر کاریگەری زمانی پەهلەوی دابوون، لێرەدا بۆ سەر ڕاست کردنەوەی نزیکایەتی زمانی کوردی و پەهلەوی، ئەم وشانە بەراورد دەکەین، هەرچەندە لەوانەیە پێشتر فارسەکانیش وەکو ئێمە وشە دێرینەکانی پەهلەویان بەکارهێنابێ، بەڵام ئێستا هێدی هێدی بەرەو زمانی عەرەبی دەڕۆن و باوەشیان بۆ وشەگەلی عەرەبی گرتۆتەوە، بۆیە ئەو وشانە دەنووسین کە ئێستا لە نووسیندا بەکار دەهێنرێن و لە فێرگەکاندا دەخوێنرێن، کە فارسەکان بە 'زبان معیار' ناوی دەبەن:

| پەهلەوی | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| بامیک | بامۆک، پرشکۆ | باشکوه |
| براتیه | براتی، برایەتی | بەرادەری (برادری) |
| بورز | بەرز | بولەند |
| بونەدار | بنەدار | بون درەخت |

| بونەک | بنکە | ستاد، قرارگاە |
|---|---|---|
| بێت، بیت | بێت، بیت<br>ئەگەر ئازا بێت | باشەد<br>ئەگەردەلیر باشەد |
| بێش، دەرد | ئێش، دەرد | زەجر، دەرد |
| بەشن | بەژن، باڵا | قەد، باڵا |
| بەهرەوەر | بەهرەوەر،<br>بەهرەمەند | بەهرەمەند |
| بەور | بەور | بەبر |
| پایەستەک | پێویست | لازم، بایەست |
| پوس | پس (ب) | پێسەر (پسر) |
| پەڕ | پەڕ | پەر و بال |
| پەڕەک | پەڕاوێز | حاشیە، فەراویز |
| پەهرێچ | پارێز | پەرهیز |
| تۆم، توخم | تۆو، توخم | بەزر (بذر) |
| تەڕ | تەڕ | خیس |
| تەنوک | تەنک، زراق | نازک |
| چاپوک | چاپوک | چابوک (چابک) |
| چاشت، سوور | چاشت، چێشت | سوبحانە، ناشتا |
| چۆڕ | چرگ، چۆڕگ | قەرقاقول (قرقاول) |
| خوان | خوان | ئەدیم، سفرە |
| خوە | خوە، خۆ | خود |
| خوەدای | خوەدی، خودان | صاحب |
| خوەش | خوەش (ب)، خۆش | خوش، نیک |

| | | |
|---|---|---|
| خۆرتەک | خۆرت (ب) | جدی |
| خۆسور | خەزوور | پدرزن |
| درۆزن | درۆزن | دروغگو، کازب |
| دوت | دو (ز)، دوکەڵ | دود |
| دولەک، دۆرەک | دەولک | دەلو، سەتل |
| دیتار | دیتراو | مەرئی (مرئی) |
| دیتیشن | دیمەن | مەنزەرە (منظرە) |
| دەربەند | دەربەند، بەنداو | سەد، ئاب بەند |
| دەستکاری | دەستکاری، کاری دەستی | کارێدەستی (کاردستی) |
| دەستگراو، دەستگیر | دەستگیرکراو، گیراو | بازداشت شودە، تەوقیف (توقیف) |
| دەهیو، روستا | دەو (ز)، دێ، گوند | روستا، دهکدە |
| ڕستەک | ڕستە | جوملە (جملە) |
| ڕووتەک | ڕووت | لوخت، (برهنە) |
| زاکیهـ | زارۆک | فەرزەند |
| زوان، ئوزوان | زوان، زمان | زەبان (زبان) |
| زێنەڤاند | زێرەڤان | دیدەبان، مراقب |
| ژوزەک | ژوشک، ژوژی | خارپشت، جوجەتیغی |
| ستورگ | ستور، ئەستور | خەشن، زبر |
| سێ ئێک | سێ یەک،سێ ئێک | یەک سوڤەم |
| سەر، سەرێنیش | سەرەتا | ئاغاز (آغاز) |

| شکۆد | شکۆ | شکوه |
|---|---|---|
| شوپان | شوان، شڤان | چوپان |
| شێپیشن | شێواندن | ئیغتشاش |
| فرەهـ | فرە | فەراوان |
| ڤاران | ڤاران(ز)، باران | باران |
| ڤیر | ڤیرسۆ(ز)،برووسک | رەعد (رعد) |
| ڤێڤەک | بیۆە، ڤێڤەک(ز) | بیوە |
| ڤەرچ | ڤەرجۆ، پەرجۆ | موعجیزە(معجزە) |
| ڤەشتەک | نێڤەش، نەخۆش | مەریز(مریض) |
| ڤەفر، وەفر | ڤەور(ز)، بەفر | بەرف |
| ڤەلگ، ڤەرگ | پەلک، ڤەلگ(ز) | بەرگ(برگ) |
| کوو | کوو، لە کوێ، کوا | کوجا (کجا) |
| کێ | کێ | کی(چە کسی) |
| کیر، کێر | کیر، کێر | زەکەر(ذکر) |
| کێم ڕەنج | کێم ڕەنج، کەم ڕەنج | کەم زەجر |
| کەڕەت | کەڕەت | دەفعە (دفعە) |
| کەسان | کەسان، کەسەکان | ئەشخاس، ئەفراد |
| کەفچک | کەوچک، کەفچک | قاشوق (قاشق) |
| کەنیچەک، کەنیک | کەنیشک، کچ، کناچێ(هۆ) | دوختەر(دختر) |
| کەهرووپا | کەهرەبا، کارەبا | بەرق(برق) |

| | | |
|---|---|---|
| کەهون،کەهوەن | کەون (هـ)،<br>کەهان (ز)، کۆن | کوهەن (کهن) |
| گومبەت | گومبەت | گونبەد |
| گۆز، گوچ | گوێز، گیز | گەردو (گردو) |
| گەوەڕ | گەوەڕ | گودال |
| مانتەن، ماندەن | مانەوە، ماوە | باقی ماندەن |
| میزیشن | میزتن | شاشیدەن |
| مەزگەت | مزگەوت | نەمازخانەمە |
| مەشیە، میترێ | مەشیە، مرۆڤ | ئادەمی، ئینسان |
| نپیستار | نڤیسەر، نووسەر | کاتب، نڤیسەندە |
| نیکار، نیگار | نیگار، نەخش | نەقش (نقش) |
| نەخچیر | نێچیر | شکار |
| هۆشتاپ | هەشتاو | شتاب |
| هێت، هێژ | هێز | نیرو |
| هێت | هەیت | هەستید (هستید) |
| هیم | هەیم (هەم) | هەستەم (هستم) |
| هەگریز | هەرگیز | هەرگیز |
| هەمیهـ | هەمی، هەموو | مەجموع، کول، همە |
| واچ | واچ (هۆ)،<br>وشە (س)،<br>بێژە (کر) | واژە، کەلەمێ |
| وێناپ | وێنا | تەسەڤور (تصور) |
| وێنەک | وێنە | تەسویر، عەکس |

| | | |
|---|---|---|
| وەهان | وەهۆی، بەهۆی | سەبەب |
| وەیات | وەیاد | حافظە |
| ئاپسەر | سەراو، سەراڤ | سەر چەشمە |
| ئاتر، ئاتەر | ئاگر، ئادر(ز) | ئاتەش (آتش) |
| ئادوێنەک | ئاوێنە | ئایینە (آیینە) |
| ئاسیاو، ئاسیاپ | ئاسیاو، ئاش | ئاسیاب |
| ئامێچ | ئامێز | بەغەل(بغل) |
| ئوستان | هەستان | بەرخاستەن |
| ئێدەر | ئەڤدەر، ئێدەر | ئینجا، دەر ئینجا |
| ئێزم | ئێزم(ز)، ئێزنگ | هیزۆم(هیزم) |
| ئەڤدۆمیە، ئەپدۆم | دویماهی | ئاخر (آخر) |
| سێوەگ | سێوی، هەتیو | یەتیم (یتیم) |

لە دوماهی ئەم بەشەدا لە ڕێی چەند ڕستەیەکەوە، نزیکایەتی نێوان زمانی کوردی و پەهلەوی ساغ دەکەینەوە:

**پەهلەوی**: فریهەم تۆەی.

کوردی: خۆشەویستم تۆی

فارسی: مەحبوبێ مەن تو هەستی. (محبوب من تو هستی).

**پەهلەوی**: زەمانیمان ئاپگەنی هێد.

کوردی: زەمانمان ئاوگەنی دەبێ(دەما مە دبوری).

فارسی: زەمانێ ما سپێری می شەوەد. (زمان ما سپری می شود).

**پەهلەوی:** خوەمنیم دیت راست بوود.
کوردی: خەونی دیتم، راست بوو.
فارسی: خواب کە دیدە بوودەم ڕاست بود.(خوابئ کە دیدە بودم، راست بود).
**پەهلەوی:** تۆ منەی خوەدای.
کوردی: تۆ خودای منی. (تو خودایێ منی).
فارسی: تو خودایەم هەستی (تو خدایم هستی).
**پەهلەوی:** وە تان نە ئامورزید هێند.
کوردی: بەزەییت بەوان نەهات.
فارسی: بە ئانها رەحم نەکەردی. (بە آنها رحم نکردی).
**پەهلەوی:** من پۆ ئەشما تیسوز نەوینەست.
کوردی: من هییچ بەدیم بەتۆ نەکردووە.
من چ خراپی ب تە نەکردییە.
فارسی: من هیچ بەدی بە تۆ نەکردەم (من بە تو بدی نکردم).
**پەهلەوی:** ئەوش دەست ئەهەنوز نێ شووشت.
کوردی: ئەو تا هەنووکە دەستی نەشووشتووە.
ئەو هێش دەستێ خۆ نەشووشتییە.
فارسی: او هنوز دست های خود را نە شستە است.
**پەهلەوی:** ئەما تۆ دید هێ.
کوردی: مە تو دیت. (ئێمە تۆمان دیت).
فارسی: ما تو را دیدیم.

لێــــرەدا ڕامــــانی هەنــــدێک ڕۆژهەڵاتنــــاس، زماننــــاس و نووســــەر ســــەبارەت بە درێژەپێــــدەرانی زمــــانی پەهــــلەوی دەخەینە بەرچاوان:

کەیــوان مســتەفا دەنووســێ: ( زمــانی کــوردی یەکێــک لە پــــارێزراوترین و پــــاکترین لقــــی گەوهەربــــاری زمــــانە دێرینەکــانی ئێریــانەیە و میراتگــری حاشــا هەڵنەگــری ئەو زمانــانەیە. ڕاســتییەکەی، زانــا و زماننــاس و لێکۆڵەرەکــان بە تێکڕایــــــی لەســــــەر ئەو بــــــاوەڕەن کە میراتگــــــری ڕاســتەقینەیە و گەلێــک وشــەی و چەمکــی زمــانی دێرینــی پاراستووە[35]).

فەرەیــــــدونی جونەیــــــدی یەکێــــــک لە شــــــارەزاترین و ناســراوترین زمانزانــانی پەهــلەوی، ســەبارەت بە نزیکــایەتی پەهــلەوی و کــوردی نووســیویەتی: ( زمــانی پەهــلەوی لە لایەکەوە لە زمــانی کــوردی و بەلــوچی نــزیکە، لە لایەکــی دیکەشــــــەوە لە زمــــــانی خۆراســــــانی، تەبەرســــــتانی و ناوچەکــــانی مادنشــــین، ناوەڕاســــت و خــــوارووی ئێــــران نزیکە)[36].

ئەبولقاســم فردوســی توســی(لە دایکبــووی ســەدەی نــۆیەمی زاییــــنی)، هۆزانڤــــانی ناســــراوی فــــارس، هەرچەنــــدە چەواشــــەکاری یەکجــــار زۆری کــــردووە و ئەفسانەســــازی

[35] - مصطفی کیوان، پیوستگی زبان کردی با زبان های فارسی: پهلوی و اوستایی، منبع: یغما سال نوزدهم مرداد ١٣٤٥ شماره ٤ (پیاپی ٢١٧)

[36] - فریدون جنیدی، نامهء پهلوانی، چاپ نخست ١٣٦٠خ، ص ٣٨.

کـــردوە و تێکۆشـــاوە کە هەمـــوو شـــتەکان بـــۆ نەتەوەی فـــارس بگێـــڕێتەوە، بەڵام نەیتوانیـــوە خـــۆی لەو ڕاســـتییە لابـــدات کە زمانەکـــانی کـــوردی و بەلـــوچی لقێکـــی زمـــانی پەهلەوی بوونە.

شەمســـەدین مـــحەمەد بـــن قەیســـی ڕازی ( کە لە ســـەدەی حەوتەمـــی کۆچیـــدا ژیـــاوە) نووســـیویەتی: (تێکـــڕای خەڵکـــی عێـــراق، بە زانـــا و خەڵکـــی ســـادەوە، هەســـت و ســـۆزیان لەگەڵ داڕشـــتن و وێـــژەی پەهلەویـــیە، بەڵام هـــیچ ئـــاوازێکی نەرم، هـــۆنراوە، گـــۆرانی و چیرۆکێکـــی ســـەرنجڕاکیش، بە زمـــانی عەرەبـــی و غەزەلـــی فارســـی دەری، ســـۆزی ئەوان ناخرۆشـــێنێ و دڵ و هەســـتیان نـــالەرزێنێ)[37]. ئەمەش بەڵگەیەکـــی دیـــکەیە کە کـــورد هەمیشـــە دڵـــی بـــۆ زمـــانەکەی خـــۆی لێیـــداوە، هەســـتی و ســـۆزی بە هـــۆنراوەی زمـــانی دیتران نەخرۆشاوە.

مینۆرســـکی ســـەبارەت بە زمـــانی کـــوردی دەنووســـێ: (زمـــانی کـــوردی لە نێـــو بنەمـــاڵەی زمـــانە ئێرانیەکانـــدا جێـــی گرتـــووە، لەم خێـــزانەدا زمانەکـــانی فارســـی، ئەفغـــانی، بەلـــوچی و ئاســـییەکانی قەفقاســـیا جیـــاوازن. زمـــانی کـــوردی، "فارســـی زیـــان لێـــدراو نیـــیە"، بەڵکـــو زمـــانێکی جیـــاوازە، دەســـتووری زمـــانی و پەیوەنـــدی لەگەڵ زمـــانی فارســـیدا

[37] - شمس الدين محمد بن قيس الرازى، ***اَلمُعْجَم فى مَعاييرِ أشعارِ العَجَم***، ص ١٩٤، تهران ١٣٨٨.

وەک پەیوەندی نێوان زمانی ڕووسی و سربییە، یان وەک لادینی سویسرا و زمانی ئیتالییە)[38].

دکتۆر محەمەد حەلیم تەنویر سەبارەت بە جیاوازی فارسی و پەهلەوی ڕاشکاوانە نووسیویەت: (یەکێک لە بەڵگەی بەهێزی جیاوازی پارسی دەری لە پەهلەوی بەردنووسێکە کە لە - سرخ کوتل بغلان- دۆزراوەتەوە، ئێستا بەردنووسە دۆزراوەکەی بەغلان کە بە زمانی دەری تەخاری و ڕێنووسی یۆنانی دەبینم، دان بەوە دەنێم کە فارسی لە پەهلەوی جیا نەبۆتەوە، بەڵکو لە ماوەی هەزار و هەشت سەت ساڵ تا دوو هەزار ساڵ پێش ئەوە لە تەخارستان، زمانی ئاخاوتن و نووسین و وێژە بووە، لەو بیست و پێنج دێرە نووسراوەیەدا نزیکەی 160 وشە بە هەمان شێوەی دێرین و دیرۆکی لەبەردەستدان، بەهۆی ئەو بەڵگە بەهادارەوە گۆڕانی بەرچاو بۆ ڕامان و لێکدانەوەی زماننااس و دیرۆکناسان پێش هاتووە کە بیروڕای پێشوو دەلەرزێنی)[39]. بە گوێرەی قسەی ئەو نووسەرە بێ، ئیدی فارسی و فارسی دەری درێژکراوەی زمانی پەهلەوی نین، بەڵام وشە گەلێکیان لەو زمانە قاچاندۆتەوە.

---

38 - اسعد رشیدی، تاریخ کرُد و کرُدستان در پژوهشهای دانشمندان روس، https://iranglobal.info/، شنبه, می 25، 2013.

39 - دکتور محمد حلیم تنویر، زبان دری، فارسی قدیم نیست، https://www.heratonline.com

# ڕێنووسی سازگار

لە ڕێنووسی ئاڤێستایی و پەهلەویدا سەر و بۆر (فتحة، کسرة، ضمة) نەبووە، لە ڕێنووسی ئێستای کوردیشدا ئەمانە نین، بەڵام لە فارسیدا بە لاساییکردنەوەی عەرەب و بە بیانۆی ئەوەی کە نووسین کورت دەکاتەوە، سەر و بۆر دەکار دەکرێ. لێرەدا چەند وشەیەک بە نموونە دەهێنینەوە، بەوهۆیەشەوە سازگاربوونی ڕێنووسی پەهلەوی و کوردی خۆیا دەبێ.

| پەهلەوی | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
|  بون | بون | بن |
|  پوڕ | پوڕ | پر |
|  میهر | میهر | مهر |
|  ئوشتر | ئوشتر، حوشتر | اشتر |
|  گومان | گومان | گمان |
|  ئەبەخش | ئەبەخش | ابخش |
|  ئەباگ | ئەباگ | اباگ |
|  ئەپەتمان | ئەپەتمان | اپتمان |
|  کامەکیهـ | کامەکیهـ | کامکیه |

ڕاستییەکەی کێشەی گەورە لە ڕێنووسی فارسیدا هەیە، منداڵ کە دەچێتە فێرگە و دەیەوێ خوێندن و نووسین فێرببێ، هەر لە دەستپێکدا دووچاری کێشەی گەورە دەبێتەوە؛ ئەو کێشانەش بەهۆی لەبار نەبوونی ڕێنووس و هەبوونی سەروبۆرەوە بەرۆکی دەگرن. بۆ نموونە:
ئەوان دەنووسن |گل| دەتواندرێ ئەم وشەیە بە (گل، گول، گەل، گیل) بخوێندرێتەوە. یان دەنووسرێ: زبان دراز، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زەبان دەراز بخوێنرێتەوە. خۆ ئەگەر دەنووسرێ: واحد پول کشور ما، دەبێ بخوێندرێتەوە واحیدێ پولێ کیشوەرێ ما؛ ئایا منداڵی سەرەتایی دەتوانێ بەڕەوانی ئەو سەروبۆرانە لە یەکدی جیابکاتەوە؟
کێشەی ڕێنووس لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی ساسانیدا سەری هەڵدا، دواتر لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا هەندێک لەو پەڕتووکانەی کە سووتێندرابوون، دووبارە نووسرانەوە؛ لەوێش هەڵەی ڕێنووس دووپات کرایەوە، بەو هۆیەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە، گرفت و کێشەی گەورە بەجێ ماون. پاشان کە ئابێ نوێ سەرپشک کرا، ئیدی ئەو کێشەیە لەنێو زمانی فارسیدا دووپات کرایەوە کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. خۆشبەختانە خەمخۆران و مامۆستایانی زمانی کوردی، لێزانانە ئەو کێشەیەیان چارەسەر کردووە و ئاسانکاری و هاوکاری باشیان بۆ خوێندنەوە پێشکەش کردووە.

## ڕەسەنایەتی پیتی 'ۆ'ی کۆتایی

لە کۆتایی هەندێک وشەی پەهلەویدا، پیتی 'و' یان 'ۆ' نووسراوە، زۆربەی زمانزانە ئێرانییەکان هەبوونی ئەو پیتە لە کۆتایی ئەو وشانە بە زیاد دەزانن و پێیانوایە کە بۆ بێدەنگ کردنی وشەکە داندراوە. ئەو بۆچوونەش سەرچاوەی لەوەوە گرتووە کە هەبوونی ئەو پیتە لە کۆتایی وشەکاندا، لەزمانی فارسیدا بێواتا خۆی دەنوێنێ.

ڕاستییەکەی ڕۆژهەڵاتناس و شارەزایانی زمانە دێرینەکان لەو باوەڕەدان کە لە فارسی باستاندا پیتی 'ۆ' یان وای ڕاکێشراو (وو) لە کۆتایی ڕەگ (ڕەگی کار و قەدی چاوگ)دا دەگمەن بوون، تەنیا ئاماژە بە وشەی 'تەنوو' کراوە، کە ئەویش لە سانسکریتی و ئاڤێستایی هەر تەنوو(تەن) بووە، بە گریمانی زۆریشەوە لەوان وەرگیراوە. لەلایەکی دیکەوە لە نێو زمانی ئاڤێستاییدا ژمارەی ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە 'ۆ' هاتووە، یەکجار زۆرن، بۆ نموونە: [زرەیۆ، مەنۆ، زوورۆ، ڕەئۆچۆ، بەرۆ، مینۆ، زەنتۆ، زەرەنۆ، تەیبیۆ، تەرشۆ، تیشەڕۆ، یاتۆ]، هەڵبەت زمانی میدی (مادی) و ئاڤێستایی هەر یەکزمان بوون، هەروەها پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانیش درێژەپێدەری زمانی میدین، بۆیە 'ۆ' و 'وو' لە کۆتایی ڕەگی کار و لە کۆتایی وشەکاندا مابوونەوە. ئێستاش لە زمانی کوردیدا ئەو ڕەگانەی کە کۆتاییان بە 'ۆ' یان 'وو' هاتووە، بەرچاون، بۆ نموونە: [ ڕۆ، ڕەگی

ڕۆیشتن؛ خۆ، ڕەگی خواردن؛ شۆ، ڕەگی شووشتن و شۆردن؛ هاژۆ، ڕەگی هاژۆشتن]. هەروەها پیتی 'ۆ'ی کۆتای وشە لە زاراوەکانی کردکیدا (زازاکی) و کرمانجی و بادینیدا هەر ماوەتەوە. هەروەها لە نێو زاراوەکانی دیکەی کوردیشدا ژمارەیان زۆرە. ئەمڕۆ ژمارەی ئەو وشانەی زمانی کوردی کە کۆتاییان بە 'ۆ' هاتووە هێندە زۆرن و ناتوانین هەموویان بژمێرین؛ بۆیە وەک نموونە ئاماژە بەم وشانە دەکەین: (کوردۆ، کارۆ، دارۆ، زارۆ، شارۆ، خەپۆ، ئاپۆ، مامۆ، لالۆ، کالۆ، حاجۆ، عەدۆ، مادۆ، دلۆ، خەجۆ، ڕەشۆ، مەمۆ، .........)، هەڵبەت ئەم {ۆ}یە وەک پاشگر دەچێتە سەر ناوی نێرو مێ و دەیناسێنێ، یان وشەیەکی نوێ دروست دەکات و خاوەنداریێتی لێدەکات. لە زمانی یۆنانیدا (ۆس) هەمان ڕۆڵی پاشگری {ۆ}ی کوردی دەبینێ. بۆ نموونە: وشەی 'پەتر'ی میدی(پەهلەوی) کە واتای باوک دەدات، لە یۆنانی و سریانی بووە بە پەترۆس، بەڵام لەنێو زمانی دێریندا هەر بە پەترۆ جێوار بووە.

بەهۆی بێ ئاگایی و فەرامۆش کردنی زمانی کوردی، مخابن ئەوانەی بەردنووس و دەستنووسەکانیان خوێندۆتەوە، ئەو پیتەیان بە زیادە وێنا کردووە و بە بێدەنگ کردنی وشە وێنایان کردووە، هەربۆیە، وێڕای ئەوەی کە وشەی ئیرانویچۆ تۆمار کراوە، کەچی ئەوان بە ئیران ویچ دەیخوێننەوە. پاپەکانۆ یان پاپکانۆ تۆمار

کـــراوە، ئەوان بە پاپەکـــان دەیخـــوێننەوە. نووســـراوە یەســـینۆ، ئەوان بە یەزدان دەیخـــوێننەوە (هەر یەســـن و مەزنی کوردین).

لەلایەکـی دیـکەوە، بـۆ کـورد شـاراوە نیـیە، کە لە زۆربەی زاراوەکـانی کوردیـدا، لە هەنـدێک نـاو و جێنـاو، پیتـی 'ۆ' بـۆ نێـــر و 'ێ' یـــان 'ا' بـــۆ مـــێ مـــاوەتەوە. لە کردکیـــدا دەگوترێ:

1- ئازادۆ نان وەنۆ (ئازاد نانی دەخوا). 'ۆ' بۆ نێر.
2- ئەحـــمەدۆ دەرگـــۆ ســـوورۆ قەلەو ڤـــانۆ.(ئەحمەدە درێژی سوورەی قەڵەو دەڵێ).
3- مەردمـۆ بـێ ئەقـل نـێ کـاری کەنـۆ(مرۆڤی بـێ ئەقل ئەم کارە دەکات).
4- شـیلانا نـان وەنـا (شـیلان نـانی دەخـوا). 'ا' بـۆ مێ.

هەروەهـــا چەنـــد دێڕیـــک لەم ســـترانە فۆڵکلـــۆرییەی کرمـــانجیش دەنووســـینەوە کە زۆر بە ئاشـــکرا 'ۆ'ی کۆتـــایی وشە بەدیار دەکەوێ و خۆی دەنوێنێ:

تو ژ نۆبێ وەرە خوارۆ، هەی لۆلۆ لۆ وەی لۆلۆ لۆ،
شەڤ یەکە و دز هەزارۆ.
لاوکۆ نۆبەتدارۆ، هەی لۆلۆ لۆ وەی لۆلۆ لۆ،
شەڤ یەکە و دز هەزارۆ.

بـــا ئەم گـــۆرانییە فۆلکلـــۆرییەی نـــاوچەی ســـنەش وەک دوایین نموونە بنووسین:

ڕاوەستیام وە حەسارۆ
حەسار وە بان دیوارۆ
شەو و ڕۆژ دوعا کردم
خوایە بکەومە خوارۆ
بیژم هیچم لێ نایێ
ئەکەومە باوەش یارۆ
دەبیرۆ دەبیرۆ
بیرۆ ئیتر مەچۆرۆ
گەر خراو بیمان بۆت
ئیتر بڕۆ مەیەرۆ
مەیەرۆ مەیەرۆ
ئیتر بڕۆ مەیەرۆ

لەلایەکـــی دیکەشـــەوە، لە ئـــامرازی بانگکردنـــدا جیـــاوازی لەنێـوان نێـر و مێـدا هەیە. بـۆ نێـر (هـۆ، ۆ) و بـۆ مـێ (هـێ، ێ) دەکار دەکرێ. بۆ نموونە:

1 - ۆ بۆ نێر: هەڤالنۆ ڕابن.
2 - **هۆ** بۆ نێر: هۆ پێشمەرگە، وەلاتێ خۆ بپارێزە.
3 - **ێ** بۆ مێ: پووریێ وریابە، نەکەویت.
4 - **هێ** بۆ مێ: هێ دلبەرا من، بەرسڤا من بدە.

# جێناوی ئاماژە (نیشانە)

لە زمانی ئاڤێستاییدا جێناوی ئامـاژەی کەسی بەم شێوەیە بوون:

بۆ تاکی نزیک: ئیمە (ئەییێم بۆ نێر، ئیم بۆ مێ)

بۆ تاکی بێگیانی نزیک، ئیمەت

بۆ تاکی دوور: ئەووە (بۆ نێر هاو، بۆ مێ هاو)

بۆ تاکی بێگیانی دوور: ئەووەت

بۆ کۆی نزیک: ئیمی بۆ نێر، ئیمۆ بۆ مێ

بۆ کۆی بێگیانی نزیک: ئیمە

بۆ کۆی دوور: ئەووی بۆ نێر، ئەوۆ بۆ مێ.

بۆ کۆی بێگیانی دوور، ئەووە

جێناوی ئاماژەی کەسی لە زمانی پەهلەویدا بەم شێوەیە بوون:

1 - بۆ تاکی نزیک: ئیم و ئێن.

2 - بۆ تاکی دوور: هەوو، هان (هو).

3 - بۆ کۆی نزیک: ئۆیشان

4 - بۆ کۆی دوور: ئەڤێشان

5 - بۆ کۆی دوورتر: ئۆشان

ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا بەم شێوەیەن:

**زاراوەی سۆرانی:**

بۆ تاکی نزیک: ئەمە.

بۆ تاکی دوور: ئەوە.

بۆ تاکی دوورتر: ئەوێهێ.
بۆ کۆی نزیک: ئەمانە.
بۆ کۆی دوور: ئەوانە.
بۆ کۆی دوورتر: ئەوانێهێ.

**لە بادینی:**
بۆ تاکی نزیک: ئەڤە، (ڤی بۆ نێر و ڤێ بۆ مێ).
بۆ تاکی دوور: ئەو، (وی بۆ نێر، وێ بۆ مێ).
بۆ تاکی دوورتر: 'ئەوێها' بۆ نێر' و 'ئەواها' بۆ مێ'.

**لە هۆرامیدا:**
بۆ تاکی نزیک: 'ئێذ' .
بۆ تاکی دوور: ئاذ.
بۆ تاکی دوورتر: ئوذ .
بۆ کۆی نزیک: ئێذێ.
بۆ کۆی دوور: ئاذێ.
بۆ کۆی دوورتر: ئوذێ.

**لە کردکی دا:**
بۆ تاکی نزیک: نۆ بۆ نێر، نا بۆ مێ.
بۆ تاکی دوور: ئۆ بۆ نێر، ئا بۆ مێ.
بۆ کۆی نزیک: نێ (نێ بۆ نێر و نایە بۆ مێ)
بۆ کۆی دوور: ئێ (ئێ بۆ نێر و ئایە بۆ مێر).

هەروەها جێناوی ئاماژەی کەسی لە نێو زمانی فارسیدا، بریتین لە:
بۆ تاکی نزیک: ئین(این).
بۆ تاکی دوور: ئان(آن).
بۆ کۆی نزیک: ئینها (اینها).
بۆ کۆی دوور: ئانها (آنها- آن ها.
جێناوی ئاماژەی شوێن لە زمانی ئاڤێستاییدا:
بۆ نزیک : ئیذا، ئیغە، ئەدێ و ئەثرە.
بۆ دوور: تەذا ، ئەڤەڤرە، ئەڤەذە.
لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا، بریتی بوون لە:
بۆ نزیک: ئیتەر(ئیدەر)، ئاڤار.
بۆ دوور: ئۆد، ئانۆد.
بۆ دوورتر: ئۆرۆن.
جێناوی ئاماژەی شوێن لە نێو زمانی کوردیدا بەم شێوەیەن:

**لە زاراوەی سۆرانیدا:**
بۆ نزیک: ئێرە.
بۆ دوور: ئەوێ.
بۆ دوورتر: ئەوێندەرێ.

**لە زاراوەی بادینیدا:**
بۆ نزیک: ڤێرێ، ڤێرە.
بۆدوور: وێرێ.
بۆ دوورتر: وارا.

**لە هۆرامیدا:**

بۆ نزیک: ئینە.

بۆ دوور: ئانە.

بۆ دوورتر: ئوونە.

**لە کردکی دا:**

بۆ نزیک: تییا

بۆ دوور: ئوجا

هەروەها لە نێو زمانی فارسیدا، بەم شێوەیەن:

بۆ نزیک: ئینجا (اینجا).

بۆ دوور: ئانجا ( آنجا).

بێجگە لەوەی کە جێناوە دێرینەکان، ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا هەن، زۆر بە ئاشکرایش دەبیندرێ کە جێناوی نێر و مێ لە زمانی ئاڤێستایی(میدی) و پەهلەوی(ئەشکانی و ساسانی)دا هەبوون، ئێستا لەنێو زاراوەکانی کردکی، بادینی و هۆرامیدا پارێزگارییان لەخۆیان کردووە. بەو هۆیەشەوە ڕایەڵەی نزیکایەتیان بە پتەوی هێشتۆتەوە.

## ڕۆڵی پاشگری 'ک' لە چێ کردنی وشەدا

لە زمـانی پەهلەویـدا پاشـگری (ک) هەبـووە، بەو هـۆیەوە چ بە تەنیـا و چ بە هاوکـاری پیتـی دیـکە، بە چەنـدین شـێواز، ڕۆڵـی خـۆی لە دروسـت کردنـی وشـەدا گێـڕاوە. دەکرێ بگـوترێ وەک دایکێکـی لێهـاتوو منـداڵەکانی خـۆی ڕازانـدۆتەوە و پەروەردەی کردوون.

1 - (**ک**) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

وەک: پەهلو+ک= پەهلوک؛

2 - (**ەک**) بۆ بچووک کردنەوە.

وەک: وەرد+ەک= وەردەک؛ نیهـات+ەک= نیهـاتەک؛ پەشـم+ەک= پەشـمەک؛ ڕۆچـن+ەک= ڕۆچـنەک؛ پەنـج+ەک= پەنـجەک؛ پـووت+ەک= پـووتەک؛ ڤێشات+ەک= ڤیشاتەک؛ پاپ+ەک= پاپەک.

3 - (**وک**) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

وەک: تەن+وک= تەنـوک، بـان+وک= بـانوک؛ بـورز+وک= بـرزوک؛ پـاز+وک= پـازوک؛ پەڕ+وک= پەڕوک؛ تور+وک= تورووک؛ دان+وک= دانوک.

4 - (**ۆک**) بۆدوست کردنی وشەی نوێ.

وەک: پەرسـت+ۆک= پەرسـتۆک، خوەسـت+ۆک= خوەستۆک؛ ئاتەر+ۆک= ئاتەرۆک.

5 - (**ک**) دەبێتە پاشگر، بەڵام لە واتای وشەکە ناگۆڕێ.

وەک: دانـا+ک= دانـاک؛ چـارە+ک= چـارەک؛ پەهلەوی+ک= پەهلەویک؛ بازو+ک= بازوک.

6 - (**یک**) کە پەسن دروست دەکا.

وەک: بار+یـــک= باریـــک، بام+یـــک= بامیـــک، ساهـــ+یک= ســـاهیک، ئەپار+یـــک= ئەپاریـــک، پەڕ+یـــک= پەڕیـــک، گرام+یک= گرامیک.

ئێســـتا ئەگەر بە نێـــو زاراوەکـــانی کوردیـــدا بگەڕێـــین، پاشـــگری ' ک ' بەهێـــزی خـــۆی پیێشـــان دەدا. لە زمـــانی کوردیشدا ئەرکی جۆراوجۆرەی لە ئەستۆ گرتووە.

1 - (**ۆک**) بۆ بچووک کردنەوە.

وەک: ئازاد=ۆک= ئازادۆک. برایم+ۆک= برایمۆک.

2 - (**ک**) لە دروســـتکردنی وشـــەی نوێـــدا ئەرکـــی خـــۆی جێبەجێ دەکا.

وەک: دای+ک= دایـــک، بـــاو+ک= بـــاوک، لاو+ک= لاوک، ناز+ک= نازک، کار+ک= کارک.

3 - (**ک**) ئەرکی ناساندن لە ئەستۆ دەگرێ.

وەک: مێـــر و مێـــرک، ژن و ژنـــک، کـــچ و کچـــک، کـــوڕ و کـــــوڕک، بەڵام لە زاراوەی ســــــۆرانیدا 'ەکە' وەک پاشــــگر دێت و ناوی تاک دەناسێنێ. وەک:

کـــــوڕ+ەکە= کـــــوڕەکە، ئەســــــپ+ەکە= ئەســــــپەکە، نان+ەکە=نانەکە، دار+ەکە= دارەکە.

هەروەها (ەکان) وەک پاشگر ناوی کۆ دەناسێنێ، وەک:

کوڕ+ەکـــان= کوڕەکـــان، ئەســـــپ+ەکان= ئەســـــپەکان، دار+ەکان= دارەکان، بزن+ەکان= بزنەکان.

4 - (**یک**) بۆ ئافراندنی وشەی نوێ، وەک:

تار+یک= تاریک، بار+یک= باریک، نیز+یک= نیزیک.

لە زمـانی فارسـیدا (ک) وەک پاشـگر ئەم ئەرکـانەی لە ئەسـتۆ گرتووە.

1- **(ەک)** بـــۆ بچـــووک کـــردنەوە، وەک: مەردەک(مـــردک)؛ زەنەک (زنک)؛ ڕوباهەک (روباهک).

2- (**یک**) بۆ دروست کردنی وشەی نوێ،

وەک: (تاریک، نەزدیک/ نزدیک، باریک).

# وشەی دێرین و نەگۆڕاو

هەرچەندە لە زۆربەی قۆناغەکانی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، زمانی پەهلەوی بە زمانی زەندیق ناودێر کراو بووە، هەروەها لە هەندێک قۆناغیشدا زمانی کوردی نکۆڵی لێکراوە و هەوڵی سڕینەوەی دراوە، بەڵام دیسانەوە سەدان وشەی ساسانی بەهەمان واتا و دەنگی خۆی لە نێو زمانی کوردیدا ماوەتەوە، لێرەدا هەندێک وشە وەکو نموونە دەخەینە بەرچاوان:

**سوند**، لە بنزاراوەی هەولێریێ بە سوند و لە بادینی بە سۆند ماوەتەوە و لەهەندێک شوێنی دیکە بۆتە سوێند، بەڵام لە فارسیدا بۆ سۆگەند و قەسەم (سوگند، قسم) گۆڕاوە.

**پەتران**، ئەم وشەیە لە زمانی کوردی بە بەتران ماوەتەوە و لە فارسی بۆ مەغرور (مغرور) گۆڕاوە.

**کەپچک**، لە نێو زمانی کوردی بە شێوەی کەوچک و کەڤچک ماوەتەوە، بەڵام لە فارسی بووە بە قاشوق (قاشق).

**هەمبانە**، لە زمانی کوردی وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە زمانی فارسی بۆ کیسە گۆڕاوە.

**ماسی**، لە نێو زمانی کوردی وەک خۆی ماوەتەوە و لە فارسیدا پیتی 'س' بۆ پیتی 'هـ' گۆڕاوە و ئێستا بە ماهی جێواره.

**هێسر**، **ئەسر**، لە نێو زمانی کوردی بە هێسر، ئەسرین ماوەتەوە، بەڵام لە فارسی بۆ ئەشک (اشک) گۆڕدراوە.

**میز**، لە نێو زمانی کوردی وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە فارسی بۆ ئیدرار (ادرار) و شاش گۆڕاوە.

**ئەنگوست**، لە زمانی کوردی، بەتایبەتی لە زاراوەی بادینی و بنزاراوەی هەولێریٚ بە ئەنگوست ماوەتەوە، بەڵام لە نێو زمانی فارسی بۆ ئەنگوشت (انگشت) گۆڕاوە.
**ئەوزار**، ئەم وشەیە لە نێو زمانی کوردی بە ئەوزار و ئامراز جێوارە، بەڵام لە فارسی بۆ ئەفزار گۆڕاوە.
**ئەژنۆک** (ئوشنۆک)، لەنێو زمانی کوردی بە ئەژنۆ جێوارە و لە زمانی فارسی بۆ زانو گۆڕاوە.
**ئێوارەک**، لە نێو زمانی کوردی بە ئێوارە و هێڤارە جێوارە، بەڵام لە نێو زمانی فارسی بۆ عەسر (عصر) گۆڕاوە.
**سزاک**، لەنێو زمانی کوردی بە سزا ماوەتەوە و لە نێو زمانی فارسی بۆ موجازات (مجازات) گۆڕاوە.
**سۆر**، لەنێو زمانی کوردی بە سۆر و سوور جێوارە، بەڵام لە زمانی فارسی بۆ قێرمز (قرمز) گۆڕاوە.
**ماچە**، لە نێو زمانی کوردی بە ماچە ماوەتەوە و لە زمانی فارسی بۆ گوڕیٚ خەر (گورخر) گۆڕاوە.
**مەزن**، لە نێو زمانی کوردی وەک خۆی ماوەتەوە، کەچی لە زمانی فارسی بۆ بوزرگ (بزرگ) گۆڕاوە.
**هامین**، لە نێو زمانی کوردی بە هامین، هامن، هاوین و هاڤین جێوارە بەڵام لە نێو زمانی فارسی بۆ تابستان گۆڕاوە.
**هەویر**، **هاویر**، لە نێو زمانی کوردی بە هەویر و هەڤیر جێوارە، بەڵام لە نێو زمانی فارسی بۆ خەمیر (خمیر) گۆڕاوە.
**پۆز**، لە نێو زمانی کوردی بە پۆز و قەپۆز جێوارە، بەڵام ئێستا لە فارسی بۆ بینی و دەماغ (بینی، دماغ) گۆڕاوە.

**ئێزەگ، ئەزگ**، ئێستا لە زمانی کوردی بە ئێزەگ و ئێزنگ جێوارە، لە فارسیدا بۆ هیزم گۆڕاوە.

**دیل**، ئەم وشەیە لەنێو زمانی کوردی بەهەمان واتای خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە زمانی فارسی بۆ ئەسیر گۆڕاوە، هەرچەندە کە ئەسیریش وشەیەکی دێرینی سۆمەرییە و عەرەب وەریانگرتووە.

**بەن،** ئەم وشەیە ئێستاش لەنێو زمانی کوردی بەهەمان واتای خۆی جێوارە، بەڵام لە زمانی فارسی بۆ ڕیسمان گۆڕاوە.

**جلووەرگ**، ئەم وشەیە لەنێو زمانی کوردی بە جلوبەرگ و جلووەرگ جێوارە و لەنێو زمانی فارسی بۆ لیباس و پۆشاک گۆڕاوە.

**بەور**، ئەم وشەیە لە نێو زمانی کوردی بەهەمان واتا و گۆکردنی خۆی ماوتەوە، بەڵام لە فارسی بۆ بەبر (ببر) گۆڕاوە.

**دار**، ئەم وشەیە لە نێو زمانی کوردی بەهەمان واتا و گۆکردنی خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە نێو زمانی فارسیدا تەنیا هاوواتاکەی، واتە درەخت ماوەتەوە.

## شێوازی خوێندنەوەی دەقەکان

ئەگەر چەند نموونەیەک لەو دەقانە وەربگرین کە لە لایەن دیترانەوە خوێنراونەتەوە، ئینجا پیتەکانیان لەگەڵ پیتی ئێستا بەراورد بکەین، یەکسەر دەردەکەوێ کە چەندە چەواشەکارییان تێدا کراوە. هەرچەندە من ناتوانم قامکی تۆمەت بۆ تۆژەرە بیانیەکان درێژ بکەم، بەڵام ناچارم کە پیت بە پیت وشەکان بنووسم و دواتر کۆیان بکەمەوە.




ئەم نموونەیە لە لاپەڕە ١٣٥ی پەرتووکی "دستور زبان فارسی میانە"[40] تۆمار کراوە و منیش پیتەکانم کۆ کردۆتەوە

[40] - ڕۆستۆرگوەڤا، دستور زبان فارسی میانە، مترجم: دکتر ولی الله شادان، تهران ١٣٧٩ خورشیدی، ص ١٣٥.

و بە شێوەیەکی دیکە هاتوونەتە دەست کە زۆر لە ئێستای کوردییەوە نزیکن.

با پیتەکان بەو شێوەیە بنووسینەوە کە تۆمار کراون.

| | | | |
|---|---|---|---|
|  | ئە |  | و |
|  | ن |  | هە/ ئە |
|  | م |  | ی |
|  | ت |  | د |

ئێستا ئەگەر پیتەکان کۆ بکەینەوە، دەبینین کە وشەکان زۆر جیاوازترن لەو شێوەیەی کە ئەوان تۆماریان کردوون.

ڕاستییەکەی ئاکام بەم شێوەیە خۆیا دەبێ:

**کەسی یەکەم**: ئەوە هەم (منم)، ئەوە هەیم (ئێمەین).

**کەسی دووەم**: ئەوە هێی (تۆی)، ئەوە هەیت (ئێوەن).

**کەسی سێیەم**: هێت (ئەوە، هەوە)، ئەوە هەد(ئەوانن).

هەروەها ئەم نموونەیەش لە لاپەڕە ١٧٦ی سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە.




خۆ دەکری بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە: [ئەپاپ (هەپەپ) گوپتۆ] ئەوان بە ئەپاچ گوفتەن وێنایان کردووە و بە

بـــازگوفتەن لیکیـــان داوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەپـــاپ گوپتـــۆ لەگەڵ (دووپـــات گـــوتی، دووبـــارە گـــوتیەوە) بەراورد بکەیـــن، ڕاســـتە و ڕاســـت دیـــتەوە. کە وشـــەکان هەڵدەوەشـــێنین، وشـــەی یەکەم بەم شـــــێوەیە دەردەکەوێ: [ئە، پ، ئە، پ]، هەروەهـــــا وشـــــەی دووەمـــیش ئـــاوا خـــۆی دەنـــوێنێ: [گ، و(ۆ)، پ، ت، ۆ]. ئەگەر بـــۆ زاراوەی کردکـــی بگەڕێینـــەوە کەپێشـــتر ئاماژەمـــان پێکردبـــوو، دەبینـــین چـــونکە بـــکەر نێـــرە ئیـــدی 'ۆ' وەردەگـــرێ. واتە گوپـــت دەبـــێ بە گوپتـــۆ. بەوهـــۆیەوە دەیناســـینەوە کە پیـــاوەکە دووپـــات گوتویەتی، بەڵام ئایا ئەمە لەگەڵ زمانی فارسیدا دەگونجێ؟

ئەم دێـــــڕە لە داســـــتانی درەختـــــا ســـــۆریک وەردەگـــــرین و بەراوردی دەکەین:




**مێگ(مێخ) من ل کرێند** **منو لک سەرکۆ کوژێند**

دەکرێ **منو لک** بە هوزواریش وەربگرین و واتای (کێ بۆ تۆ) بدات. کەچی ئەوان بەم شێوەیە دەیخوێننەوە:

mēx až man karēnd kē tō sarkūn kūžēnd

هەروەها بەم شێوەیە کردوویانە بە فارسی:

**میخ از من کنند** **که سر تو را آویزند**

ئەگەر دەقە پەهلەویـــــیەکە بەو ڕێنووســـــە بـــــۆ کوردێـــــک بخـــوێنێتەوە، بێگومـــان هەنـــدێکی لـــێ تێـــدەگات، بەڵام لەوانەیە فارســـێک هیچـــی لـــێ تێنەگـــات. نووســـەرە فارســـەکە چـــوونکە خـــۆی لە وشـــەکە تێناگـــات، ئیـــدی بێـــپەروا وشـــەی 

'سەرکۆ' تێکدەشکێنێ و پیتی کۆتایی وشەکە لادەبات و نایخوێنێتەوە، بۆیە لە ئاکامدا نووسیویەتی کە[41] :

و درین صورت هجاىِ آخرِ واژهٔ ، یعنی ـ ، با حذف (۱) از آخر، کەمعمولاً در آخرِ واژەهاىِ پهلوىافزوده میشود،و غیر ملفوظ است ، تکرار هجاىِ اول واژهٔبعد وخطاىِ نویسنده است. وبەاین ترتیب معنىاین بیتچنینمیشود.

چوب از من کنند که سرتورا آویزند (یاکوبند)

من پێموایە، ئەگەر نووسەرەکە زمانی کوردی بزانیبایە، هەرگیز لێکدانەوەی هەڵەی بۆ وشەی سەرکۆ نەدەکرد و پەی بە وشەی کوژێند دەبرد.

ئەم رستەیە [42]لە پیتەکانی (ب،و،ە، ک،ر،ت،و،ن) پێکهاتووە و بە (بووە کرتن، بووە کرتون و بووە کرتۆ) دەخوێندرێتەوە، کەچی ئەوان بە واتای 'بە کردن، دور کردن' وەریانگرتووە، بەڵام لە کوردیدا دەبێ بە: بووە کردن. بێگومان ئەم شێوازی دەربڕینە لە نێو رێزمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ؛ بۆ نموونە: دەگوترێ: (بووە گریان، بووە ڕاکردن، بووە ڕاکێشان) واتە بوو لە پێش 'چاوگ 'ەوە دێ، بەڵام لە نێو زمانی فارسیدا ئەو دەربڕینە نییە، بۆیە سەر و گوێلاکیان شکاندووە و سووکیان کردووە.

با ئەم رستانەی زمانی کوردی وەربگرین:

1 - **کە زەنگی مەترسی لێیدا، بوو بە هەڵاتن (بووە هەڵاتن).**

2 - **کاتێ سەربازەکان تەقەیان لە خەڵک کرد، بوو بە ڕاکردن(بووە ڕاکردن).**

---

41 - ماهیار نوابی، درخت آسوریگ، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، مرداد ماه ١٣٤٦، ص ٤٧.

42 - ابراهیم میرزای ناظر، خود آموز زبان پهلوی، تهران ، ١٣٧٨، ص ٥٤.

## کێشەی هوزواریش چییە؟

دەگوترێ بۆ یەکەمین جار وشەی زەوارش لە پەڕتووکی ئەلفەرهرست (الفهرست)ی 'ئیبن نەدیم'دا بەکار هاتووە و مەبەست لەو وشە ئەرمەنی و سریانیانە بووە کە لە نووسراوەکانی پەهلەویدا تۆمار کراون. ڕاستییەکەی وشەی  هوزواریشن لە زمانی پەهلەویدا واتای لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی داوە، بەڵام هەتا ئێستا لێکدانەوەی جیاواز بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانە لە نێو زمانی پەهلەویدا کراون، هەریەکە بە ئارەزووی خۆی وێنای کردووە. هەندێک پێیانوایە کە ئەو وشانە لە لایەن میرزاکانی ئەرمەنییەوە تۆمارکراون، بەڵام لە خوێندنەوەدا بە هاوواتا پەهلەویەکەی خوێنراونەتەوە، یان دەگوترێ کە میرزاکانی ئەوێ ڕۆژێ گۆکردنی هوزواریشەکانیان نەدەزانی[43]، بەڵکو تەنیا بە وێنەکە، وشەکەیان دەناسییەوە. ئەم بۆچوونە هیچ بنەمای زانستی نییە، چونکە ڕێی تێناچێ کە وشەی لەحما بنووسرێ و بە نان بخوێنرێتەوە، یەومەن بنووسرێ بە ئێک ڕۆژ بخوێنرێتەوە، جەلتا بنووسرێ و بە پێست بخوێنرێتەوە، لیلا بنووسری و بە شەپ بخوێندرێتەوە، بەڵام لەوانەیە میرزاکان، ئەوانەی کە نامەکانیان خوێندۆتەوە، ڕاستەخۆ دەقەکانیان نەخوێندبێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەیان تێبگەیەنن، تەنیا ناوەڕۆکەکانیان بۆ وەرگێڕاون.

---

[43] -ژاله آموزگار، زبان پهلوی، ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۲ خورشیدی، ص ۶۰.

هەرچەنـــــدە کە ڕۆژهەڵاتنـــــاس و زماننناســــــان ئەمەیــــان بە کێشـــــەیەکی گەورە پیشـــان داوە، چـــونکە وەک گرێکـــوێرە بە ئاســـانی نـــاکرێنەوە. بـــۆ یەکلایـــی کـــردنەوەی ئەو کێشـــەیە، بـــۆ یەکەمـــین جـــار نـــزیکەی حەفـــت ســـەت وشـــەی هـــوزواریش لە فەرهەنگـــی پەهلەویکـــدا کـــۆ کـــرانەوە و ڕادەســـتی نووســـەران کـــران. ژاڵە ئامۆزگـــار، شـــارەزا لە زمـــانی پەهـــلەوی، پێیـــوایە کە تێکـــڕا ســـێ ســـەت وشـــەی هـــوزواریش لە نووســـراوەکانی پەهلەویدا تۆمار کراون.

هەنـــدێک پێیـــانوایە کە ئەو وشـــانە بە وەرگێـــراو لە زمـــانی دیتـــرانەوە پێـــوانە نـــاکرێن، چـــونکە تەنیـــا وەک جفـــرەیەک نووســـراون!! بـــۆ بەکارهێنـــانی ئەو وشـــانە ئەم هۆکـــارانە بە ڕەوا دەبینم.

**یەکەم**: لەگەڵ هـــــاتنی عەرەب و ڕووخــــــانی ئیمپراتــــــۆریەتی ساســـانی، ئیـــدی هەمـــوو نووســـراوەکان ســـووتێندران و فەوتێنـــدران، دواتـــر لە ســـەدەی ســـێیەم و چـــوارەمی کۆچیـــدا ئەو کەســـانەی کە دەقەکانیـــان لەبیـــر بـــوو، دووبـــارە ئەو دەقانەیـــان نووســـیەوە، بێگومـــان نووســـەرەکان لەژێـــر کـــاریگەری زمـــانی عەرەبـــی دابـــوون، بەهـــۆی ئەوەی کە زمـــانی عەرەبـــی، زمـــانی فەرمـــانڕەوایەتی خەلافەتـــی ئەمەوی و عەباســـی بـــوو، وەک زمـــانێکی پیـــرۆز وێنـــا دەکـــرا، هەم زمـــانی دینـــی ئیســـلام بـــوو، هەمـــیش وەک زمـــانی بەهەشـــتیان بانگەشـــەی بـــۆ دەکـــرا، بەوهۆیەوە سەرپشک و پیرۆز کرابوو.

**دووەم**: عەرەبە دەمـــارگیر و تونـــدڕۆکان، زمـــانی پەهلەوییـــان بە زمـــانی کـــافر و بێـــدینان نـــاو دەبـــرد، ئەوانەی بەو زمـــانە دەیاننوســـی بە زەنـــدیق دەناســـێنران، بـــۆیە نووســـەرەکان ناچـــار

بوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و لابردنی ئەو تۆمەتە، وشەی ئەرمەنی، سریانی و عەرەبی بەکار بهێنن.

**سێیەم**: زمانی سریانی وەک زمانێکی نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانی ڕەواجی هەبوو، پێوەندی ئەو زمانە لەگەڵ زمانەکانی دیکەی نێو فەرمانڕەوایەتی ساسانیدا خۆش و بەهێز بوو. وەرگرتنی وشە بە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕەوا پێوانە کراوە. لە لایەکی دیکەوە دەزانین کە دراوسێیەتی و پێکەوە ژیان لە نێوان کلدانی و میدی، دواتر لە نێوان نەوەکانی ئەو دوو نەتەوەیەدا بەردەوام بووە. بەوهۆیەوە ئاڵوگۆڕی وشە لە نێوانیاندا کارێکی ئاسایی بووە. دەوڵەتی کلدانی لە بابل (دەورەی دووەمی دەستەڵاتی بابلیەکان) هاوزەمانی دەوڵەتی میدیا بووە، پێوەندی نێوانیان زۆر بەهێز بووە، تەنانەت نەبوخزنەسری پاشای بابل هاوسەرگیری لەگەڵ کچی سیاکساریس/ سیاخارس (Cyaxares)ی پاشای میدی کردووە. هەروەها لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زمانی ئارامی هاوشانی زمانی میدی، زمانی فەرمی دەوڵەتی هەخامەنشی بووە.

ئەگەر هەندێک وشەی بیانی لەنێو ئەو دەقانەدا وەربگرین، کە لەسەردەمی عەباسییەکاندا جارێکی دیکە بە ئابێی ساسانی نووسراونەتەوە، دەبینین کە هەندێکیان بە هەڵە لێکدراونەتەوە و هەندێکی دیکەش واتاکانیان بە نادیاری ماوەتەوە.



ئەم وشەیە لە دوو پیتی (ل، ک) پێکهاتووە، دەتوانین بە لەکە (لَكَ) بیخوێنینەوە، کە واتای **بۆ تۆ**

دەدات، بەڵام ئەوان بە **تۆ** دەیخوێننەوە، ئەمەش هەڵەیە و واتاکەی دەشێوێ.



ئەم وشەیە لە چوار پیتی (ل، ک، و، م) پێکهاتووە، بە **لَکُم** (لەکوم) دەخوێنرێتەوە، کە واتای **بۆ ئێوە** دەدات کەچی ئەوان بە **شما** (ئێوە) وێنایان کردووە. دیسانەوە واتاکەی لەنگ دێتەوە.



ئەم وشەیە لە چوار پیتی (ح، و، ل، م) پێکهاتووە، بە **حولم** دەخوێنرێتەوە و واتای خەون دەدات، کەچی ئەوان بە **خواب** دایانناوە کە واتای نوستن دەدا. هەڵبەت (حلم و نایم/ نوم)ی عەرەبی لەیەکدی جیاوازن.



ئەم وشەیە لە پیتەکانی (ی، و، م، ک) پێکهاتووە و بە **یَومَک** (یەومەک) دەخوێنرێتەوە و واتای **ڕۆژی تۆ** دەدات، کەچی ئەوان بە ڕۆژێک (**روزه**) وێنایان کردووە. هەندێک پێیانوایە کە 'ک' وەک پاشگر خراوەتە پاڵ وشە بیانییەکە، بۆیە بە ڕۆژێک تەرجەمە دەکرێ.



ئەم وشەیە لە سێ پیتی (م، ی، هـ) پێکهاتووە و بە میاهـ (میاه) دەخوێنرێتەوە کە کۆی ئاوە، کەچی ئەوان بە ئاب (آب) و ڕووبار (رود)

ویّنایـان کـردووە. ڕاسـتییەکەی (مـاء) لەگەڵ ئـاو (ئـاب) هاوواتایە، نەک لەگەڵ میاهـ.

ویـّـڕای ئەوانەشـــەوە بەشـــێک لەو نووســـراوانەی کە تۆمـــار کـــراونەتەوە، دەســـتکاری کـــراون، میرزاکـــان بە ئـــارەزووی خۆیـانەوە کەم و زیادیـان کـردوون و وشـەکانیان گۆڕیـوە، لەو بـــارەیەوە **نولــدکە** دەنووســـێ:[44] (ئاشـــکرایە کە خوداینـــامە بەهـــۆی گەمژەیـــی دانە(نوســـخە) نووســـەکان و ڕاســـتکردنەوەی دڵخـــوازانەی خۆیـــان، زۆر کێماســـی تێـــدایە و نـــاتەواوە. هەروەهـــا بەدی و دژواری خەتـــی پەهلەویـــیش بە داخســـتن و وێنـــاکردنی ئەوان هاوکـــاری کـــردوون، بەو هـــۆیەوە بە گـــوتەی حەمـــزە ئەســـفەهانی، بەهرامـــی مـــوئەبەد بـــۆ ســـاغکردنەوەی ئەو پەڕتـــووکە ناچـــار بـــووە ســـوود لە بیســـت و یەک دانەی جیـــاواز وەربگـــرێ.) ئیـــدی بەو هـــۆیەوە هەڵە و کێماســـی زۆر لەنێـــو ئەو دەستنووسانەدا بەرچاو دەکەون.

لێـرەدا ئەم چەنـد دێـڕە لە 'هەنـدەرچی دانایـان بـۆ بەهـدینان'[45] وەردەگرین و بەراوردی دەکەین:

شاتیهی پۆ ڕەببمە مەهـ یەهبەهونیت وە مەهـ نێچیت گێتیان
چەند مەرتومان دیت هوهێم کەبەد (هەفوکن) یێن جیهان
چەنـــد خوتایـــان دیـــت هـــوهێم مەس سەرداریهـــ یـــێن مەرتومان
ئورمشـــان مەس وێـــش مێنیتـــار بـــووە یەشـــتونت ئەوهەد یـــێن گیهان

---

44 - محمد جواد مشکور، خداینامە، بررسیهای تاریخی شمار ٦ سال هشتم، ص ١٤
45 - ابراهیم میرزای ناظر، خود آموز زبان پهلوی، تهران ١٣٧٩، ص ٩٠.

ئورمشان هەچراس وەزلۆت ئوهەد
ڕوتمەن دەرت بووە یەشتۆت ئەوهەد ئەسامان
کوا هەن چەسون ئومەن دیت مەهـ ڕای
هەمەت وەستار یێن جیهان
ئەهسۆیت سەتیی پۆ سپنچ
وە لا تەنو پۆ ئەسان



ئەم وشانە هوزواریشن:
رەبیما: بەڵکو، لەوانەیە
یەهبەهون: دەبەخشێ
مەهـ یەهبەهون= نابەخشێ
لا : نە ( مـــن پێمـــوایە ئەم لا-یە عەرەبـــی نیـــیە، چـــونکە هەتـــا ئێســـتاش لە زاراوەی کردکیـــدا **لا** بە واتـــای بەڵام بەکـــاردێ و هاوتـــای 'لـێ'ی کرمـانجییە. هەروەهـا لا لە زمـانی کـوردی واتـای دوور یان بێ دەدات، ئەوەتا دەگوترێ لاشەڕ، لادین.
یەشتوت: پەرێشان

**خۆ ئەگەر بمانەوێ، خوێنەر بەباشی لێی تێبگات، دەتوانین بەم شێوەیە لە ئاخاوتنی ئێستای کوردی نزیکی بکەینەوە:**

شادی، لەوانەیە نەبەخشێ وە ئێمە ناچیت گێتیان
چەند خەڵکانم دیت کە بەد هەڤۆکن یێن جیهان
چەند خودایانم دیت مەزن، سەردارێن خەڵکان
هەمووشیان مەزن، بیرمەند ڕۆیشتن ، ئەوان، یێن جیهان
هەمووشیان بێ ڕێ مانەوە ڕوتەهی دەرد، پەرێشان بوون، ئەوان بێ سامان
کە چۆن ئەوەمان دیت، نە ڕێ ما هەمی (هەمووی) وەستاو، یێن جیهان
پنج بێسێبەر مایەوە بەڵام تەن (جەستە) بە ئاسان

**فارسییەکەی بەم شێوەی خوارەوە وەرگێڕدراوە.**

| | |
|---|---|
| شادی به دل چه خندید | و چه نازید گیتیان (= مردمِ جهان) |
| چندِ مردمان دیدم | (با)بسیار [آرزو] اندرگیهان |
| چند خدایان دیدم | مِه سرداری بر مردمان |
| ایشان مه بیش رونده | به رفتند اندرگیهان |
| ایشان بی‌راه شدند | با درد به رفتند بی‌سامان |
| هرکه چون این دید چرا | که وستار (= مردد) (است) اندرگیهان |
| که ندارد گیتی به سپنج | و [نه] تن به آسان (= آسایش) |

## بەزۆرەکـــی پەهــــلەوی بە فارســـــی میـــانە نـــاودێر دەکەن!

زمـــانزان و دیرۆکناســـان لەســـەر ئەوە ساغ بـــوونەتەوە کە لە دێرینـــدا لە نێـــو زاگرۆسنشــــین و قەفقاسنشــــینەکاندا هەر ســـێ زمـــانی ئاڤێســـتایی، میـــدی و پارســـی هەبـــوون، ئاڤێســـتایی و میـــدی ئەوەنـــدە لەیەکـــدیییەوە نزیـــک بـــوون کە بە یەک زمـــان پێـــوانە کـــراون، کەچـــی پارســـی کە ئێســـتا فارســـەکان ناویاننـــاوە پارســـی باســـتان جیـــاوازی زۆری لەگەڵ ئاڤێســـتاییدا هەبـــووە. وەک مێژوونووســـان تۆماریـــان کـــردووە کە لە ســـەردەمی فەرمـــانڕەوایەتی میدیەکانـــدا، فارســـەکانی زمـــانی خۆیـــان فەرامـــۆش کـــرد، زمـــانی میـــدییان هەڵبـــژارد و پارســـی باســـتان وەجـــاغ کـــوێر کـــرا. بە گریمـــانی زۆرەوە هەنـــدێک وشـــەی پارســـی باســـتان خـــزاوەتە نێـــو زمـــانی میـــدییەوە. لەو ســـۆنگەیەوە، زۆر هەڵە و نـــاڕەوایە ئەگەر پەهـــــلەوی ئەشـــــکانی و پەهـــــلەوی ساســـــانی کە درێژکـــراوەی زمـــانی میـــدین بە فارســـــی میـــانە نـــاودێر بکرێن.

گارنیـــک ئاســـاتۆریان، مێژوونووســـی ئەرمەنـــی بە ڕەگەز ئێرانـــــی کە لە ئەرمەنســـــتاندا دەژی و مەیلێکـــــی یەکجـــار زۆری بە لای فارســـــەکانەوە هەیە، لە بـــواری کوردناســـــیدا پرۆفیســـۆرە و لە زانکـــۆی یەریڤانـــدا وانەبێـــژە، ڕاشـــکاوانە دەڵـــێ: " ئـــێمە لە ئێرانـــی پـــێش ئیســـلامدا دوو نەتەوەی گەورەی مـــاد و فارســـمان هەبـــوو. هەمـــوو ئەو نەتەوانەی

کە ئەمـــــــــــرۆ لەو خـــــــــــاکەدا هەن، لەو دوو نەتەوەیە پەیـــدابوون. ئەو خەڵکـــانەی لە باشـــووری ئێرانـــدا دەژیـــان، بە زمـــانی پارســـی قســـەیان دەکـــرد، بەڵام ئەوانەی لە بـــاکوور و ڕۆژئـــاوای ئێرانـــدا دەژیـــان. بە زمـــانی مـــادی قســـەیان دەکـــرد". ئەم دانپێـــدانانە خـــۆی لەخۆیـــدا پـــێگەی ناولێنـــانی زمـــانی پەهـــلەوی، بە فارســـی میـــانە هەڵـــدەتەکێنێ و پووچی دەکاتەوە.

بەڵـــگەی گرنـــگ و بەرچـــاو لەبەردەســـتدان کە پەهـــلەوی لە پارســـــی جیـــــاواز بـــــووە، ئێســـــتا ئەگەر ئەم دێـــــرە لە بەردنووســـی شـــاپوری یەکەم، لەســـەر دیـــواری کەعـــبەی زەردەشـــــتیان وەربگـــــرین کە تێیـــــدا هـــــاتووە:" لەنێـــــو ئێرانشـــــاردا، لەنێـــــو پـــــارس و پەهـــــلەو و خوزســـــتان و ئاسوریســــــتاندا"[46]، دەردەکەوێ کە شـــــاپوری یەکەمـــــی کـــوڕی ئەردەشـــێری پاپکـــانۆ، 'پـــارس و پەهـــلەو'ی بە دوو نـــاوچەی جیـــاواز تۆمـــار کـــردووە، ئەمەش بەڵگەیەکـــی دیـــکەی جیـــاوازی نێـــوان زمـــانی پارســـی و زمـــانی پەهلەویمان ڕادەست دەکات.

ژاڵە ئامۆزگـــار کە لێکـــۆڵەرێکی لێهـــاتووە، شـــارەزایی زۆری لە زمـــانی پەهلەویـــدا هەیە و یەکـــێکە لەوانەی کە شـــێلگیرانە بـــۆ شـــرۆڤە و لێکـــدانەوەی وشـــە و ڕســـتەکانی زمـــانی پەهـــلەوی تێکۆشـــاوە، ســـەبارەت بە پەهـــلەوی دەڵـــێ:

---

46 -رهام اشه، زبان پارسیگ(پهلوی)، پارسی از: مریم تاخ بخش و بزرگمهر لقمان، چاپ سوم: ۱٤۰۰ خورشیدی، ص ۳٤۵.

"پەهـــــلەوی بەواتـــــای 'پـــــارتی'یە نەک فارســـــی، بەڵام لە دێـــرینەوە نووســـراوەکانی زەردەشـــتیان کە بە ساســـانی نووســـــــراون، لە لایەن عەرەبەکـــــانەوە بە فەهـــــــلەوی ناونراون".

گریمـــــان ئەگەر پێشـــــتر لە ڕووی نەزانیـــــنەوە زمـــــانی پەهـــلەوی بە فارســـی میـــانە نـــاودێر کرابـــێ و دواتـــریش ســـەرجەم نووســـەرانی فارســـیزمان، بێـــپەروا جەختیـــان لەســـــەر ئەوە کـــــردبێتەوە و بەزۆرەکـــــی دەســـــتەواژەی پەهلەوییـــان بە فارســـی میـــانە ناســـاندبێ، بەڵام ئێســـتا کە پەردە لەڕوو هەڵمـــاڵراوە، زۆر بەڕوونـــی جیـــاوازی نێـــوان زمـانی پەهـلەوی و فارسـی ئاشـکرا بـووە، ئیـدی هەنـدێک بە مەبەســـت دەســـتەواژەی فارســـی میـــانە بەکـــاردەهێنن، هەنـــدێکی دیـــکەش لە نووســـەرانی فارســـزمان دێـــن و بیـــردۆزی ســـەیر دەهـــۆننەوە، دەنووســـن کە گـــوایە وشـــەی پەهـــلەوی واتـــاکەی لێکـــنەدراوەتەوە و لەوانەیە مەبەســـت زمـــانی پارســـی یـــان فارســـی باســـتان بـــووبێ!! تەنـــانەت کەســـێکی وەک عەلـــی ئەشـــرف ســـادقي (علـــي اشـــرف صـــادقي) کە پێشـــتر خـــۆی ڕاشـــکاوانە نووســـیبووی: (دێرینەتیـرن قۆنـاغی زمـانی وێژەیـی فارسـی لە سـەدەکانی سـێیەم و چـوارەمی کۆچیـدا دەسـت پێـدەکات، چـونکە لە ســـەردەمی ساســـانیەکاندا پەهـــلەوی زمـــانی فەرمـــی و نووسـین بـووە، هەنـدێک جیـاوازی سـەرەکی لەگەڵ زمـانی فارسـیدا هەیە، بە شـێوەیەک کە نـاتوانرێ زمـانی فارسـی

بەدرێژەپێدەر و گۆڕدراوی پەهلەوی بزاندرێ،[47] کەچی سی و دوو ساڵ دواتر، لە وتارێکدا، لەژێر ناوی (یک معنـي ناشناختة كلمة «پهلوي» در زبان فارسي)[48] سەدان شێر و ڕێوی هێناوەتەوە و پاشان نووسیویەتی (بنابراين عنوان پهلوي در مورد اين دو كتاب نيز به معني «فهلوي» يعني گويشهاي غرب ايران (بەجز كردي) است)، واتە پەهلەوی بە مانای زاراوەکانی ڕۆژئاوای ئێران (جگە لە کوردی)یە. لەسەر ئەو بۆچوونەش هەندێ نموونەی هێناوەتەوە و هەندێ وشەی ڕەتکردۆتەوە و پێیوایە کە پەهلەوی نین!! ئەو نووسەرە، چونکە زمانی کوردی نەزانیوە، ئیدی بە چوار پەل تێکەوتووە. بەهۆی ئەوەی خۆی واتای وشەکانی [بیور، کاص، دیر، هیزک، تیراست، گرگر، ویوک، گوری] نەزانیوە، کە لە هەندێک هۆنراوە و پەڕتووکی دێریندا هاتوون، ئیدی پێیوایە کە ئەم وشانە پەهلەوی نین و دەستکاری کراون. لەم پێوەندەدا کەسێک نییە بەرۆکی بگرێ و پێیبلێ کە هەتا ئێستاش ئەم وشانە لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا جیاوازن و درێژە بە کاروان دەدەن. دەبێ بزانین کە {بەیوەر وشەیەکی ئاڤێستایی و پەهلەویی ئەشکانییە، واتای دەهەزار دەدات، هەتا ئێستا

---

[47] - علی‌اشرف صادقی، تکوین زبان فارسی، ص پنج، ناشر: دانشگاه آزاد ایران، ١٣٥٧ خورشیدی.

[48] - علی اشرف صادقی، یک معنی ناشناخته کلمه «پهلوی» در زبان فارسی، ویژه نامه نامه فرهنگستان (فرهنگ نویسی) بهمن 1389 شماره 3.

لەنێــو زاراوەی کردکی(زازاکــی)دا وەک بیــوەر مــاوەتەوە، هەروەهــا ڤــیڤەک واتــای بــووک و تیراســت واتــای ســێ ســەت دەدات و هەردووکیــان لە زاراوەی کردکیــدا وەکــوو خۆیــان مــاونەتەوە. کاص/کــاس، کــاض/ کــاز، هیــزک/ هیزەک(هیــزە)، دیــر/ دێــر (پەرســتگەی مەســیحیان) گرەگــر واتــای گەورە گەورە، و گــۆری واتــای قوربــانی دەدات و لەنێو زاراوەی بادینیدا ماونەتەوە}.

ئەم نووســەرە و هاوشــێوەکانیان پشــتیان لە بیــروڕای ڕۆژهەڵاتنــاس و ئێرانیناســانە ناودارەکــانی وەک دیــاکۆنۆف، مینۆرســکی، دارمەســتێتەر، لودویــک ویتگێنشــتاین و ئەوانــی دیــکە کــردووە کە ڕاشــکاوانە جەختیــان کــردۆتەوە کە زمــانی کــوردی لە بنەمــاڵەی زمانەکــانی بــاکوور و ڕۆژئــاوای ئێرانــزەمینە. هەر ئەو ڕۆژهەڵاتنــاس و زمانناســانەش جەختیــان لەوە کــردۆتەوە کە زمــانی کــوردی درێژکــراوەی زمــانی مــاد (میــدی)یەکانە، هەروەهــا زمــانی میــدیش دایکــی زمــانی پەهــلەوی ئەشــکانی و ساســانییە. واتە ئەو زمانناســاس و ڕۆژهەڵاتناســانە پێــداگری دەکەن و زمــانی کــوردی وەک درێژەپێــدەری پەهلەوی و میدی و ئاڤێستایی پەسند دەکەن.

ئێســتا بە شــێوازێکی دیــکە دژایەتــی زمــانی کــوردی دەکــرێ، ئەوەتــا بــۆ لاســەنگ کردنــی بەهــا و دابەزانــدنی نرخــی زمــانی کــوردی، هەنــدێک نووســەر ڕاســپێردراون تــا هەنــدێک زاراوە لە زمــانی کــوردی بقــرتێنن. مخــابن

ماوەیەکە بە دنەدان و هاندانی سەردەستانەوە، بەشێک لە نووسەران و بەناو مێژوونووسانی ناوچەکە، دەیانەوێ لور، لەک، زازا و هۆرامی لە کورد هاوێر بکەن، ئامانجیشیان ئەوەیە پێگەی زمان و نەتەوەی کورد بە لاوازی پیشان بدەن.

## واتاکانی پەهلەو و زمانی پەهلەوی

هەر چۆن فارسەکان بە ئەنقەست یان لە بێئاگاییەوە زمانی پەهلەوییان بە فارسی میانە ناودێر کردووە، ئێستاش خەریکە هەندێک مامۆستا و زمانزانی کوردیش هەمان هەڵە دووپات بکەنەوە. ئەوەتا بەبێ لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە دەنووسن کە زمانی پەهلەوی هەر هەمان زاراوەی فەیلیی بووە!! ئەمە لە کاتێکدایە کە بنزاراوەی فەیلی تێکەڵاوەیەکی نێوان زاراوەکانی لەکی و لوڕییە.

لە بەردنووسەکانی هەخامەنشیدا ناوی پارێزگای **پەرثەوە** (پەهلەو، پەهلە، فەهلە)[49] تۆمار کراوە و مەبەست خۆراسانی ئێستا و بەشێک لە خاکی ئێستای بەناو تورکمەنستان بووە. هەروەها لە مێژوودا تۆمار کراوە، ئەرشەکی ئەشکانی کە لە هۆزی پەرنی بوو، لە ساڵی ٣٤٧ پ.ز. دژ بە سلوکیەکان ڕاپەڕیوە و سەرەنجام ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی بنیاتناوە. 'پەهلی شاهیسدان' ناوی ئەو شارە بووە کە ئەرشەکی ئەشکانی دەستەڵاتی تێدا وەرگرتووە[50]. ئیدی لەوە بە دواوە ناوی پارت و پەهلەوی بە فراوانی لە مێژوودا تۆمار کراون. هەروەها زمانی ئەشکانیان بە پەهلەوی و پەهلەوانی ناوی هاتووە. لە نووسینەکانی پێغەمبەر 'مانی'دا ئەو زمانە بە پەهلەوانیک تۆمار کراوە. گەلێک ئاسەواری گرنگی زمانی پەهلەوی ئەشکانی بە ئابێی پەهلەوانیک و بە ئابێی مانی

---

49 - حسن رضا باغ بیدی، دستور زبان پارتی (پهلوی اشکانی)، فرهنگستان زبان و ادب فارسی، تهران ١٣٨١، ص ١١.

50 - ابراهیم میرزای ناظر، خود آموز زبان پهلوی، تهران ١٣٧٩، ص ١٣.

ماونەتەوە. دەکرێ ئەو تۆمارانەش بەم شێوەیە پۆلێن بژمێردرێن:

1 - دۆزراوەکانی نسا: ئەو گۆزە و کوپپە و تاسوولقانەی لە شوێنەواری کەلاوەکانی شاری نسا (نەسا) دۆزراونەتەوە و ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار گۆزە و کوپپەی سوورکراوە و تاسوولقە دەبن و تەمەنیان بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە،



بە ئابێی پەهلەوانیک، ناوی کەسەکانیان لەسەر تۆمار کراوە.

2- چەرمە نووسراوی هۆرامان: سێ پارچە پێست (چەرم) لە هۆرامان دۆززراونەوە کە تەمەنیان بۆ



ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی زایینی دەگەڕێتەوە، وەک تۆماری فرۆشتنی دوو ڕەز لێکدەدرێتەوە، لەسەر دوانیان بە ئابێی یۆنانی و لەسەر دانەیەکیشیان بە ئابێی پەهلەوانیک نووسراوە.

3- مۆڕ و خشڵ و دراوەکان: ژمارەیەک دراو، مۆر و خشڵ لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا دۆزراونەتەوە کە بە ئابێی پەهلەوانێک لەسەریان نووسراوە.

4- کوتە بەردنووسەکان: هەندێک کوتە بەردنووس لە سەرپێلی زەهاو، خونەگ ئەژدەری نەورۆزی لە

خوزستان، ئارمازی وڵاتی ئەرمەنستان، لاخ مەزاری شاری بیرجەند، کال چەنگالی پارێزگای خۆراسان و هەندێک کوتە بەردنووسینی هاوشێوە لە پاکستان دۆزراونەتەوە و بە ئابێی پەهلەوانیک لەسەریان هەڵکەندراوە.

5 - پەیکەری هەرکۆل: بەردنووسی بەلاشی چوارەم (١٤٧-١٩٠ ز) ئەم بەردنووسە لە بێستوونی پارێزگای کرمانشادایە، کە بە ئابێی یۆنانی و ئابێی پەهلەوانێک لەسەری هەڵکەندراوە.



6 - نیوپەیکەر: لە بەردێکدا نیوەجەستەی بەلاشی چوارەم هەڵکۆڵدراوە، کورتەیەک سەبارەت بە بەلاشی چوارەم نووسراوە.

7 - بەردنووسی حاجی ئاباد: لەم بەردنووسەدا باسی تیرەندازی شاپوری یەکەم کراوە.

8- تەنگەی بوراقی فارس: لەم بەردنووسەشدا وەکوو ئەوەی حاجی ئاباد باس لە تیرەندازی شاپوری یەکەم کراوە.

9- کەعبەی زەردەشت: لە سەر دیواری کەعبەی زەردەشت، لە نەخشی ڕۆستەمدا، شاپوری یەکەم سەرەتا خۆی دەناسێنێ، دواتر باسی سێ لەشکری دژ بە یۆنانیان دەکات.

10- بەردنووسی مەزاری خواسەگ؛ ئەم بەردنووسە بە فەرمانی ئەردەوانی چوارەم بۆ خواسەگ، شارەوانی باژێڕی شوش تۆمار کراوە؛ زەمانی نووسینی بۆ ساڵی ٤٦٢ی ئەشکانی دەگەڕێتەوە.

11- بەردنووسی بیشاپور: ئەم بەردنووسە لە



ساڵی ٢٢٦ زایینی هەڵکۆڵدراوە.

12- یادگاریەکـــــانی شـــــاری ئۆرائۆروپـــــوس (دورائوروپـوس): ئەو یادگاریـانە بـۆ سـەدەی سـێیەمی زاییـنـــی دەگەڕێـــنەوە، کاتێـــک کە شـــارەکە لە لایەن



ساســانییەکانەوە دەســتی بەســەردا گیــراوە. لە نێــو ئەو یادگاریـانەدا نووسـینی سـەر گلـی سـوورکراوە و نـامەی سـەر پێسـت بەرچـاو دەکەون. ئەو شـوێنە لە سـنووری ئێستای ولاتی سوریادا هەڵکەوتووە.

ڕاســتییەکەی شــاری دورائوروپــوس یــان ئورائــورووپس لە ژێــر دەســتی ئەشــکانی و ساســانییەکاندا بــووە، بەڵام وەک شــارێکی ســـنووری نێـــوان ئەو فەرمانڕەوایـــانە لەگەڵ یۆنانیەکانـدا پێگە دیاری هەبـووە. لەسـەر دیـواری کلیسـەی ئەو شـــارەدا نووســـینی پەهـــلەوی بەرچـــاو دەکەوێ سـەبارەت بە نێـردەی شـاپوری یەکەمـی پاشـای ساسـانی کە سەردانی کلیسەکەیان کردووە.[51]

---

[51] - تورج دریایی، شاهنشاهی ساسانی، برگردان مرتضی ثاقبفر، نشر ققنوس، چاپ یکم،١٣٨٣. شابک ٨-٤٣٦-٣١١-٩٦٤، ص ٤٠.

13- نەخشی ڕەجەب: نەخشی ڕەجەب لە نزیک مەرڤدەشت (مرودشت)، لە سێ کیلۆمەتری باکووری تەختی جەمشید هەڵکەوتووە. لەم نەخشەدا نیگاری شاپوری یەکەم و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی



هەڵکۆڵدراوە و کورتە نووسینێک سەبارەت بە شاپور تۆمار کراوە.

14- بەردنووسی پایکوڵ: ئەم بەردنووسە بە



فەرمانی 'نەرسێ' حەوتەمین پاشای ساسانی، بەبۆنەی سەرکەوتنی خۆی بەرسەر

بەهرامی سێیەمدا ئەنجام دراوە. ئەم نووسینە باس لە ڕووداوەکان و سەرکەوتنی نەرسیێ دەکات. پایکۆل لە باشووری پارێزگای سلێمانی هەڵکەوتووە.

ئەمانە و چەندین بەردنووسی دیکە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی لە سەردەمی ئەردەشێری پاپکانۆ و پاشاکانی دیکەی ساسانی بە پەهلەوانیک تۆمارکراون.

سەبارەت بە وشەی پەهلەو و زمانی پەهلەوی لێکدانەوەی جۆراوجۆرە هەیە.، دەتوانین بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین:

1 - لە دەستپێکی فەرمانڕوایەتی ئیسلامی، بە زمانی بنەماڵەی پاشاکانی ساسانی هەروەها ئەو سروود و ئاوازانەی کە لە هەرێمەکانی هەمەدان، ئازەربایجان، ماهنەهاوەند، ڕەی و ئەسفەهان هەبوون، دەگوترا فەهلەوی. واتە یەکەمین جار وشەی پەهلەوی بۆ ئەو زمانە دەکار کرا. بەو لێکدانەوەیە بێ ناوچەی پەهلە، ڕاستەوخۆ نیشتمانی میدی دەگەڕێتەوە. بە کوردییەکەی واتە نیشتمانی کوردان، یان سەرزەمینی هەمەدان، لوڕستان، ئازەربایجان و میزۆپۆتامیا.

2 - پەهلەو بە واتای زێدی ئەشکانیەکان، واتە خۆراسان و باکووری ئێستای ئێران، هاتووە و لێکدراوەتەوە.

3 - لەلایەن زمانزانانی فارسی و هۆنەرێکی وەک فیردۆسی، وشەی پەهلەو بە واتای کێو دەکار کراوە و لێکدراوەتەوە.

4 - هەندێک نووسەری دیکە ئێستا پەیدابوون، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیڤی پەهلەو وشەیەکی نەناسراوە، واتە شرۆڤەی ڕاستی بۆ نەکراوە، چونکە لە هەندێک

سەرچاوە وەکوو زمانی ئەشکانیان، لەهەندێکی دیکە وەکو زمانی دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێران و لەهەندێکی دیکەش وەکوو زمانی هەموو خەڵکی ئێرانزەمین ویناکراوە.

5- هەندێک نووسەری کورد بەهۆی لێکچوونی ناوی گوندێک لە پارێزگای ئیلام و نزیکی ناوی بنزاراوەیەک لە پەهلەوی، پێیانوایە کە وشەی پەهلەوی بۆ فەیلی گۆڕاوە و زمانەکەش هەمان ئەو بنزاراوەیەیە کە ئێستا بە فەیلی ناسراوە!!

هەرچەندە شارۆچکەیەک بەناوی 'پەهلە' لە پارێزگای ئیلام و شارێک لە وڵاتی ئەندەنوزیا بەناوی 'پەهلو' هەن، هەروەها لە باکووری کوردستاندا شارێک بەناوی پالو یان پالۆ هەیە، بەڵام ئەم ناوانە وەک بنەچەو سەرچاوەی وشەی پەهلەوی پەسند ناکرێن.

هەڵبەت وشەکانی 'پاڵە، پەهلە و پاهلە' لە نێو زمانی کوردیدا واتای جیاوازیان هەیە. 'پاڵە' واتای ڕەنجدەر یان کرێکار دەدات، بەڵام پەهلە واتای بەر(زگ و سنگ) دەدات. ئەوەتا لە قەولی دایک و بابا لە نێو دینی ئێزدیدا، سەبارەت بە دایک و باوکان دەگوترێ:

یێ دلێ وان دهشته

دلێ تەریقەتێ دهشته

ل ئاخرەتێ نە **پاهلە** (پەهلە) و نە پشتە.

هەروەهـا پـاڵوو یـان (پـاروو) واتـای کەلەکە[52] دەدات. تەنـانەت بەو پەت و گوریســـەی کە لە دواوەی کورتـــان دەبەســـترێ و دەخرێتە بن کلکی ئاژەڵیشەوە، هەر دەگوترێ پاڵوو.

وێـڕای هەمـوو ئەوانەشـەوە دەبـێ بگـوترێ کە وشـەی فەیلـی لە نێوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەمی زاییـنیدا کەوتـۆتە نـاو نـاوانەوە. پێشـــتر و ئێســـتاش ئەوان هەر بە کـــوردیلەکە باســـی خۆیـــان کـــردووە و دەکەن. بـــۆ یەکەمـــین جـــار ڕۆژهەڵاتنـــاس و نووســـەری ئینگلیـــزی جـــۆرج کـــورزۆن ( George Nathaniel Curzon) لە پەڕتـــــــــــووکی " Persia and The persian Guestion " کە سـاڵی ١٨٩٢ لە لەنـدەن چـاپ کـراوە، نـاوی فەیلـی هێنـاوە، هەروەهـا واتـای وشـەی فەیلـی بە شـەڕڤان و تێکۆشـــەر وێنـا کـردووە. ئەو لێکـدانەوەیە لەلایەن فەیلیەکـانەوە ڕەت دەکـــرێتەوە و لەژێـــر پرســـیاردایە. لێکـــدانەوە و شـــرۆڤەی یەکجـار زۆر بـۆ وشـەی فەیلـی کـراوە، هەنـدێک پێیـانوایە کە لە زەمـانی ساسـانییاندا بە سـوارەی فیـل (پیـل سـوار) گـوتراوە پەیلـی. هەنـدێکی دیـکە بـۆ وشـەی فەحلـی دەگێـڕنەوە کە لە زمـــانی دێـــرین بە واتـــای لێـــزان و لێهـــاتوو بەکـــارهێنراوە، هەروەها لە زمانی عەرەبیش واتای کەڵی بەهێز دەدا.

بە گـــوێرەی ئەو شـــرۆڤانەی کە خـــرانە ڕوو، دەگەیـــنە ئەو بـاوەڕەی کە پەهـلەو بە تەنیـا زێـد و نشـینگەی کـوردانی فەیلـی نـاگرێتەوە. تەنـــانەت بـــۆ یەکەمـــین جـــاریش لەلایەن 'مـــانی' پێغەمـبەر و یـارانیەوە زمـانی ئەشـکانی وەک زمـانی پەهلەوانیـک و پەهـــلەوی نـــاودێر کـــراوە. هەرچەنـــدە کە شـــارۆچکەیەک

[52] - شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، لاپەڕە ٦٥.

بەناوی پەهلە لە پارێزگای ئیلامدا هەیە و بە دێهلوران ناسراوە. ڕاستییەکەی دێه لەگەڵ وشەی گوند و دێ هاوواتایە، هەروەها لوران لە (لوڕ+ان) چێکراوە.

هەبوون و لێکچوونی ناوی شارێک، کێوێک، دەشت و هەرێمێک واتای بنەچەی ناوی زمانێک ناگەیەنێ و بەڵگەی ئەوە نییە کە ناوی ئەو نەتەوەیە لەوێوە هاتووە. خۆ ئەگەر پێداگری لەسەر ئەوە بکرێ کە زمانی پەهلەوی لە ناوی گوندی پەهلەی پارێزگای ئیلامەوە هاتووە، ئەوکاتە خەنجەر لە جەستەی خۆمان دەدەین و پێگەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی بچووک دەکەینەوە، چونکە دەیان گوند و شوێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و وڵاتانی دیکەدا بەناوی کورد هەن، بۆ نموونە: شەهری کورد، کوردان، پولی کوردان، کوردانکۆ و ... هتد کوردان ناوی گوندێکی نزیک تارانە، هەروەها شەهری کورد، ناوەندی پارێزگای چوارمەحال و بەختیارییە. لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی ڕستەسازییەوە پەهلەوی لە زاراوەی بادینی نزیکترە تا بنزاراوەی فەیلی، هەروەها دەیان و سەدان وشەی پەهلەوی لەنێو زاراوەی بادینیدا ماونەتەوە، دەتوانین ئاماژە بە جێناوی 'ئەز' بکەین، کە هیچ کاتێک لە بنزاراوەی فەیلیدا لە جیاتی من بەکارنەهاتووە. زۆر بە دەگمەنیش لە بنزاراوەی هەولێری بەکار دێ[53]. هەروەها دەنگی پیتەکانی 'ڤ' و 'ێ' بە زۆری لەنێو زاراوەی بادینیدا ماونەتەوە، کەچی لەنێو زاراوەکانی

---

[53] - لە دەڤەری هەولێرێ، قسەیەکی پێشینان هەیە و زۆر دووپات دەکرێتەوە: (ئەزم لە بانان دەبەزم). هەروەها ئەگەر کەسێکی نزیک، کارێکی نەشیاو بکات، دەگوترێ: (ئەو کردیتی، ئەز تێدا شەرمەزارم). من لە پیرەکانم گوێ لێبووە کە گوتویانە: پێش سەت ساڵ لێرەش بە زۆری وشەی ئەزو ئەزمن بەکار دەهات، دواتر بۆ ئەمن کورتکرایەوە.

دیکە دەگمەنن. ئەمە وێڕای ئەوەی کە پیتیەکانی 'هـ' و 'ۆ' ی کۆتایی وشەکان بە زۆری لە زاراوەی بادینی، کرمانجی و کردکیدا خۆیان ڕاگرتووە و نەگۆڕدراون.

هەندێک وشەی پەهلەوی بەنموونە دەهێنینەوە کە تەنیا لە زاراوەی بادینیدا جێگیرن کە کتومت وەک خۆیان یان بە گۆڕانێکی بچووک لە پەهلەویدا ماونەتەوە.

ئێک= یەک، ئێڤارەک= ئێوارە، ئۆردەک= وەردەک، پس= پس(کوڕ)، ئێزگ= ئێزگ، پەتران= بەتران، پەرچین= پەرچین، خوەدی= خوەدی، خوەش= خوەش، دەم= دەم(وەخت)، دەهـ= دەهـ(١٠)، سپێتەک= سپێدە، شۆن= شۆن (شوێن)، کو= کو(کە)، کێم= کێم(کەم)، گر= گر (گرد)، مرۆت= مرۆ (مرۆڤ)، مێرەک= مێرک، نەهـ= نەهـ(٩)، هنار= هنار(هەنار)، نمێچ= نمێژ(نوێژ)، هەستەک= هەستی (ئێسک، ئێسقان).

لە دوایین برگەدا بۆ سەر ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەمان بەراورد لەنێوان چەند وشەیەکی زمانەکانی ئاڤێستایی، پەهلەوی و زاراوەی بادینی(کوردی)دا دەکەین. لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە ئاکامێکی باشتر بێتە دەست و ئەو سازگارییە بەباشی خۆیا ببێ.

| ئاڤێستایی | پەهلەوی | کوردی/ بادینی |
| --- | --- | --- |
| ئەزێم | ئەز | ئەز |
| ئەزمەن | ئەسمەن | ئەزمەن، ئەزمان |
| پوثرە | پوس | پس |
| ئەورە | ئەور | ئەور، عەور |

| | | |
|---|---|---|
| ئیسمه | ئێسم، ئێزم | ئێزم، ئێزنگ |
| موره | مور | مور، موری |
| کێر | کارت، کێرد | کێر |
| زەر | زەرت، زەر | زەر |
| دێت | دیت | دیت |
| سپیتا، سپیته | سپێتەک | سپێدە |
| فرەڤ | فرەخڤ | فرە، فرەهـ |
| پەریس | پورس | پرس |
| مەس،مەسەن | مەس، مەسن | مەسن، مەزن |
| زەئۆیە | زاهیک | زۆیە |
| زوره | زۆر | زۆری |
| | ئانیتان | ئینان |
| دڤه | دۆ | دۆ |
| نوو | نوون | نوها، نها |
| سەته | سەت | سەت/ صەت(١٠٠) |
| ستاور | ستوورگ | ستوور |
| پەسەن | پەرستیشن | پەسن |
| بەئوختەر | کۆخشیتار | خەباتکار |
| مەغە | مەغاک | مەغار، غار |
| مەزگە | مەزگ | مەژی |
| ڤەریسـه، وەریسه | وەرسـەن، ڕەسەن | وەریس |
| سۆچەنت | سۆختن | سۆتن |
| سوپته | سوپت، سوفت | پەیت |

## ئاکام:

1- زمانی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) درێژەپێدەری زمانی ماد (میدی)یە. بە دانپێدانانی ڕۆژهەڵاتناس و زمانناسان، زمانی پارسی لە زمانی میدی جیاواز بووە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میدەکاندا، پارسەکان پشتیان لە زمانی خۆیان کردوە و زمانی میدییان سەرپشک کردوە، هەرچی زمانی کوردیە ڕاستەوخۆ درێژە پێدەری زمانی پەهلەوی و میدی (ئاڤێستایی)یە.

2- زمانی ئەو بەردنووسانەی لە زەمانی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانی و ساسانی هەڵکۆڵدراون، پاک و بێگەردین، بەڵام ئەوانەی لە سەردەمی عەباسییەکاندا جارێکی دیکە تۆمار کراونەتەوە، کێماسی و گرفتیان لەگەڵدایە، بە گریمانی زۆرەوە میرزاکان (ئەوانەی تۆماریان کردۆتەوە) بۆ خۆ خۆشەویستکردن لەلای عەرەبی فەرمانڕەوا، پەیڤی ئارامی، سریانی و عەرەبیان تێکەڵاو کردووە، بەوهۆیەوە کێشەیەکی گەورەیان لەدوای خۆیاندا بەجێهێشتووە.

3- لە هەنگاوی یەکەمدا. بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا و لە هەنگاوی دووەمیش بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، دواتریش بەهۆی داگیرکاری و لەیەکدی هاوێربوونی ئەوانەی بە زمانی میدی و پەهلەوی قسەیان دەکرد، چەندین زمانی هاوڕیشە پەیدابوون، کە ئێستا بە کوردی، بەلوچی، تاتی،

تالشـــی، مـــازنی، گێڵەکـــی، فارســـی دەری ، ئاســـی و پەشتۆیی ناسراون.

4- زمـــانی کـــوردی بە هـــۆی ئەوەی لەگەڵ پەهـــلەوی ســـازگارە، ئیـــدی لە زمانەکـــانی دیـــکە، نزیکتـــر و لە پێشترە.

5- ناونـــانی پەهـــلەوی ئەشـــکانی و پەهـــلەوی ساســـانی بە فارســـی میـــانە، هەم هەڵەیەکـــی گەورەی مێـــژووییە، هەمـــیش ســـتەمێکە و لە نەتەوەی کـــورد و پسـامەکانی کراوە.

6- وشـــەی پەهـــلەوی هاوواتـــای پەیڤـی فەیلـی نیـیە و زمـانی پەهلەویـــش هەمـــان ئەو بنـــزاوەیە نیـــیە کە پاشـــاکانی ساســـانی قســـەیان پێکـــردووە کە زمـــانی فەرمـــی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بووە.

## سەرچاوەکان

1 - ابراهيم ميرزاى ناظر، خود آموز زبان پهلوى، انتشارات هيرمند، تهران ، ١٣٧٨.

2 - ابن بلخى، احوال شبانكاره و كرد فارس، طبع اروپا.

3 - احسان بهرامى، فرهنگ واژەهاى اوستا،نشر بلخ ١٣٦٩.

4 - افضل مقيمى، بررسى گويش گورگانى، چاپ اول، تهران ١٣٨٥ خورشيدى.

5 - آنتوان گيلن، مقدمه رسالهء زبان پارتى، ترجمه: مهدى باقى و مهدى ضرغاميان، چاپ دوم، تهران ١٣٩١ خورشيدى.

6 - پروتوز اكتور شروو، آشنايى به زبان اوستايى نو، برگردان: على رضا طبرستانى.

7 - حسن رضائى باغ بيدى، دستور زبان پارتى(پهلوى اشكانى)، تهران ١٣٨١ خورشيدى.

8 - حمزة بن الحسن الأصفهاني، التنبيه على حدوث التصحيف، الناشر: دار صادر - بيروت 1992.

9 - دكتر بهرام فرەوشى، فرهنگ فارسى به پهلوى، چاپ سوم، تهران ١٣٨١خورشيدى.

10 - دكتر حميد طاهرى، پژوهشى در پيوند تاتى و كردى، https://elmnet.ir

11 - دكتر يدالله منصورى، فرهنگ ريشەشناختى افعال فارسى ميانه (زبان پهلوى)، تهران، آواى خاور ١٣٩٤ خورشيدى.

12 - دياكنوف، تاريخ ماد، ترجمه كريم كشاورز، انتشارات پيام، تهران ١٣٧٠خورشيدى.

13- راستواگویا، دستور زبان فارسی میانه، مترجم: دکتر ولی الله شادان، تهران ۱۳۷۹ خورشیدی.
14- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ص ۱٦٦،انتشارات امیرکبیر، سال چاپ: 1363 خورشیدی.
15- رضا آقازاده، بررسی دستگاه آوایی زبان پارسی میانه، انتشارات ملرد کرج، چاپ اول ۱۳۹۸ خورشیدی.
16- رهام اشه، زبان پارسیگ(پهلوی)، پارسی از: مریم تاخ بخش و بزرگمهر لقمان، چاپ سوم: ۱٤۰۰ خورشیدی.
17- رولاند. گ. کنت، فارسی باستان، دستور زبان، متون، واژەنامه، ترجمه و تعقیق: سعید عریان، چاپ دوم ۱۳۹۵ خورشیدی، چاپ رامین.
18- ڕێکار ئەحمەد، پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا، چاپخانەی کارۆ، ۲۰۲۱ زایینی.
19- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، انتشارات معین، تهران ۱۳۸۲ خورشیدی.
20- ژاله آموزگار، زبان پهلوی، ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۲ خورشیدی.
21- عبدالعلی کارنگ، تاتی و هرزنی، چاپخانه شفق، تیرماه ۱۳۳۳ خورشیدی.
22- علی عبدلی، تالشان کیستند؟، چاپ اول ۱۳۹۱ خورشیدی، ناشر، نشر جامعەنگر.
23- فریدون جنیدی، گفتار درباره بلوچ و بلوچستان. بنیاد نیشابور.

24- فریدون جنیدی، نامه پهلوانی، چاپ نخست ۱۳٦٥، تهران.

25- گارنیک آساطوریان، کردها و خواستگاه آنها، تهران، ۱۳۹۷ خورشیدی.

26- ماهیار نوابی، اندرز اذربد مارسپندان، متن پهلوی با ترجمه فارسی، از نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال یازدهم، شماره ٥۲، زمستان ۱۳۳۸ خورشیدی.

27- مصطفی کیوان، پیوستگی زبان کردی با زبان های فارسی: پهلوی و اوستایی، منبع : یغما سال نوزدهم مرداد 1345 شماره 4 (پیاپی 217)

28- هنریک ساموئیل نیبرگ، دستورنامه پهلوی، جلد اول، چاپ اول ۱۳۸۱، چاپ دیبا، تهران.

29- هنریک ساموئیل نیبرگ، دستورنامه پهلوی، جلد دوم، چاپ اول ۱۳۸۱، چاپ دیبا، تهران.

30- ولادیمیرفئودوروویچ مینورسکی، کردها نوادگان مادها، مترجم: جلال جلالیزاده، ناشر: ژیار، سال چاپ: 1382 خورشیدی.

31- Thomas, Edward, Early Sassanian inscriptions, seals and coins, Publication, London: Trubner & co., 60, Paternoster Row, 1868.

32- KEIGOU NODA, ERGATIVITY IN MIDDLE PERSIAN, Gengo Kenkyu 84,105～125.

# Zimanî Pehlewî le terazûy berawirdkarîda

Nûsînî:
Rêkar Eh`med

Siwêd 2021